تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
کەبات
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5882) پێنج شەممە 1ی کانوونی یەکەم 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

پەیامی سەرۆک بارزانی لەبارەی هێرشی تیرۆریستان بۆ سەر کەرکووک و شارۆچکەی کۆلەجۆ:

پێویستە حکوومەتی هەرێم و بەغدا هەنگاوی خێراتر بنێن بۆ هەماهەنگیی ئەمنی و سەربازی لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان

دوێنێ شەممە 2019/11/30 سەرۆک بارزانی، لە بارەی هێرشەکەی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر شارۆچکەی کۆلەجۆ و تەقینەوەکانی دوێنێی شاری کەرکووک پەیامێکی بڵاوکردەوە. سەرۆک بارزانی لە پەیامەکەیدا رایگەیاندووە "بۆ نەهێشتنی هەڕەشەی تیرۆریستان بۆ سەر دانیشتوانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، پێویستە حکوومەتی هەرێم و بەغدا، هەنگاوی خێراتر بنێن بۆ هەماهەنگیی ئەمنی و سەربازی لەو ناوچانە". **(دەقی پەیامەکە لە ل2 بخوێنەوە)**

ئەمڕۆ شاندێکی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدا دەکات

دوێنێ شەممە، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان رایگەیاند کە بڕیارە ئەمڕۆ یەکشەممە جارێکی دیکە شاندی حکوومەتی هەرێم بچێتەوە بەغدا و لەبارەی ڕێککەوتن لەبارەی وردەکارییە داراییەوە گفتوگۆ لەگەڵ بەرپرسانی حکوومەتی عێراق بکەن. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

پەیامی سەرۆک بارزانی لەبارەی بارودۆخی هەنووکەیی عێراق

لە هەر گۆڕانکارییەکدا پێویستە مافی هەموو پێکهاتەکان ڕەچاو بکرێت

هەر گۆڕانێک دەبێ بەپێی میکانیزمە دەستوورییەکان بێت



دوێنێ شەممە 2019/11/30 سەرۆک بارزانی لەبارەی بارودۆخی هەنووکەیی عێراق پەیامێکی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند "هەر گۆڕانێک دەبێ بەپێی میکانیزمە دەستوورییەکان بێت، هەروەها ئامانج لێی چەسپاندنی ئاساییش و سەقامگیری و بالادەستیی یاسا بێت و داواکارییە ڕەواکانی جەماوەری بەشخوراویش بەدیبهێنێت". ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بە بایەخەوە بەدواداچوون بۆ پەرەسەندنەکانی ئەم دواییە دەکەین و پێشوازی لە هەر هەنگاوێکیش دەکەین کە کاریگەری لەسەر چارەسەرکردنی قەیرانەکە هەبێت و ڕێگە لە ڕووخان و فەوزا یان گەڕانەوە بۆ سەردەمی دیکتاتۆرییەتی شووم بگرێت. لە هەر گۆڕانکارییەکیشدا پێویستە مافی هەموو پێکهاتەکان ڕەچاو بکرێت و، هەر گۆڕانێک دەبێ بەپێی میکانیزمە دەستوورییەکان بێت، هەروەها ئامانج لێی چەسپاندنی ئاساییش و سەقامگیری و بالادەستیی یاسا بێت و داواکارییە ڕەواکانی جەماوەری بەشخوراویش بەدیبهێنێت.

هەر لێرەدا ئیدانەی تۆندوتیژییە بەردەوامەکان و کوشتنی خەڵکی بێگوناح دەکەین و، سەرەخۆشیش لە کەسوکاری شەهیدان دەکەین و هیوای چاکبوونەوەی خێرایش بۆ بریندارانی دەخوازین.

مسعود بارزانی
2019/11/30

سەرۆک کۆماری تورکیا پێشوازی لە سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکات



ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک کۆماری تورکیا لەکۆشکی کۆماری لە ئەنقەرە پێشوازی لە مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرد. لە کۆبوونەوەکەدا، بارودۆخی سیاسی و ئاسایشی ناوچەکە تاوتوێکرا و جەخت لە پێشخستنی پەیوەندییەکانی هەولێر و ئەنقەرەو ڕۆڵی هەرێمی کوردستانی لە سەقامگیری ناوچەکە کرایەوە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

سایتێکی ئەمەریکی داوای لێبوردن لە سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکات

دوای ئەوەی سایتێکی ئەمەریکی، ناوی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی بە بابەتی کرینی دوو ڤێلا لە ئەمەریکا لکاندبوو. سایتەکە بە فەرمی داوای لێبوردنی لە سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرد و بابەتەکەشی لە سایتەکەدا سڕییەوە. سایتی کەنالی (الحرە)ی ئەمەریکی کە لە لایەن کۆنگرێسەوە پشتیوانیی دەکرێت لە ڕوونکردنەوەکەیدا نووسیویەتی "ئێمە لە بەرامبەر ئەو هەڵەیە داوای لێبوردن دەکەین و ڕاپۆرتەکەش لە سایتەکەمان لادەدەین".

داعش هێرشی کردە سەر ناحیەی کۆلەجۆ

دەنگانێکی شەوی شەممە، تیرۆریستانی داعش بە هاوەن و قەناس هێرشیان کردووەتە سەر ناحیەی کۆلەجۆی سەر بە قەزای کفری لە ئیدارەی گەرمیان. بەپێی زانیارییەکان کاتژمێر 10ی شەوی شەممە بۆمبێکی چێنراو بە کاروانێکی ئۆتۆمبێلەکانی بەرێوەبەری ئاسایشی ناحیەی کۆلەجۆ، ڕائید سمکۆ عەلیدا تەقیوەتەوە، دواتر بە قەناس هێرش دەکرێتە سەریان و شەڕێکی قورس لەنێوان کارمەندانی ئاسایشی کۆلەجۆ و تیرۆریستانی داعشدا ڕووەدات. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

بەشیر حەداد: ئەگەر بینیمان دەستدەبەن بۆ کەمکردنەوەی مافەکانی کورد، ئەوا لەوانەیە یەکێک لەو پرسانەی بیخەینە بەرباس بژاردەی کۆنفیدراڵی بێت

مشتومڕی ئەنجامدانی گۆڕانکاریی و هەموارکردنەوەی دەستووری عێراق ماوەیەکە لەنێو گۆڕەپانی سیاسیی، ئەکادیمیی و شەقامی عێراقیدا بووەتە جێگەی باسوخواس، لە بەرامبەردا پێکهاتەکانی عێراق ترسی ئەوەیان هەیە هەندێک لە مافەکانیان لەلایەن پێکهاتەی زۆرینە سیاسییەکانی ولاتەوە پشتگوێ بخرێت. **(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)**

هەتا پێکهێنانی کابینەی نوێ
عادل عەبدولمەهدی و وەزیرەکانی کابینەکەی لە ئەرکەکانیان بەردەوام دەبن

دوای کۆژرانی نزیکەی 400 کەس و بریندارببوونی هەزاران کەس لە بەغدا و پارێزگاکانی باشووری عێراق کۆتایی هەفتەی ڕابردوو د.عادل عەبدولمەهدی بڕیاری دەستلەکارکێشانەوەی ڕاگەیاند و دوێنێش لەسەر داوای خۆی کۆبوونەوەیەکی نائاسایی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق بەڕێوەچوو. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

کەرکووک.. لە سێ تەقینەوەی بەدوای یەکدا 16 کەس بریندارببوون



دوێنێ شەممە 30ی تشرینی دووەم لە شاری کەرکووک لە بازاڕی ئەحمەد ئاغا دوو تەقینەوە و لە ناوچەی دۆمیزیش یەک تەقینەوە بە بۆمب بەدوای یەکدا ڕوویاندا. میدیاکان ئاماژەیان بەوەدا کە بۆمبەکان پێشتر چێندراون و ئەو ناوچانەیان کردووەتە ئامانج کە خەڵکی مەدەنی زۆر ڕوویان تێ دەکەن. لەو تەقینەوانەدا جگەلە زیانە گیانییەکان، زیانی زۆری مادی بەر دوکانی کاسبکاران کەوتووە. تا ئامادەکردنی ئەم هەواڵەش هیچ لایەنێک بەرپرسیارێتی خۆی لە ئەنجامدانی هێرشەکان ڕانەگەیاندووە، بەڵام پێشتر ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش چەندان هێرشی لەو جۆرەی ئەنجام داوە.

پەیامی سەرۆک بارزانی لەبارەی هێرشی تیرۆریستان بۆ سەر کەرکووک و شارۆچکەی کولەجۆ:

پێویستە حکوومەتی هەرێم و بەغدا هەنگاوی خێراتر بنێن بۆ هەماهەنگیی ئەمنی و سەربازی لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم

ڕیشەکێشکردنی تیرۆر پێویستی بە هەماهەنگیی زیاتری نێودەوڵەتی هەیە



دوێنێ شەمە 2019/11/30 سەرۆک بارزانی، لە بارەی هێرشەکەی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر شارۆچکەی کولەجۆ و تەقینەوەکانی دوێنێی شاری کەرکووک پەیامێکی بڵاوکردەوە. سەرۆک بارزانی لە پەیامەکەیدا ڕایگەیاندووە "بۆ نەهێشتنی هەڕەشەی تیرۆریستان بۆ سەر دانیشتوانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، پێویستە حکوومەتی هەرێم و بەغدا، هەنگاوی خێراتر بنێن بۆ هەماهەنگیی ئەمنی و سەربازی لەو ناوچانە". ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

شەوی ڕابردوو، تیرۆریستان هێرشیان کردۆتەوە سەر شارۆچکەی کولەجۆی سەر بە کفری، بەو هۆیەشەوە بەڕێوەبەر و دوو کارمەندی ئاسایشی ئەو شارۆچکەیە شەهیدبوون و چەند کارمەندێکیش بریندار بوون. هەروەها ئەمڕۆ چەند تەقینەوەیەک لە کەرکووک ڕوویان دا و بووە هۆی برینداربوونی چەند هاوواڵاتییەک.

پرسە و سەرەخۆشیی خۆمان ئاراستەی کەسوکاری شەهیدەکان دەکەین و هیوای چاکبوونەوەی خێرایش بۆ بریندارەکان دەخوازین. ئەم پەلامارانە ئامانجیان کە ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش خەریکی خۆڕێکخستنەوەیە و هێشتا هەڕەشەیە بۆسەر ئاسایش و سەقامگیری.

ڕیشەکێشکردنی تیرۆر، پێویستی بە هەماهەنگیی زیاتری نێودەوڵەتی هەیە، هەروەها بۆ نەهێشتنی هەڕەشەی تیرۆریستان بۆ سەر دانیشتوانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، پێویستە حکوومەتی هەرێم و بەغدا، هەنگاوی خێراتر بنێن بۆ هەماهەنگیی ئەمنی و سەربازی لەو ناوچانە.

مسعود بارزانی
2019/11/30

سەرۆک بارزانی پێشوازی لە ئیسماعیل بێشکچی دەکات

دوێنێ شەمە 2019/11/30 سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە دۆستی کورد و کۆمەڵناس و زانای ناوداری تورک، دکتۆر ئیسماعیل بێشکچی و شاندێکی یاوەری کرد کە پێکهاتبوو لە ئەندامانی وەفقی بێشکچی لە هەرێمی کوردستان.

لە دیدارەکەدا سەرۆک بارزانی سوپاسی هەڵوێستی ئیسماعیل بێشکچی کرد لەمەڕ دۆزی ڕەوای گەلی کوردستان و پێزانینی هەبوو بۆ بیروبۆچوون و چالاکییەکانی بۆ پشتیوانیکردنی داواکاری و مافەکانی خەڵکی کوردستان و بە دۆستێکی مەزنی گەلی کوردی وەسفکرد. هەروەها وێڕای پرسیارکردنی لە باری تەندروستی هیوای سەلامەتیی و تەمەندرێژیی بۆ خواست.

لە بەشێکی تری ئەو دیدارەدا ئیسماعیل بێشکچی بیروبۆچوونی خۆی لەبارەی بارودۆخی هەنووکەیی ناوچەکە و هەڕەشە و تەحەددیاتی بەردەم گەلی کوردستان بە سەرۆک بارزانی ڕاگەیاند و داوایشی کرد سەرکردایەتیی سیاسیی کورد بە وردبینییەوە مامەڵە لەگەڵ پێشهاتەکان بکەن.

هەر لەو دیدارەدا شیکردنەوەیەک لەبارەی بەرنامە و کار و چالاکییەکانی وەفقی بێشکچی لە هەرێمی کوردستان بۆ سەرۆک بارزانی خرایەڕوو.

ئەمینداری گشتیی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق دەستیلەکارکێشایەوە

سەرچاوەیەک لە ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق ڕایگەیاند، ئەمینداری گشتیی ئەنجوومەنەکە، حەمید غەزی دەستیلەکارکێشایەوە. دەستلەکارکێشانەوەی حەمید غەزی چەند کاتژمێرێک دوای ئەوە دێت کە سەرۆکوەزیرانی عێراق، عادل عەبدولمەهدی ڕایگەیاند، دەستلەکارکێشانەوە پێشکەشی ئەنجوومەنی نوێنەران دەکات.

سەرچاوەیەک ڕایگەیاند، ئەمینداری گشتیی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق، حەمید غەزی کە سەر بە ڕەوتی سەدرە، دەستی لە پۆستەکەی کێشایەوە و هۆکارەکەی گەڕاندووەتەوە بۆ ڕووداوەکانی هەردوو شاری ناسرییە و نەجەف. حەمید غەزی پێنجەم بەرپرسی حکوومی و ئەمنیی عێراقە کە دەستلەکارکێشانەوە پێشکەش بکات، دوای ئەوەی هەریەک لە پارێزگاری زیقار و جێگرەکەی، فەرماندەی پۆلیسی زیقار و ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگای نەجەف دەستیانلەکارکێشایەوە.

پەیامێک لە سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە



دوێنێ شەمە 2019/11/30 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پەیامێکدا لەسەر هێرشەکەی داعش بۆ سەر شارۆچکەی کولەجۆی سەر بە کفری ڕایگەیاند "پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە هاوکاریکردنی هەرێمی کوردستان و عێراق بەردەوام بێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داعش". ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەداخەوە دوێنێ شەو لە ئەنجامی هێرشی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر شارۆچکەی کولەجۆی سەر بە کفری، بەڕێوەبەر و دوو کارمەندی ئاسایش شەهیدبوون و چەند کارمەندێکیش بریندار بوون.

پرسە و سەرەخۆشی لە کەسوکاری شەهیدەکان دەکەم و هیوادارم خوای مەزن بە بەهەشتیان شاد بکات و هیوای چاکبوونەوەش بۆ بریندارەکان دەخوازم.

ئەم هێرشەی تیرۆریستانی داعش، نیشانی دەدات کە ئەم ڕێکخراوە تیرۆریستییە هێشتا بە تەواوی تێکنەشکێنراوە و، ئێمەش لەمبارەوە چەندین جار هوشداریمان داوە. بۆیە پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە هاوکاریکردنی هەرێمی کوردستان و عێراق بەردەوام بێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داعش و، کارکردن لە پێناو نەهێشتنی ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی سەرهەڵدان و چالاکبوونەوەی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
2019/11/30

داعش هێرشی کردە سەر ناحیەی کولەجۆ

لە هێرشەکەدا 6 کارمەندی ئاسایش و هاووڵاتی بریندارن و دوو ئاسایشیش بەهۆی سەختیی بریندەکەیانەوە شەهید بوون

دەرئەنجامێکی شەوی شەمە، تیرۆریستانی داعش بە هاوەن و قەناس هێرشیان کردووەتە سەر ناحیەی کولەجۆی سەر بە قەزای کفری لە ئیدارەی گەرمیان. بەپێی زانیارییەکان کاتژمێر 10ی شەوی شەمە بۆمبێکی چێنراو بە کاروانێکی ئۆتۆمبێلەکانی تیرۆریستانی داعش بەرکەوت. سەرچاوەکانی ڕووەدات. سەرچاوەکانی کارمەندی ئاسایش و هاووڵاتی ناحیەکە بریندارەکان بە خۆجێیی ڕایانگەیاندووە، تیرۆریستانی داعش هاوکات سێ گوللە هاوەنیان لە دەشتاییەکانی دەوروبەری کولەجۆ، ئاراستەی ناحیەکە کردووە.

بەهۆی هێرشەکەشەوە 6 کەس لە کارمەندانی ئاسایشی ناحیەی کولەجۆ، ڕائید سمکۆ عەلیدا تەقیوەتەوە، دواتر بە قەناس هێرش دەکرێتە سەریان و شەڕێکی قورس لەنێوان کارمەندانی ئاسایشی کولەجۆ و تیرۆریستانی داعشدا بەردەوام دەبێت، تا ئەو کاتەی هێزی هاوبەشی تیرۆریستی داعش بە هاوەن و قەناس هێرشیان کردووەتە سەر ناحیەی کولەجۆی سەر بە قەزای کفری لە ئیدارەی گەرمیان. بەپێی زانیارییەکان کاتژمێر 10ی شەوی شەمە بۆمبێکی چێنراو بە کاروانێکی ئۆتۆمبێلەکانی تیرۆریستانی داعش بەرکەوت. سەرچاوەکانی ڕووەدات. سەرچاوەکانی کارمەندی ئاسایش و هاووڵاتی ناحیەکە بریندارەکان بە خۆجێیی ڕایانگەیاندووە، تیرۆریستانی داعش هاوکات سێ گوللە هاوەنیان لە دەشتاییەکانی دەوروبەری کولەجۆ، ئاراستەی ناحیەکە کردووە.

بەهۆی هێرشەکەشەوە 6 کەس لە کارمەندانی ئاسایشی ناحیەی کولەجۆ، ڕائید سمکۆ عەلیدا تەقیوەتەوە، دواتر بە قەناس هێرش دەکرێتە سەریان و شەڕێکی قورس لەنێوان کارمەندانی ئاسایشی کولەجۆ و تیرۆریستانی داعشدا بەردەوام دەبێت، تا ئەو کاتەی هێزی هاوبەشی تیرۆریستی داعش بە هاوەن و قەناس هێرشیان کردووەتە سەر ناحیەی کولەجۆی سەر بە قەزای کفری لە ئیدارەی گەرمیان. بەپێی زانیارییەکان کاتژمێر 10ی شەوی شەمە بۆمبێکی چێنراو بە کاروانێکی ئۆتۆمبێلەکانی تیرۆریستانی داعش بەرکەوت. سەرچاوەکانی ڕووەدات. سەرچاوەکانی کارمەندی ئاسایش و هاووڵاتی ناحیەکە بریندارەکان بە خۆجێیی ڕایانگەیاندووە، تیرۆریستانی داعش هاوکات سێ گوللە هاوەنیان لە دەشتاییەکانی دەوروبەری کولەجۆ، ئاراستەی ناحیەکە کردووە.

بەهۆی هێرشەکەشەوە 6 کەس لە کارمەندانی ئاسایشی ناحیەی کولەجۆ، ڕائید سمکۆ عەلیدا تەقیوەتەوە، دواتر بە قەناس هێرش دەکرێتە سەریان و شەڕێکی قورس لەنێوان کارمەندانی ئاسایشی کولەجۆ و تیرۆریستانی داعشدا بەردەوام دەبێت، تا ئەو کاتەی هێزی هاوبەشی تیرۆریستی داعش بە هاوەن و قەناس هێرشیان کردووەتە سەر ناحیەی کولەجۆی سەر بە قەزای کفری لە ئیدارەی گەرمیان. بەپێی زانیارییەکان کاتژمێر 10ی شەوی شەمە بۆمبێکی چێنراو بە

تیرۆریستانی داعش بە هاوەن و قەناس هێرشیان کردووەتە سەر ناحیەی کولەجۆی سەر بە قەزای کفری لە ئیدارەی گەرمیان. بەپێی زانیارییەکان کاتژمێر 10ی شەوی شەمە بۆمبێکی چێنراو بە ئۆتۆمبێلێکی کارمەندانی ئاسایشی کولەجۆ دەتەقێتەوە، ڕائید سمکۆ عەلیدا و پێنج کەسی تر لە کارمەندانی ئاسایشی کولەجۆ بریندار دەبن.

دوابەداوی هێرشەکە، هێزەکانی ئاسایش و تیرۆریستیی داعش دەستبەجێ لێدان هاتوونەتە سەر و تیرۆریستان هەڵهاتوون.

داعش کەمینێکیان دانابوو بۆ هێزەکانی ئاسایش و تیرۆریستانیان داوەتەوە و ڕاویان ناون و لەئێستاشدا ڕەوشەکە ئارامە. ناوبراو ئاماژەی بەوەش دا کە لە گوندەکانی چواردەوری ناحیەی کولەجۆ گروپێک تیرۆریستی شاردۆتەوە.

لیوا نەوشیروان حاجی ئەحمەد ئاسایشی گەرمیان ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش لە دەشتاییەکانی بناری زنجیرە چیای حەمرین، خۆیان مۆڵ داوە و جموجۆڵیان دەست پێکردووە و ناوبەناو هێرشی تیرۆریستی دەکەنە سەر ناوچەکانی ناوچەکانی دەوروبەریان.

پەرلەمانتارێکی پارتی:

دەست لەکارکێشانەوەی سەرۆک وەزیران کاریگەریی لەسەر ڕێککەوتنەکەی هەولێر و بەغدا نابێت

حکوومەتی هەرێم لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیران ڕێککەوتنی کردووە، نەک تاکەکەس

دەست لە کارکێشانەوەی سەرۆک وەزیرانی عێراق لێکدانەوەی زۆری بۆ دەکرێت، بە تایبەت کاریگەری لەسەر ڕێککەوتنی هەولێر و بەغدا، پەرلەمانتارێکی پارتی ئاشکرای دەکات ئەو دەست لە کارکێشانەوەیە کاریگەری لەسەر ڕێککەوتنەکە نابێت. محەمەد ئەمین فارس، ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، بە باسنیوزی ڕاگەیاندووە: دەستلەکارکێشانەوەی سەرۆک وەزیرانی عێراق، کاریگەرێکی خراپی لەسەر ڕێککەوتنەکە نابێت و دەتوانرێت لە کاتی حکوومەتی کاربەڕێکەردا ڕێککەوتنەکەش واژۆ بکرێت. گوتیشی: ئەوەی کاریگەری دەبێت لەسەر ڕێککەوتنەکە، گفتوگۆکانی ئەندامانی پەرلەمانە لەکاتی ناردنی پرۆژەکە بۆ پەرلەمان لە کاتی گفتوگۆکان و ماددەکانی پرۆژەکە گۆڕانکارییان تێدا بکرێت و بە دەنگدان یەکلابکرێنەوە. لەمبارەوە ڕێبوار هادی سەرۆکی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی عێراق لەبارەی ئیمزاکردنی ڕێککەوتنەکە ڕایگەیاندووە: ڕێککەوتنەکە واژۆ دەکرێت، چونکە هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیران گفتوگۆی کردووە، نەک لەگەڵ تاکەکەس.

ئەمڕۆ شاندێکی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدا دەکات

ئومێد سەباح: گفتوگۆکان بەردەوام دەبن بە ئومێدی پاراستنی مافە دەستوورییەکانی خەڵکی کوردستان



دوێنێ شەمە، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند کە بڕیارە ئەمڕۆ یەکشەمە جارێکی دیکە شاندی حکوومەتی هەرێم بچێتەوە بەغدا و لەبارەی ڕێککەوتن لەبارەی وردەکارییەکانی دارایی ڕایگەیاند لەگەڵ بەرپرسانی حکوومەتی عێراق بکەن.

ئومێد سەباح، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە کوردستان24ی ڕاگەیاندووە: شاندی حکوومەتی هەرێمی کوردستان جارێکی دیکە سەردانی بەغدا دەکات و گفتوگۆکان بەردەوام دەبن بە ئومێدی پاراستنی مافە دەستوورییەکانی خەڵکی کوردستان. گوتیشی: لە گفتوگۆکانی ڕۆژانی ڕابردوو لەسەر پرسی نەوت گەیشتوونەتە ڕێککەوتن و پابەندبوونی هەرێمی کوردستانمان بەو بابەتە یەکلا کردووەتەوە. ئومێد سەباح ڕاشیگەیاندووە: پێداگری لەسەر موچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان و مافە دەستوورییەکانی پێشمەرگە و مافی هەرێمی کوردستان لە بودجەی بەکارخستن و وەبەرهێنان دەکەین. ئاماژەی بەوەشدا: لەسەر ڕاسپاردەی بەڕێز مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کار لەسەر ئەوەکراوە لەکاتی هاتنی پرۆژەیاسای بودجە بۆ پەرلەمانی عێراق هەماهەنگی زیاترمان دەبێت لەگەڵ فراکسیۆنە کوردستانییەکان بۆ ئەوەی بە هەمووان بەرگری لە مافەکانی خەڵکی کوردستان بکەین.

سەرۆک کۆماری تورکیا پێشوازی لە سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکات

مەسرور بارزانی: کوردستان دەرگای بازرگانییە بۆ عێراق و سەقامگیریی ناوچەکە خزمەت بە هەموان دەکات



رۆژی پێنجشەممە 2019/11/28 ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆک کۆماری تورکیا لەکۆشکی کۆماری لە ئەنقەرە پێشوازی لە مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرد. لە کۆبوونەوەکەدا، بارودۆخی سیاسی و ئاسایشی ناوچەکە تاوتوێکرا و جەخت لە پێشخستنی پەیوەندییەکانی هەولێر و ئەنقەرەو ڕۆڵی هەرێمی کوردستانی لە سەقامگیری ناوچەکە کرایەوە.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان فاکتەری سەقامگیریی ئاسایش و ئارامی دەبێت لە دەڤەرەکە و خواستی هەرێمی کوردستانیشی بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییەکان، بە تایبەت لە بوارەکانی بازرگانی و ئابووری پیشاندا.

گفتوگۆی گرنگی لەسەر ئاستەکانی سیاسی و ئابووری لەگەڵ وەزیری دەرەوەی تورکیا ئەنجامدا.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان جەختی لەسەر گرنگیی بەرقەرارکردنی ئاشتیانەی دەسەلات و پەرنسیپەکانی دیموکراسی کردەوە.

ئەم بڕیارەی عادل عەبدولمەهدی کاردانەوەی جۆراوجۆری بەدوای خۆیدا هێنا و بەشێک لەخۆپیشاندەرانی عێراق ئەم هەنگاوەیان بەسەرەتای جێبەجێکرنی داواکارییەکان زانی و تەئکیدیان دەکردەوە کە ئەوان کێشەیان تەنها عادل عەبدولمەهدی نەبووە و ئەوان کێشەیان لەگەڵ زۆربەی ئەو حزب و کەسایەتییە سیاسییە دەسڕۆیشتووانە هەبوە کە لەدوای ڕژێمی سەدامەوە حوکمڕانی عێراقیان کردووە و دەبێ سەرجەم ئەو گەندەڵانە لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکرێت.

لەلای خۆیەوە موقتەدا سەدر ڕابەری ڕەوتی سەدر و خاوەنی گەورەترین کوتلەی پەرلەمانی لە ئەنجومەنی نوێنەران ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کەپێویستە سەرەک وەزیرانی نوێ بە ڕاپرسی گشتی ئەنجام بدرێت و سندووقەکانی دەنگدانیش ببرێتە گۆڕەپانی تەحریر لە ناوەڕاستی بەغدا و پێویستە سیستەمی پشک پشکێنە لەحوکمڕانی عێراق نەمێنێ .

بەڵام تاریق حەرب شارەزای دەستوور و یاساناس لەبارەی لە کۆبوونەوەیەکیشدا لەگەڵ مەولوود چاوشۆغڵۆ وەزیری دەرەوەی تورکیا ، گفتوگۆ لە بارەی پێشهاتەکانی ناوچەکە و چۆنیەتی بەرەوپێشبردنی پەیوەندییە دووقۆڵییەکان کرا، بە تایبەت بابەتە پەیوەندیدارەکانی بواری بازرگانی و ئابووری.


لە دوای ئەو کۆبوونەوەیە، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و وەزیری دەرەوەی تورکیا کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیی هاوبەشیان ئەنجامدا و باسیان لە وردەکاری کۆبوونەوەکە کرد و وەڵامی ڕۆژنامەنووسانیان دایەوە.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆنفرانسە ڕۆژنامەوانییە هاوبەشەکەدا گفتوگۆکانیاندا لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵی عێراق بەدیهاتووە، بە ئاراستەی چارەسەرکردنی تەواوی کێشەکان.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕاشیگەیاند، بەرەوپێشچوونی باش لە حکومەتی تورکیای لەگەڵ نەتەوەییەککگرتووەکان لە بارەی میواندارێکردنی پەنابەرە سووریییەکان کرد و هیوای خواست خۆویستانە بگەڕێنەوە ناوچەکانیان، نەک بە زۆرەملێ.

لە وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەنووساندا، سەرۆک وەزیران ڕایگەیاند هەرێمی کوردستان پەیوەندیی زۆر گرنگی لەگەڵ تورکیا هەیە و گوتی نابێت خاکی هەرێمی کوردستان لەلایەن هیچ گرووپێکەوە بۆ هێرشکردنە سەر وڵاتانی دراوسێ بەکاربهێندرێت.

مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ڕۆژی پێنجشەممە 28ی تشرینی یەکەم (نۆڤێمبەر) 2019 گەیشتە ئەنقەرە، وەک یەکەمین سەردانی فەرمی بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستان لە دوای دەستبەکاربوونی وەک سەرۆکوەزیران.



مەسرور بارزانی: هەرێمی کوردستان دەبێتە دەروازەیەک بۆ زیادکردنی ئاستی بازرگانی بۆ هەموو عێراق

ڕۆژی پێنجشەممە 28ی تشرینی دووەم، مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و مەولوود چاوشۆغلۆ، وەزیری دەرەوەی تورکیا کۆبوونەوە و دوای کۆبوونەوەکە لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا ناوەرۆکی کۆبوونەوەکەیان بۆ میدیاکان خستەڕوو.

لە دەستپێکی کۆنفرانسە ڕۆژنامەوانییەکەدا وەزیری دەرەوەی تورکیا بەخێرهاتنی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی کرد و ڕایگەیاند، دەمانەوێت پەیوەندییەکانمان لەگەڵ هەرێمی کوردستان لە هەموو بوارەکاندا بەرەوپێش ببەین و، لە کۆبوونەوەکەدا پرسی ئاسایشی ناوچەکەمان تاوتوو کرد.

دواتر مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە وتەیەکیدا گوتی: سەردانێکی زۆر باشمان ئەنجامدا و میوانی وەزیری دەرەوە بووین، باسی دۆخی ناوچەکەمان کرد، کۆبوونەوەکەمان باش بووە و پشتبەخوا ئەنجامی خێری دەبێت. هەروەها گوتی:

– پەیوەندییەکانمان لەگەڵ تورکیا گرنگ و ستراتیجین

– هەرێمی کوردستان دەبێتە دەروازەیەک بۆ زیادکردنی ئاستی بازرگانی بۆ هەموو عێراق.

– ئێمە بەردەوام دەبین لە هەماهەنگی و هاوکاریکردنی یەکتر بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر.

– کۆنترۆڵی شنگال لە دەستی ئێمەدا نییە و لە دەستی عێراق دایە.

– لەگەڵ بوونی پەکەکە نین لە شنگال و ناوچەکانی دیکەی هەرێمەکەمان.

– زۆر دڵخۆشم بەوەی تورکیا دەیەوێت هاوکاری بکات لەگەڵ نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان بە پێی خواستی خۆیان.

ئەوەی عادل عەبدولمەهدی کردوێتی هەنگاوی یاسایی و دەستوورییە

هەتا پێکهێنانی کابینەی نوێ عەبدولمەهدی و وەزیرەکانی کابینەکەی لە ئەرکەکانیان بەردەوام دەبن

تارق حەرب بۆ ڕۆژنامەی «خەبات»: لە هیچ شوێنێکی دەستووردا باسی ڕاپرسی بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک وەزیران نەکراوە

ڕاپۆرتی/ مەریوان نەقشبەندی

دوای کوژرانی نزیکەی 400 کەس و بریندارببوونی هەزاران کەس لە بەغدا و پارێزگاکانی باشووری عێراق کۆتایی هەفتەی ڕابردوو د.عادل عەبدولمەهدی بڕیاری دەستلەکارکێشانەوەی ڕاگەیاند و دوێنێش لەسەر داوای خۆی کۆبونەوەیەکی نائاسایی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بەڕێوەچوو.

لەکۆبونەوەکەدا عادل عەبدولمەهدی تەئکیدی لەسەر ڕێزگرتن لەئیرادەی خەڵکی عێراق کردەوە و گوتی هەوڵی زۆرماندا داواکاری خۆپیشاندەران جێبەجێبکەین و چەندین هەنگاوی عەمەلیشمان نا ، بەڵام پێدەچێ ئەو هەنگاوانە لەلای خۆپیشاندەران بەس نەبووبێت و بۆیە داواکارم ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەدوای چارەسەری کێشەکانی عێراقیەکان بگەڕێت و ئێمەش لەئەرکەکانمان بەردەوام دەبین تا پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت و تەئکیدیشی لەسەر ئالۆگۆڕی ناشتیانەی دەسەلات و پەرنسیپەکانی دیموکراسی کردەوە.

ئەم بڕیارەی عادل عەبدولمەهدی کاردانەوەی جۆراوجۆری بەدوای خۆیدا هێنا و بەشێک لەخۆپیشاندەرانی عێراق ئەم هەنگاوەیان بەسەرەتای جێبەجێکرنی داواکارییەکان زانی و تەئکیدیان دەکردەوە کە ئەوان کێشەیان تەنها عادل عەبدولمەهدی نەبووە و ئەوان کێشەیان لەگەڵ زۆربەی ئەو حزب و کەسایەتییە سیاسییە دەسڕۆیشتووانە هەبوە کە لەدوای ڕژێمی سەدامەوە حوکمڕانی عێراقیان کردووە و دەبێ سەرجەم ئەو گەندەڵانە لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکرێت.

لەلای خۆیەوە موقتەدا سەدر ڕابەری ڕەوتی سەدر و خاوەنی گەورەترین کوتلەی پەرلەمانی لە ئەنجومەنی نوێنەران ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کەپێویستە سەرەک وەزیرانی نوێ بە ڕاپرسی گشتی ئەنجام بدرێت و سندووقەکانی دەنگدانیش ببرێتە گۆڕەپانی تەحریر لە ناوەڕاستی بەغدا و پێویستە سیستەمی پشک پشکێنە لەحوکمڕانی عێراق نەمێنێ .

بەڵام تاریق حەرب شارەزای دەستوور و یاساناس لەبارەی داواکارییەکەی موقتەدا سەدر لە لێدوانێکی تایبەت بەخەباتی ڕاگەیاند: بەهیچ شێوەیەک لەدەستووردا باسی ڕاپرسی بۆ هەڵبژاردنی سەرەک وەزیران نەکراوە و ئەوەی عادل عەبدولمەهدی کردوێتی هەنگاوی یاسایی و دەستوورییە و دەبێ پێش هەموو شتێک ئەنجومەنی نوێنەران دەستلەکارکێشانەوەی عادل عەبدولمەهدی قبوڵ بکات و دواتر سەرۆک کۆمار گەورەترین کوتلەی پەرلەمانی بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ ڕابسپێرێت و مانگێک مۆڵەت بدرێت بەو کەسەی کە وەک سەرەک وەزیرانی نوێ ڕادەسپێردرێ.

هەر لەکاتی دەستلەکارکێشانەوەی عادل عەبدولمەهدی، شاڵاوێکی تونددوتیژی شاری نەجەف و ناسریەی گرتەوە و بەدەیان خۆپیشاندەر کوژران و بەسەدانیش بریندار بوون و زۆربەی بارەگای حزبە شیعییەکانی عێراق لەو شارانە سووتێنران و بەڕێوەبەری پۆلیس و پارێزگاری ناسریە دەستیان لەکارکێشایەوە و ئامادەیان بۆ ئەوە کرد کە دەستێکی نادیار لەپشت تەقەکردن لەخۆپیشاندەرانەوە هەبووە.

هەربەکە لە ئەمەریکا و بەریتانیا و فەرەنساش داوایان لەحکوومەتی عێراق کرد ڕێز لە داواکاری و ئیرادەی خەڵکی عێراق بگرن بەبێ ئەوەی باسی دەستلەکارکێشانەوەی عادل عەبدولمەهدی بکەن. هەتا ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە حکوومەتی هەرێم هیچ لێدوان و هەڵوێستێکی لەسەر دەستلەکارکێشانەوەی عادل عەبدولمەهدی و قۆناغی دوای ئەم دەستلەکارکێشانەوەیە نەبووە.







هێمن هەورامی لەگەڵ ژمارەیەک پەرلەمانتاری پارتەکانی ئەڵمانیا کۆبووەوە

جەخت لە پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان پەرلەمانی کوردستان و ئەڵمانیا کرایەوە

لە چوارچێوەی سەردانەکەیدا بۆ وڵاتی ئەڵمانیا، هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بەیاوەریی دڵشاد بارزانی نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەڵمانیا سەردانی پەرلەمانتار و گوتەبێژی سیاسەتی دەرەوە لە گرووپی پەرلەمانتارانی پارتی دیموکراتی ئازاد بیژان دژیر سارای کرد. لە دیدارێکدا باس لە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەڵمانیا کرا بە تایبەت پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمانی ئەڵمانیا، خۆیەوە هێمن هەورامی داوای کرد ئەڵمانیا هاوکاریی زیاتری هەرێم بکات لە ڕووی هاوکاریکردنی ئاوارە و پەنابەران و بەردەوام بێت لە هاوکاریکردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان. لە بەرانبەردا بیژان دژیر سارای پەرلەمانتار و گوتەبێژی سیاسەتی دەرەوە لە گرووپی پەرلەمانتارانی پارتی دیموکراتی ئازاد رایگەیاند: ئێمە ئاگاداری ئەو پێشکەوتنانەی هەرێمی کوردستانین لە بوارەکانی سیاسی و ئابووری و کولتووری. هەروەها هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بە یاوەریی دڵشاد بارزانی نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەڵمانیا سەردانی ژمارەیەک ئەندام پەرلەمانی ئەڵمانیای فیدراڵی لەسەر لیستی پارتی سۆشیاڵ دیموکراتەکانی ئەڵمانیا کرد، لەوانە دکتور نیلس شمید گوتەبێژی فەرمیی سیاسەتی دەرەوە لە فراکسیونی (SPD) لەناو پەرلەمانی ئەڵمانیا و پەرلەمانتار سیمتجێ مویلەر لە لیژنەی بەرگری و دکتور بێربل کوفلەر لە کۆمیتەی سیاسەتی مافی مرۆڤ و هاوکاری و کریستۆف ماتچی جێگری گوتەبێژی سیاسەتی دەرەوەی سۆشیال دیموکراتەکان.

جەخت لە پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان پەرلەمانی کوردستان و ئەڵمانیا کرایەوە.

هەر لە چوارچێوەی سەردانەکەیدا بۆ وڵاتی ئەڵمانیا، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بەیاوەریی دڵشاد بارزانی لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمانی جێگری سەرۆکی پەرلەمان پەیوەندییەکانی ئەڵمانیای فیدراڵ هێڵین ئەڤریم زومەر گوتەبێژ بەناوی کۆمیتەی هەماهەنگیی ئابووری و پەرەپێدان لە فراکسیونی پارتی چەپی ئەڵمانیا کە بەڕەگەز کورد و هەروەها هایکێ هانزل جێگری سەرۆکی فراکسیونی پارتی چەپی ئەڵمانیا کۆبووەوە. هەر لە چوارچێوەی سەردانەکەیدا بۆ وڵاتی ئەڵمانیا و بە مەبەستی پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمانی ئەڵمانیا، هێمن هەورامی، بەیاوەریی دڵشاد بارزانی سەردانی گرووپی CDU-CSUی لەناو پەرلەمانی ئەڵمانیای کرد، بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی نێوان پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمانی ئەڵمانیا جەختی لەسەر کرایەوە و لای خۆیەوە

بۆ ڕادیۆی دەنگی کوردستان/زاخۆ

بەڕێزان/ بەڕێوەبەر و کادیر و کارمەندانی ڕادیۆی دەنگی کوردستان لە زاخۆ

بەبۆنەی 26ـەمین ساڵوەگەڕی دامەزراندنی ڕادیۆی دەنگی کوردستان/ زاخۆ، گەرمترین پیرۆزبایی لە ئێوە و بیسەرانی ڕادیۆ ئازیزەکەتان دەکەین و، وێرای سوپاس و دەستخۆشی لە کار و بەرنامەکانتان، هیوای بەردەوامیتان بۆ دەخوازین.

دامەزراندنی ئەو ڕادیۆیە بە بڕیار و ڕێنمایی سەرۆک بارزانی بەر لە 26 ساڵ و وەک یەکەمین کەناڵی ڕادیۆیی بۆ ئەو دەڤەرە دەلاله، هەنگاوێکی گرنگ و پێویست بوو بۆ خزمەتگەیاندن بە هاوواڵتیان و بواری ڕۆژنامەگەریی بیستراو، هەروەها بە بواری کوولتووری و ڕۆشنبیری و میدیایی.

لەم یادەدا وێرای پیرۆزبایی گەرمان، جارێکی دیکە پاڵپشتی و پشتیوانی تەواوی خۆمان بۆ ڕادیۆی دەنگی کوردستان لە زاخۆ دووپات دەکەینەوە و هیواداربن وەک هەمیشە ڕادیۆی خزمەت و دەنگی جەماوەری سەربەرزی زاخۆ بن و سەرکەوتنی زیاتر لە کارەکانتان بەدەست بێنن...

دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی
پارتی دیموکراتی کوردستان

پەیامی پیرۆزبایی

دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان



ئەیاد عەلاوی: عادل عەبدولمەهدی کێشە گەورەکە نییە

کێشەکە سرووشت و پێکهاتەی سیاسیی عێراقە
کە وڵاتی بەرەو داڕووخان بردووە

سەرۆکی هاوپەیمانێتی نیشتمانیی عێراقی سەبارەت بە دۆخی سیاسیی عێراق و بڕیاری دەستەلەکارکێشانەوەی عادل عەبدولمەهدی لە پۆستی سەرۆکوەزیران، دەڵێت عەبدولمەهدی کێشە گەورەکە نییە، بەڵکوو بەشێکی بچووکی کێشەکانی عێراق سەرۆکوەزیرانی ئێستایە، کێشەی عێراق سرووشت و پێکهاتەی پرۆسەی سیاسیی عێراقە کە وڵاتی بەرەو داڕووخان بردووە.

ئەیاد عەلاوی سەرۆکی هاوپەیمانێتی نیشتمانیی عێراقی ڕایگەیاند: پێویستە حکوومەتێکی کاربەڕێکەر لە عێراق دروست بکرێت.

سەرۆکی هاوپەیمانێتی نیشتمانیی عێراقی ڕاشیگەیاندووە: پێویستە حکوومەتی کاربەڕێکەر لە عێراقدا دروست بکرێت و ئەرکی ئامادەکاری بێت بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە. گوتیشی: عادل عەبدولمەهدی کێشە گەورەکە نییە، بەڵکو بەشێکی بچووکی کێشەکانی عێراق سەرۆکوەزیرانی ئێستایە، کێشەی عێراق سرووشت و پێکهاتەی پرۆسەی سیاسیی عێراقە کە وڵاتی بەرەو داڕووخان بردووە. ئامادەی بەوەشکردووە پێویستە کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکانی ئێستای عێراق هەڵبوەشێنرێتەوە و کۆمیسیۆنێکی نوێ پێکبهێنرێت.

سەدر داوای دڕێژەدان بە خۆپیشاندان و هەڵبژاردنی سەرۆکوەزیران لەلایەن خەڵکەوە دەکات

دەستەلەکارکێشانەوەی عەبدولمەهدی مانای کۆتاییهاتنی گەندەڵی نییە



سەرکردەی ڕەوتی سەدر، موقتەدا سەدر لە دوای بڕیاری دەستەلەکارکێشانەوی سەرۆکوەزیران، عادل عەبدولمەهدی داوای لە خۆپیشاندەران کرد "گۆڕەپانەکان چۆڵنەکەن و سەرۆکوەزیرانی نوێ لەلایەن خەڵکەوە دەستنیشان بکرێت". موقتەدا سەدر لە ڕێگەی هەژماری خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەرەوە ڕایگەیاند: سوپاس بۆ خودا، شۆڕش یەکەم بەرهەمی پێگەیشت، و سەرۆکوەزیران دەستیلەکارکێشایەوە. بەڵام ئەم دەستەلەکارکێشانەوەیە، مانای کۆتاییهاتنی گەندەڵییەکان ناگەیەنێت.

سەدر لە تویتەکەیدا نووسیویەتی: با سندووقی دەنگدان لە گۆڕەپانەکانی خۆپیشاندان دابنرێت و سەرۆکوەزیرانی نوێ لە نێوان پێنج کاندید هەڵبژێردرێت. کابینەی سەرۆکوەزیرانی نوێ، پارتە سیاسییەکان و میلیشاکانی تێدا نابێت، دەبێت دوور بێت لە سیاسەت و تایفەگەریی و نەتەوەگەریی. هەروەها داوای لە خۆپیشاندەران کردووە پاشگەزنەبنەوە و شەقامەکان چۆڵنەکەن و نووسیویەتی: تکا لە وڵاتانی دۆستی عێراق دەکەم، دەرفەت بدەنە عێراقییەکان بۆ ئەوەی داهاتووی خۆیان دیاریبکەن.

سەعد حەدیسی:


فەرمانی دەستگیرکردن بۆ ژمارەیەک گەورە بەرپرسی عێراق دەردەچێت



سەعد حەدیسی، گوتەبێژ بەناوی ئۆفیسی ڕاگەیاندنی سەرۆکوەزیرانی عێراق ئاشکرای کرد، بە تۆمەت و گومانی پەیوەست بە گەندەڵی، فەرمانی نوێ دژی گەورە بەرپرسانی عێراق دەردەکرێت.

بەگوێرەی کوردستان24 حەدیسی دەشڵێت: دادگایەکی تایبەتی ناوەندیی بە تاوانەکانی گەندەڵی هەیە، بە هەماهەنگی لەنێوان دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن و دادوەریی پێکهێنراوە.

هەروەها گوتوویەتی: دادگاکە فەرمانی بە دەستەکانی لێکۆڵینەوە لە دادگای تێهەڵچوونەوە لە سەرجەم دادگاکانی عێراق کردووە، فەرمانی دەستگیرکردن و دەستبەسەرداگرتنی پارەی هەموو ئەو کەسانە دەربکات کە سەلێندرا دەستیان لە گەندەڵیدا هەیە. گوتەبێژەکەی ئۆفیسی ڕاگەیاندنی سەرۆکوەزیران ئاماژەی بەوەشکردووە، دەیان فەرمان بۆ ڕاگرتن و دەستبەسەرکردن و گرتنی گەورە بەرپرسانی عێراق دەرچووە، لە ئاستی وەزیر و پارێزگار و پەرلەمانتار و ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگاکاندا بوون، کارکردنیش بەردەوامە بۆ ئەوەی لە چەند ڕۆژی داهاتوودا فەرمانی دیکە دژی بەرپرسان دەربکرێت.




ژمارەی ئەو کەسانەی بەهۆی بوومەلەرزەکەی ئەلبانیا گیانیان لەدەستداوە، بۆ 30 کەس بەرز بۆتەوە

پرسی هەموارکردنەوەی دەستووری عێراق و بژاردەکانی کورد

بەشیر حەداد: ئەگەر بینیمان دەستدەبەن بۆ کەمکردنەوەی مافەکانی کورد، ئەوا لەوانەیە یەکێک لەو پرسانەی بیخەینە بەرباس بژاردەی کۆنفیدراڵی بێت

داواکردنی هەموارکردنەوەی دەستووری عێراق خواستی سیاسییەکانە و خزێنراوەتە نێو داخوازیی خۆپیشاندەرانەوە



مشتومڕی ئەنجامدانی گۆڕانکاریی و هەموارکردنەوەی دەستووری عێراق ماوەیەکە لەنێو گۆڕەپانی سیاسیی، ئەکادیمیی و شەقامی عێراقیدا بووەتە جێگەی باسوخواس، لە بەرامبەردا پێکهاتەکانی عێراق ترسی ئەوەیان هەیە هەندێک لە مافەکانیان لەلایەن پێکهاتەی زۆرینە سیاسییەکانی ولاتەوە پشتگوێ بخرێت.

کورد یەکێکە لەو پێکهاتانەی عێراق کە لەگەڵ ئەوەی ئامادەکاریی دەکەن بۆ بابەتەکانی هەموارکردنەوەی دەستوور، هاوکات نایشارنەوە ترسی ئەوەیان هەیە هەندێک لە مافە جێگیرکراوەکانیان لەمیانی هەموارکردنەوەی دەستووردا لەدەستبدەن، بۆیە بژاردەکانی ئەو پرسەش تاوتوێدەکرێت لەنێو هەریەک لە گۆڕەپانی سیاسیی، ئەکادیمیی و لەسەر ئاستی شەقامیش.

جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، بەشیر حەداد سەبارەت بە هەموارکرنەوەی دەستووری عێراق لە لێدوانێکدا بۆ ئاژانسی ئانادۆلۆ ئاماژەی بەوە داوە، داواکردنی ئەنجامدانی گۆڕانکاریی و هەموارکردنەوەی دەستووری عێراق خواستی گەلانی عێراق یان خۆپیشاندەران نییە بەڵکو ئەجێندای سیاسیی لایەنەکانی عێراقە و رایگەیاند: بەبۆچوونی من ئەم داواکارییە خواستی سیاسییەکانە و خزێنراوەتە نێو داخوازیی خۆپیشاندەرانەوە، دوای ئەوە، بابەتەکە زۆر جێگەی مەترسی نییە لەبەرئەوەی دەستوور خۆی لەخۆیدا بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگەیە، ناوبەناو کۆمەڵگە خۆی چەندین گۆڕانکاریی تێدا دروستدەبێت، دەستوور کە لە 2005ەوە داڕێژراوە، لەماوەی ئەم 14 ساڵەدا چەندین گۆڕانکاریی گەورە ڕوویداوە لە بواری سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئابووریدا، بۆیە پێویستە دەستووریش لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییانەدا بڕوات.

لەبارەی خواستەکان و هێڵە سووڕەکانی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە دەستووریەکانی پێکهاتە و کەمینە نەتەوەیی و مەزهەبییەکانی عێراق لە هەموارکردنەوەی دەستوور، بەشیر حەداد ڕایگەیاند: بە دڵنیاییەوە دەستوور خۆی لەخۆیدا هێڵی سووری هەیە کە ناکرێت دەستکاریان بکرێت، کوردیش هێڵی سووری هەیە. لەبارەی بوونی هەر ترسێک لە پشتگوێخستنی مافە مافی سەرجەم کەمینەکانی تێدا دەستەبەرکرا، بەشیر حەداد ئاماژەی بەوەدا، هەموارکردنەوەی دەستوور، سەروەریی عێراقە بێ دەستوەردانی هیچ لایەنێکی دەرەکیی و گوتی: بەڵام بێگومان ئەو دڵنیاییە ئامادەیی هەیە، هەموو پێکهاتەکان لەگەڵ ئەوەن مافی گەلانی عێراق پارێزراوبێت لەنێو دەستووردا. هەرکاتێک زانیمان گرەنتیی زامنکردنی مافەکانی نەتەوە و کەمینەکان نییە لە هەمواری دەستووردا، ئەوکات بەهیچ شێوەیەک لەگەڵیدا نابین.

جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ئاماژەی بەوەکرد ئەگەر بینیمان لە ئەگەری ڕێکنەکەوتنی لایەنەکاندا، دەست بۆ کەمکردنەوەی مافەکانی کورد دەبرێت، ئەوا لەوانەیە یەکێک لەو پرسانەی بیخەینە بەرباس بژاردەی کۆنفیدراڵیی بێت، کە ئێستا سونەکانیش

چەکە ئەتۆمییەکانی ئەمەریکا لە تورکیا مەترسییەکی گەورەی بۆ ئەورووپا دروست کردووە

ئەمەریکا 150 چەکی ئەتۆمی لە تورکیا و ئیتاڵیا و بەلجیکا و ئەڵمانیا و هۆڵەندا داناوە



گۆڤاری (ئیکۆنۆمیست)ی بەریتانی، ڕاپۆرتێکی لەبارەی چەکی ئەتۆمیی ئەمەریکا لە بنکەی ئینجەرلیک و چەند ولاتێکی ئەورووپی بڵاو کردووەتەوە، هەرودها باس لە نیگەرانیی ئەورووپا و ئەمەریکا لەبارەی تورکیا دەکات، کە چەکە ئەتۆمەکانی ئەمەریکا لە مەترسیدایە، چونکە تورکیا لەڕووی ناوخۆییەوە نائارامە و ئینجەرلیک چەند کاتژمێرک لە سووریاوە دوورە.

ئەمەریکا لە چوارچێوەی پڕۆگرامی ناتۆدا، 150 چەکی ئەتۆمی لە تورکیا و ئیتاڵیا و بەلجیکا و ئەڵمانیا و هۆڵەندا داناوە، ئەوەی جێگەی مەترسییە ئەو چەکانەیە کە لە تورکیا لە بنکەی ئینجەرلیک جێگیر کراون.

ئیکۆنۆمیست دەنووسێت: ئەوەی ئەمەریکای نیگەران کردووە تورکیایە، چونکە چەکە ئەتۆمەکانی ئەمەریکا لە ئینجەرلیک چەند کاتژمێرێک لە باشووری سووریاوە دوورە. هەروەها لە کوودەتایەکەی 1960 و ساڵی 1975 کاتێک پەیوەندیی دیبلۆماسی ئەمەریکا و تورکیا تێکچوو، ئەمەریکا بیری لەوە کردەوە چەکەکانی لە ئینجەرلیک بکشێنێتەوە. لە هەوڵی کوودەتایەکەی 15ی تەمووزیش لە تورکیا لە 2016 کوودەتاچییەکان فڕۆکەی F16یان فڕاند و خەریک بوو ببێتە مەترسی بۆ سەر ئیستەنبوڵ و ئەنقەرە، بۆیە لەسەر داوای ڕەجەب تەیب ئەردۆغان کارەبای ئینجەرلیکیان کوژاندەوە و فەرماندەی هێزە ئاسمانییەکانیش دەستبەسەر کرا.

ئەم هەوڵانەش وای کرد، کە ئەمەریکا بترسێت بەوەی چەکەکانی لە تورکیا لە شوێنێکی ئارام نییە، ڕەنگە لە هەموو ئان و ساتێکدا وەکوو بارمتە دەستی بەسەردا بگیرێت. هەمان گۆڤار ئاشکرای دەکات، کە چەکە ئەتۆمییەکانی ئەمەریکا لە تورکیا، بە کۆدێک کار دەکات تەنیا لای ئەمەریکایە، ئەگەر ڕووداوێکی نەخوازراو ڕوو بدات، ئەمەریکا کارەبا دەکوژێنێتەوە و پاشان بە کۆدێک چەکەکان ڕادەگرێت، ئەمەش تا ئەوکاتەی چەکەکانی لە تورکیا لە هێزەکانیان دەگەنە ئینجەرلیک و پاشان کاری پێویستی خۆیان ئەنجام دەدەن.

ئەڵمانیا و یۆنان لە2005 چەکەکانیان لە بنکەی سەربازی (رامستاین) کێشاندەوە، بیریشیان لەوە کردووەتەوە چەکەکانیان لە بنکەی ئینجەرلیک بکشێننەوە، بەڵام بە گوێرەی ئەو هەڵسەنگاندنەی ئیکۆنۆمیست کردوویەتی، ئەگەر ئەڵمانیا چەکەکانی لە تورکیا بکشێنێتەوە، ئەوکات مەترسی دروست دەبێت، چونکە ڕەجەب تەیب ئەردۆغان هەڕەشە دەکات کە تورکیا خۆی چەکی ئەتۆم دروست بکات.

لە دریژەی ڕاپۆرتەکەیدا ئیکۆنۆمیستدا دەنووسێت: مانا سەرەکییەکەی پڕۆگرامی چەکی ئەتۆم سەربازی و پراکتیک نییە، بەڵکو سیاسییە، هەر لە بنەڕەتدا ئەو پڕۆگرامە دروستکردنی پەیوەندییەکی سیمبۆلیکە لە نێوان ئەمەریکا و ئەورووپادا، بەوەی کاتێک ئەمەریکا ئەو چەکانە جێگیر دەکات، ئەورووپا هەست دەکات ناوچەکەیان پارێزراوە. بەڵام لە هەمان کاتدا ریسکیشی هەیە، بەوەی زۆرجار بۆ تۆڵەکردنەوە چەکەکان بەکاربهێنرێت.

بە گوێرەی ئەو گرێبەستەی ئەمەریکا لەگەڵ ئەورووپای کردووە، لە 2017ەوە تا 2046 ئەو چەکانە لە ولاتانی ئەورووپی بە تورکیشاەوە جێگر دەکات و تێچووی ئەو چەکانەش بۆ ئەمەریکا سالانە یەک ملیار دۆلار دەکەوێت. بۆیە ئیکۆنۆمیست دەنووسێت: ئەگەر تورکیا بەردەوام بێت لە خراپیی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ولاتانی ئەورووپا، ئەوکاتە چەکە ئەتۆمییەکانی ئینجەرلیک دەکەوێتە مەترسییەوە و ئەورووپا تووشی پەشۆکاوی و نائارامی دەبێت. هەموو ئەو پرسانە ڕۆژی سێشەمەی داهاتوو لە کۆبوونەوەی لووتکەی ناتۆدا باسی لێوە دەکرێت و زیاتر تیشک دەخرێتە سەر تورکیا و ڕەخنەکان ئاڕاستەی ئەو ولاتە دەکرێت.

نێوان ئەمەریکا و ئەورووپادا، بەوەی کاتێک ئەمەریکا ئەو چەکانە جێگیر دەکات، ئەورووپا هەست دەکات ناوچەکەیان پارێزراوە. بەڵام لە هەمان کاتدا ریسکیشی هەیە، بەوەی زۆرجار بۆ تۆڵەکردنەوە چەکەکان بەکاربهێنرێت.

بانگەوازی یەکێتیی ئەورووپا بۆ ڕاگرتنی تووندوتیژیی لە عێراق



یەکێتیی ئەورووپا سەرنجی بۆ زیادبوونی ژمارەی کوژراوان لە ڕیزی خۆپیشاندەرانی دژی حکوومەتی عێراق ڕاکێشا و داوایکرد کە ئەو تووندوتیژییانە بوەستێنن. لە ڕووکردنەوەیەکی نووسراودا لە نووسینگەی نوێنەری باڵای یەکێتیی ئەورووپا بۆ سیاسەتی دەرەوە و کاروباری ئاسایش، فێدێریکا مۆگێرینی، باڵاکوراوەتەوە "بەکارهێنانی تەقەمەنی و تەقەی ڕاستەخۆ لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە لە دژی خۆپیشاندەران بە هەموو شێوەیەک ڕێگەپێنەدراوە. پێویستە تاوانبارەکان لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکرێت". ڕووکردنەوەکەی نووسینگەی فێدێریکا مۆگێرینی ئەوەی وەبیرهێنایەوە کە لە دەستپێکی خۆپیشاندانەکانەوە زیاتر لە 400 کەس کوژراون و نزیکەی 15 هەزار کەسیش بریندارببوون و جەختی لەسەر پێویستی دوورکەوتنەوە لە گەمارۆی سەر میدیا و ئازادیی ڕادەربڕین کردووەتەوە. هەروەها لە ڕووکردنەوەکەدا، ئاماژەی بە دیالۆگێکی گشتگیر لە نێوان خۆپیشاندەران و حکوومەت کردووە وەک تاکە ڕێگا بۆ چارەسەری قەیرانەکە، و پشتگیریی خۆیانی بۆ هەوڵەکانی نێردەی تایبەتی نەتەوەیەکگرتووەکان لە عێراق ڕاگەیاندووە.



سیامند سێڵکی

خوێندنەوەیەک بۆ سەردانی سەرۆکی حکوومەت بۆ تورکیا

لەئاست هێرشی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان هەڵوێستی فەرمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەڵوێستێکی ژیرانەو واقیعی بوو، بە فەرمی نیگەرانیی خەڵک و حکوومەتی هەرێمی کوردستانی لە ئاست ئەو هێرشە دەربڕی و دووپاتی کردەوە کە شەڕ و پەلاماری سەربازی لە بەرژەوەندی هیچ لایەکدا نییەو لە جیاتی چارەسەری کێشەکان بکات، دەبێتە هۆی زیاتر ئاڵۆزکردنی بارودۆخی ناوچەکە، هەروەها هەموو هەوڵێکی بۆ گۆڕانکاری لە دیموگرافیای ڕۆژئاوای کوردستاندا بە قەبولنەکراو وەسف کرد .

لەبواری کرداریشدا سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکوومەتی کوردستان لەڕێگای کەناڵە دیبلوماسییەکانەوە هەموو هەوڵەکانی خۆیان خستەگەڕ تا بتوانن هێرشەکە بوستێنن یان بەلای کەمەوە سنووردارای بکەن. لەم بارەوە هەوڵەکانیان تا ڕادەیەکی باش بەهەمدار بوون و ،توانیان ڕووسیا بێننە سەرخەت و سنورێک بۆ هێرشەکە دابنێن، ئەمە جگە لەمە لەوەی کەناڵە دیارەکانی ڕاگەیاندنیان وەکو ڕووداو و کوردستان بیست و چوارو کوردستان تیڤیان هاندا تا بۆ گەیاندنی دەنگی مەزڵوومیەتی کورد لە ڕۆژئاوا ڕۆڵی خۆیان بگێڕن. هەر لەم بارەوە دەزگای خێرخوازی بارزانی نەمریان ڕاسپارد تا هاوکاری مرۆیی بگەیەنێتە ڕۆژئاوای کوردستان، ئەم پشتیوانییەش لە زۆر ڕووەوە کاریگەری ئەرێنی هەبوو بۆ سەر هەڵوێستی شەڕڤانانی کورد و ئیدارەی ڕۆژئاوا، بە حوکمی ئەوەی کە تورکیا دەروازەی سەرەکییە بۆ گرێدانی هەرێمی کوردستان بەدونیای دەرەوە، پێ دەچێت ئەم هەڵوێستەی هەولێر لە دەرەوەی چاوەڕوانییەکانی دەوڵەتی تورکیا بێت، بۆیە بەرپرسانی باڵای تورکیا نیگەرانی خۆیان لە ئاست پشتیوانی هەولێر بۆ ڕۆژئاوای کوردستان دەربڕی، بەڵام هیچ گۆڕانێک بەسەر هەڵوێستی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا نەهات و بەردەوام بوو لەسەر هاوکاری و پشتیوانییەکانی بۆ ڕۆژئاوا ، هەڵبەت زۆر کەس پێی وابوو ئەم هەڵوێستەی حکوومەتی هەرێم "پشتیوانیکردن لەڕۆژئاوای کوردستان" گرژی لە نێوان هەولێر و ئەنقەرەدا دروست دەکات، بەڵام دەرکەوت خوێندنەوەی سەرۆکی هەرێم و حکوومەتی کوردستان بۆ ڕووداوەکان، خوێندنەوەیەکی واقیعی و ڕاست و دروست بوو.

تورکیا بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکەو بە بەهێزی ڕاگرتنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەولێر بەفەرمی داوای لە سەرۆکی حکوومەتی کوردستان کرد کە سەردانی ئەنقەرە بکات، تەنانەت گوتەبێژی سەرۆکایەتی تورکیا کاتی سەردانەکەشی دەستنیشان کرد، بەڵام وەکو نیشاندانی نیگەرانی لە ئاست هێرشی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان سەرۆکی حکوومەتی کوردستان بەڕێز مەسرور بارزانی سەردانەکەی بۆ ماوەیەک دواخست. سەرۆکی حکوومەت بەم هەڵوێستە بەرپرسە باڵاکانی تورکیای ناچار کرد، گوتاری خۆیان بەرامبەر کورد بگۆڕن. ئەوەبوو بۆ چەندانجار ئەردۆگان و بەرپرسانی دیکەی تورکیا دووپاتیان کردەوە کە هێرشی ئەوان بۆ سەر خاکی سووریا دژی کورد نییەو کورد بۆ ئێمەن. هەروەها داوەتی فەرمی خۆیان بۆ سەردانی سەرۆکی حکوومەتی کوردستان بۆ ئەنقەرە دووپات کردەوە. لەچوارچێوەی ئەو داوەتە فەرمییەدا پێنج شەمەی ڕابردوو سەرۆکی حکوومەتی کوردستان بە سەردانێکی فەرمی گەیشتە تورکیا، بە دانانی ئالای کوردستان و لەسەر ئاستی هەرە باڵاش پێشوازی لێکرا. سەرەتا لەگەڵ وەزیری دەرەوەو دواتریش سەرۆک کۆماری تورکیا کۆبۆوە. خاڵی هەرە گرنگ لەو سەردانەدا ئەوەبوو کە بەڕێز مەسرور بارزانی لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەیدا لەگەڵ وەزیری دەرەوەی تورکیا ، نیگەرانییەکانی خۆی لەئاست دەرهاوێشتەو کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی هێرشی تورکیا بۆ سەر ڕۆژئاوا دووپات کردەوەو گوتی: ئێمە دژی ئەوەین پەنابەرانی سووریا بە زۆر بگەڕێنرێنەوە بۆ سووریاو ، دەبێت گەڕانەوەیان بەمەیلی خۆیان بێت و بەهەماهەنگی بێت لەگەڵ سازی و ڕێکخراوەکانی نێودەوڵەتی. ئەمەش پەیامێکی ڕوون بوو بۆ تورکیا کە دەست بردن بۆ گۆڕینی دیموگرافیای ڕۆژئاوای کوردستان لەلایەن هەولێردەوە ڕەفزەو قبول ناکرێت.

جگە لەهەموو ئەمانەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەو گرژی و ئاڵۆزیانەی لەباشوور و ناوەڕاستی عێراقدا هەن سەردانی سەرۆکی حکوومەتی کوردستان بۆ تورکیا هەنگاوێکی گرنگ و ژیرانەو بوێرانەبوو، لەزۆر ڕووەوە یارمەتیدەر دەبێت بۆ ئەوەی کورد لەپێگەی بەهێزیدا هێنێتەوەو دەست بە بەرژەوەندییەکانییەوە بگرێت. بە کورتی و بە کوردی دەتوانین بێژین سەردانەکە لەم کاتەدا بۆ کورد گرنگ و مێژوویی بوو و سەداسەد خزمەت بە ئێستاو ئایندەی کورد دەکات و بەرژەوەندییەکانی مسۆگەر و گەرانتی دەکات.

بۆچی خۆپیشاندەرانی عێراق ئێران دەکەنە ئامانج؟

تەواوی ئەرکە باڵاکان و دابەشکاریی پۆستەکان بە رەزامەندیی ئێرانەو کاتی کۆتاییهێنان بەمە هاتووە

خۆپیشاندەرێک: ئێران لە ڕێگای سەرکردەی پارتە شیعییەکانەوە مەزهەبگەرایی باڵاودەکاتەوە

شرۆڤەکارێکی سیاسی: خۆپیشاندەران پێیانوایە ئێران زیاتر چینی سیاسییە شیعەکان لە عێراق دەپارێزێت



خۆپیشاندەرانی دژ بە حکوومەت لە عێراق کە لە میانی خۆپیشاندانەکاندا ناو بە ناو دروشم دژ بە ئێران دەڵێنەوە و هێرشدەکەنە سەر نوێنەرایەتییە دیپلۆماتییەکانی ئەو وڵاتە، دووبارە ناڕەحەتی لە دەست ئێرانی کردووەتە بابەتی ڕۆژەڤ. خۆپیشاندانەکانی دژ بە حکوومەت بۆ پرۆتستۆکردنی بێکاریی، گەندەڵیی و نەبوونی خزمەتگوزاریی گشتیی کە تەشەنەی سەندووە، نزیکەی دوو مانگە درێژەی هەیە. ئامانجێکی دیکەی خۆپیشاندەران کە داوای دەستەلەکارکێشانەوەی حکوومەت دەکەن، ئێرانە کە وەڕسن لە سیاسەتی مەزهەبگەرایی و سیاسەتی فراوانخوازیی لە ناوچەکەدا لە ڕێگەی هەژموونی سەربازیی و سیاسییەوە.

خۆپیشاندەرە عێراقییەکان تاران تۆمەتبارەدەکەن

یەک لەسەر سێی پێویستی کارەبای عێراق لە ئێرانەوە هاوردە دەکرێت. قەبارەی بازرگانی نێوان بەغدا و تاران لە دەوروبەری 13 ملیار دۆلار دایە. بە لای هەردوو وڵاتەوە بەردەوامیی پەیوەندییەکانیان بەشێوەیەکی باش گرنگە، بەڵام زۆرینەی خۆپیشاندەرە عێراقییەکان تاران تۆمەتباردەکەن بە دەستوەردان لە بڕیارە سیاسییەکانی عێراق. خۆپیشاندەران لە شارەکانی باشووری عێراق کە زۆربەی دانیشتوانەکەی شیعە مەزهەبن، دەیانجار نوێنەرایەتییەکانی ئێرانیان دیپلۆماتییەکانی ئێرانیان ئاگرتێبەردەداوە. خۆپیشاندەرانیش لە کاتی خۆپیشاندانەکاندا ئاڵای ئێران، وێنەی سەرکردەکانی ئێرانیان سووتاندووە.

نەجەفی سیمبولی مەرجەعەکانی شیعەی عێراق

لە کاتی خۆپیشاندانەکانی چەند ڕۆژێکی پێش ئێستای نەجەف کە بە ناوەندی مەزهەبی شیعە لە عێراق دادەنرێت، کۆنسوڵخانەی ئێران لە نەجەف سووتێنرا. سوپای عێراق چوونەژوورەوە و هاتنەدەرەوەی بۆ نەجەف و هاتوچۆی لە ناو شار قەدەغە کرد. هێزی میلیشیای شیعی "لیوای جەنگاوەر عەباس"ی سەربە مەرجەعی ئایینی عەلی سیستانی بە ئۆتۆمبێلی سەربازییەوە چوونە نێو نەجەفەوە. سەرکردەی ڕێککخراوی عەسائیبی ئەهلی حەق، قەیس خەزعەلی کە ملیشیایەکی سەر بە حەشدی شەعبیە و گرووپێکی نزیک لە ئێرانە، لە هەڤماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی، ئاماژەی بەوە کردووە کە ئەوانەی دەیانەوێت زیان بە نەجەف و سیستانی بگەیەنن بەهەڵەدا چوون و ئەوان ئامادەی پاریزگاربیکردنن لەو شارە. ئاماژە بەوەشکرا پاش سووتانی کۆنسوڵخانەی ئێران لە نەجەف چوونەتە شارەکەوە. نەجەف لە هەمان کاتدا بە سیمبولی مەرجەعەکانی شیعەی عێراق دادەنرێت. گەورەترین مەرجەعی شیعەکانی عێراق، عەلی سیستانی لە ناوچەی "شاری دێرین "لە ناوەندی نەجەف دادەنیشێت و ماڵەکەی چەند سەد مەترێک لە گڵکۆی ئیمامی عەلییەوە دوورە.

بە ئاماجگرتنی ئێران لە خۆپیشاندانەکاندا لە نەجەف کە وەک ناوەندێکی گرنگی شیعەکان ئەژمارەدەکرێت، وەک کاردانەوەیەکی ڕوونی جەماوەری شیعە دژی ئێران، لێکدەدرێتەوە. پێشتریش و هەر لە مەیانی خۆپیشاندانەکانی عێراقدا، دووجار لە شاری کەربەلا کە شارێکی پیرۆزە لەلایەن شیعەکان، کونسوڵخانەی ئێران سووتێنرابوو. پرۆتستۆکردنی ئێران لە هەرێمی کوردستانیش لە شارە شیعەنشینەکانی دیکەی باشووری عێراق، بەسرە، زیقار، میسان، موسەننا، قادسیە و بابل درێژەی هەیە. سەرجەم ئەم ڕووداوانەش دەسەڵاتی ئێران بەرەوڕووی قەیرانێکی جددیی دەکاتەوە کە لە عێراق هەژموونێکی فراوانی هەیە.

مەرجەعە شیعییەکانیش دەکرێنە ئامانج

شەپۆلی خۆپیشاندانەکانی نەجەف جگە لە سیستانی ئەو مەرجەعانەی دیکەیش دەگرێتەوە کە لەو شارە سەر کونسوڵخانەی ئێران لە نەجەف، دوانەکەوت. وەزارەتی دەرەوەی عێراق و سەرکۆنەی پەلامارەکەی کرد و یەکێکە لە سەرکردەکانی شیعە و گڵکۆکە دەکەوێتە نزیک گۆڕی ئیمامی عەلی. دەنگۆی ئەوەش هەیە خۆپیشاندەران هەڵیان کوتابێتە سەر مااڵی مەرجەعی شیعە ئایەتوڵاڵ محەمەد تەقی مودەپسی. خۆپیشاندەران مەرجەعەکانی شیعە بەوە تۆمەتباردەکەن کە بە نهێنی پشتگیری حکوومەت دەکەن کە بەرپرسیارە لە ڕشتنی خوێنی خەڵک.

کاردانەوەکانی تاران و بەغدا

کاردانەوەی هەریەک لە تاران و بەغدا سەبارەت بە هێرشی سەر کونسوڵخانەی ئێران لە نەجەف، دوانەکەوت. وەزارەتی دەرەوەی عێراق سەرکۆنەی پەلامارەکەی کرد و ئاشکرایکرد پابەندە بە پەیوەندییە دووقۆڵییە ستراتیژییەکانی لەگەڵ ئێران. لە ڕاگەیەنراوێکیشدا گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران، عەباس موسەویی، ئاشکرایکردبوو "ناڕەزایەتیی تونڈی ئێران گەیەنراوەتە باڵیۆزخانەی عێراق لە تاران".

ئیدی ئێران لە عێراق لە ڕەوشێکی سەخت دایە

لە خۆپیشاندانەکانی عێراق بە زۆری دروشمی "ئێران بۆ دەرەوە. بەغدا ئازاد دەبێت" دەگوترێتەوە. حوسێن جەعفەر یەکێکە لە خۆپیشاندەران ڕایگەیاندووە: سەدان کەس بە باوکمەوە لە شەڕی مەزهەبیدا لە عێراق گیانیان لەدەستدا. دیارە ئێران مەزهەبگەرایی لە ڕێگای سەرکردەی پارتە شیعییەکانەوە باڵاودەکاتەوە. بەڵام ئیدی ئێران لە عێراق لە ڕەوشێکی سەختدایە. خۆپیشاندانەکان بۆ ڕاماڵینی گەندەڵکاران و کۆتاییهێنان بە مەزهەبگەرایی. ئێران دەستی بەسەر عێراقدا گرتووە. تەواوی ئەرکە باڵاکان و دابەشکاریی پۆستەکان بە ڕەزامەندی ئێرانە. کاتی کۆتاییهێنان بەمە هاتووە.

پاکێجەکانی چاکسازیی حکوومەت

پاکێجەکانی چاکسازیی حکوومەتی عێراق تووڕەیی خۆپیشاندەرانی هێور نەکردۆتەوە. خۆپیشاندەران ئاماژە بەوە دەدەن بڕیارەکانی پەرلەمان و حکوومەت ئەو کێشانە بنبڕ ناکەن کە16 ساڵە لە عێراق کەڵەکە بوون. ئەوان پێداگیرین لە دەستەلەکارکێشانەوەی حکوومەت کە تۆمەتی ئەوەی دەدەنە پاڵ کە کەوتۆتە ژێر هەژموونی ئێرانەوە و لە گەندەڵییەوە گلاوە. بەپێی داتاکانی وەزارەتی پلاندانانی عێراق لە 2018دا ژمارەی دانیشتووانی عێراق35 ملیۆن کەس و گەنجان نزیکەی ڕێژەی لە سەدا 28ی دانیشتووان پێکدەهێنن. دەردەکەوێت گەنجان سەرکردایەتی خۆپیشاندانەکانی عێراق دەکەن. بەشێکی گرنگی گەنجان ئەو دەرچووانەی زانکۆن کە بەهۆی ڕەچاوکردنی بەرتیلدان و حزبایەتی لە دامەزراندندا دەرفەتی کارکردنیان پێ نادرێت لە دامەزراوەکانی دەوڵەتدا. عێراقییەکان خەون بە حکوومەتێکی سەربەخۆوە دەبینن بەرامبەر دەستوەردانە دەرەکییەکان چۆک دانەدات و خزمەتگوزاریی گشتی پێشکەشی هاوواڵتیان بکات.

لەوانەیە شەڕی شیعە شیعە لە عێراق ڕووبدات

لای خۆیەوە شرۆڤەکاری سیاسیی عێراقی، عەلی سوهەیل ڕایگەیاندووە: ئەگەر سەیری خۆپیشاندانەکانی بەغدای پایتەخت و شارەکانی باشوور کە زۆرینە شیعەن بەرامبەر دەسەاڵتی سیاسیی شیعە بکەین و سووتاندنی کۆنسوڵخانەی ئێران بە هەند وەربگرین، دەبینن کە لەوانەیە لە نێوان خۆپیشاندەرە شیعەکان و پارتە سیاسییەکانی شیعەدا شەڕی شیعە شیعە ڕووبدات. سوهەیل ئاماژەی بەوەدا کە لەوانەیە مەرجەعی باڵای شیعەکان، عەلی سیستانی پشتگیریی لە خۆپیشاندەران بکات و گوتی: لەوانەیە سیستانی ڕەوایەتی بدا بە خەڵک و بەم هۆیەیشەوە واز لە پارتە سیاسییەکان بهێنێت. وێڕای ڕشتنی خوێنی خەڵک پارتە شیعەکان بە ئاسانی واز لە دەسەاڵت ناهێنن. خۆپیشاندەران پێیان وایە ئێران زیاتر چینی سیاسییە شیعەکان لە عێراق دەپارێزێت. لەوانەیە پارتە شیعەکان ببنە هۆی خوێن ڕشتنی زیاتر لە عێراق. ئەگەر پێکدادانی کۆڵان بە کۆڵان لە نێوان خۆپیشاندەران و پارتەکان ڕووبدات ئەمە دەبێتە هەڕەشەی گەورە بۆ سەر ئێران. ئەگەر ئەو حکوومەتە دەستەلەکارنەکێشێتەوە، خوێنی زۆر زیاتر دەڕژێت. لەوانەیە مەرجەعە ئایینییەکانی نەجەف پشت لەو حکوومەتە بکەن.



خۆپیشاندەرانی کۆڵۆمبیا بە تەپڵ و مۆسیقاوە داوا دەکەن ڕێگە لە هێنانی ماددە بێهۆشکەرەکان بگیرێت و ژیانی هاوڵاتیان چاک بکرێت

هەولێر... نەخۆشخانەیەکی هاوچەرخ بۆ نەخۆشییە دەروونییەکان دروست دەکرێت



پارێزگاری هەولێر رایگەیاند کە بەمنزیکانە بە هەماهەنگیی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی نەخۆشخانەیەکی هاوچەرخ بۆ چارەسەری نەخۆشییە دەروونییەکان لە شاری هەولێر دروست دەکرێت.

ئێوارەی رۆژی پێنجشەممە 2019/11/28 د. فرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێر بەشداری لە کۆنفڕانسی پزیشکانی دەروونی کرد و رایگەیاند کە بەمنزیکانە بە هەماهەنگیی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێم نەخۆشخانەیەکی هاوچەرخ بۆ چارەسەری نەخۆشییە دەروونییەکان لە شاری هەولێر دروست دەکرێ. پارێزگاری هەولێر لە ڕێوڕەسمەکەدا باسی لە گرنگی ڕۆڵی پزیشکانی دەروونی هاوچەرخ بۆ تیشکیشی خستە سەر ئەرکی ئێجگاری زەحمەتی پزیشکانی دەروونی لە بە جێگەیاندنی ڕێنماییەکانی نەخۆشییە دەروونییەکان.

هەروەها مژدەی ئەوەشی بە پزیشکانی ئامادەبوودا، کە پارێزگای هەولێر بۆ ڕەچاوکردن و پێشخستنی چارەسەری دۆخی نەخۆشییە دەروونییەکان، بە هەماهەنگیی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە سەروبەندی ئەوەن نەخۆشخانەیەکی هاوچەرخ بۆ نەخۆشییە دەروونییەکان لە هەولێر دروست بکەن، بۆ ئەم مەبەستەش زەوییەکی باش لە شوێنێکی گونجاو ئامادەکراوە و بەم نزیکانە لە ڕێگەی خێرخوازێکەوە ئەم نەخۆشخانەیە دروست دەکرێت.

پرسەو سەرەخۆشی

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان
بەڕێزان لە خانەوادەی خوالێخۆشبوو محەمەد حاجی عەلی
بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی (محەمەد حاجی عەلی) برای هەر سێ شەهیدی قارەمان (ئەحمەد، خدر، فاررق)مان پێگەیشت. هاوخەمی بۆ خانەوادە بەڕێز و تێکۆشەرەکەتان رادەگەیەنین و سەرەخۆشی ئارِاستەی ئێوە و خزم و دۆست و هەڤاڵانی خوالێخۆشبوو دەکەین.
خودای گەورە ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.
إنا لله و إنا إليه راجعون
یارەگای بارزانی

***

بەڕێزان خانەوادەی خوالێخۆشبوو سەید ئەحمەد باسەرەپی
خەمباربووین بە بیستنی هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی و پێشمەرگەی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و گوڵان (سەید ئەحمەد باسەرەپی).
بەم بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە تێکۆشەرەکەتان و سەرجەم کەسوکار و دۆست و هەڤاڵانی خوالێخۆشبوو و خزمانی باسەرە دەکەین و هاوبەشی خەمتانین.
لە خودای گەورە داواکارین سەبووری و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و گیانی خوالێخۆشبوویش بە بەهەشتی بەرین شاد بکات. ئاللە وانا الیە راجعون
مەکتەبی سیاسی

***

هەڤاڵی بەڕێز نەوزاد قادر
خەمباربووین بە بیستنی هەواڵی کۆچی ناوادەی کاکە(دەوران)ی کورتان. بەم بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی ئێوە و تەواوی خانەوادە بەڕێزەکەتان و خزم و دۆستان و هاوڕێیانی خوالێخۆشبوو دەکەین و هاوبەشی خەمتانین.
لە خودای گەورە داواکارین سەبووری و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و گیانی خوالێخۆشبوویش بە بەهەشتی بەرین شاد بکات. ئاللە وانا الیە راجعون
مەکتەبی سیاسی

سەرۆکێ باژێرڤانیا زاخۆ:

پرا دەلال ب جوانترین شێوە دهێتە نووژەنکرن



سەرۆکێ باژێرڤانیا زاخۆ راگەهاند، پرا دەلال ب جوانترین شێوە دهێتە خەملاندن و جوانکرن و نووژەنکرن و مدەرەجەکێ جوان ژی بۆ هاتیە چێکرن و نها د قوناغا دوومایهێ دایە.
ئەندازیار ماهر ئەحمەد سەرپەرشتێ پرۆژێ نووژەنکرن و جوانکرنا پرا دەلال ل زاخۆ بۆ (باسنیوز) دیار کر، گەلەک زێدەگافی ل دەوروبەرێن پرا دەلال هاتبوونە کرن، بەلێ ل گەل دەستپێکرنا پرۆژێ بەرجاڤکرنا پرا دەلال هەموو زێدەگافی هاتینە راکرن و نها ب جوانترین شێوە ل گەل چێکرنا مودەرەجەکا مەزن د قۆناغا دوومایهێ دایە.
زێدەتر گوت: ب بلندا هیا چوار مەتران ئاخا زێدە ژ بن پرێ هاتیە راکرن و نێزیکی 45 مەتران پرا دەلال ل ئالیێ باکور ژبن ئاخی هاتە دەر، هەروەسا گورەپانەک دکەل (مدەرەجەکێ) هاتە چێکرن ب بەرێ حەلانی و ب رووبەرێ 17000 مەتران و ل ئالیێ باشور ژی (مدەرەجەک) دگەڵ هندەک باغجان هاتینە جێکرن و نێزیکە دێ ب دوومایهێ هێت ودێ سیمایێ پرادەلال جوانتر بیت و دێ خزمەتا باژێرێ زاخۆ هێتەکرن.
ماهر دیار کر کو ئەڤ پرۆژێ نووژەنکرنێ ل سەر پێشینەیا هەیڤانە یا سەرۆکاتیا باژێرڤانیا زاخۆ هاتیە چێکرن.

بەهۆی شەڕی پەکەکە و تورکیا

25 گوندی سنووری زاخۆ چۆڵدەکرێن



بەهۆی شەڕی نێوان پارتی کرێکارانی کوردستان ـ پەکەکە و تورکیا 25 گوندی سنووری زاخۆ چۆڵکراون و بۆردوومانی تورکیاش جووتیارانی ناچار بە جێهێشتنی زەوییەکانیان کردووە. ئەو گوندانە هەندێکیان بوون بە ناوچەی قەدەخەکراو، خاوەن ڕەز و باخەکان بەرهەمی ئەمسااڵیان هەموو بە درەخت و ڕەزەکانەوە وشکبوون، تۆپباران و بۆردوومانی تورکیا ڕێگەنادات خەڵک بچن تڕێ و سێوی خۆیشیان لێبکەنەوە. پێنج لەو گوندانەش کە چۆڵکراوون دانیشتوانەکەی مەسیحین.
منار حەبیب، موختاری گوندی شەرانشایە و دەڵێت بەروبوومی ڕەز و باخەکەی هەموو وشک هەڵگەڕاوە و کەڵکی هیچی نەماوە. ئەمەش جگە لە بۆردوومانی تورکیاش جووتیارانی ناچار بە جێهێشتنی زەوییەکانیان کردووە. ئەو گوندانە هەندێکیان بوون بە ناوچەی قەدەخەکراو، خاوەن ڕەز و باخەکان بەرهەمی ئەمسااڵیان هەموو بە درەخت و ڕەزەکانەوە وشکبوون، تۆپباران و بۆردوومانی تورکیا ڕێگەنادات خەڵک بچن تڕێ و سێوی خۆیشیان لێبکەنەوە. پێنج لەو گوندانەش کە چۆڵکراوون دانیشتوانەکەی مەسیحین.
منار حەبیب، موختاری گوندی شەرانشایە و دەڵێت بەروبوومی ڕەز و باخەکەی هەموو وشک هەڵگەڕاوە و کەڵکی هیچی نەماوە. ئەمەش خێر و بێری بۆردوومانی تورکیا و پێداکوتانی پەکەکەیە لەنێو مووڵک و ماڵی ئێمەدا. هاوکات بەڕێوەبەری شارۆچکەی دەرکارێ دەڵێت، شەڕی پەکەکە و تورکیا نزیکەی دوو ملیار دینار زیانی بە خەڵک و ناوچەکە گەیاندووە.
بەپێی ئامارێکی بەڕێوەبەرایەتیی شارۆچکەی دەرکارێ، لە ساڵی ڕابردووەوە شارۆچکەکە بەهۆی شەڕی نێوان تورکیا و پەکەکە 600 جار بۆردوومان کراوە و دەنووسرێت وە لەگەڵیدا کۆمێکی تایبەت بە تەکسیەکەی لەسەر دەبێت. سەبارەت بە ڕەنگی شریتی پارێزگاکانی تر، پارێزگای دهۆک بە ڕەنگی ڕەش دەبێت و پارێزگای سلێمانی بە ڕەنگی شین دەبێت.
هەروەها تەکسی نێوان شارەکان و پارێزگاکان کە هاتووچۆی دەرەوە دەکەن بە ڕەنگی قاوەیی دەبێت. هەروەها لە بەشی ناوەوەی تەکسییەکە لەسەر باڵیفەکانی دواوە و لەسەر جامی پێشەوە سێ کارتی زانیاری هەن کە تەواوی پێناسی شۆفێرەکەی لەسەرە، کە بە سێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی نووسراوە لەگەڵ وێنەی شۆفێرەکە و کۆدی سەر تەکسییەکە و ژمارەی ئۆتۆمبێلەکە و چوار ژمارەی پەیوەندیکردن بۆ سکاڵاکردن لە کاتی ڕووادانی هەر ڕووداوێک بۆ سەرنشین دانراوە. هەروەها بە گوێرەی گرێبەستەکان، ئەو ڕەنگە جیاوازانەی لۆگۆی لکێندراوی دەرەوەی تەکسی وا لە پۆلیسی هاتووچۆ دەکات کە بتوانن تەکسیەکانی شارە جیاوازەکانی کوردستان لە یەکتر جیابکەنەوە و ڕێگا بە تەکسی نادرێت لە شارێک زیاتر کار بکات، ئەمەش دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی جەنجاڵی هاتووچۆ تا ڕادەیەک. لە بڕیارێکی دیکەشدا هاتووە جگەرەکێشان لەناو تەکسی و پاس بەهەموو شێوەیەک قەدەغەیە وە نابێت ڕادیۆ و تەسجل پێ بکرێت مەگەر بەخواستی سەرنشینەکە نەبێت.

بە بڕیاری وەزارەتەکانی ناوخۆ و گواستنەوە سیستەمی تەکسی لە هەرێمی کوردستاندا ڕێکدەخرێت



بەهۆی مەترسیی داعشەوە شەش گوندی کورد لە خانەقین چۆڵکراون

داعش لە 200 گوندی سنووری پارێزگای دیالەدا جموجووڵ و چالاکیی زۆرە، هێزە ئەمنییەکانی عێراق ناتوانن کۆنترۆڵی دۆخی ئەمنی ئەو ناوچانە بکەن، ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی لە سنووری شارۆچکەی خانەقیندا لە ترسی داعش شەش گوندی کورد چۆڵبکرێن. هاوواڵتییەک کە پێشتر لە شارۆچکەی خان بەنی سەعدی سەر بە پارێزگای دیالە بووە و لە ترسی هەڕەشەی چەکدارانی داعش و گرووپە تووندئاژۆکان ئاوارەی سنووری نەوجولی سەر بە شارۆچکەی کەفری بووە، بە ڕووداوی ڕاگەیاند لە خان بەنی سەعد لە ترسی گرووپە تووندئاژۆکانی وەک قاعیدە هەڵهاتین، لێرەش داعش لە چیاکەن و نازانین بۆ کوێ بڕۆین.
چەکدارانی داعش لە سنووری پارێزگای دیالە، زنجیرە چیای حەمرین، دەشتی نەدا، تبج و پشت شارۆچکەی قەرەتەپە هەژموونی خۆیان بەسەر زیاتر لە 200 گوندا سەپاندووە.
بەپێی زانیارییە هەواڵگرییەکان، داعش قۆناخی خۆڕێکخستنەوەی تەواوکردووە. ئێستا هێرش دەکەنەسەر خەڵک و سوپا. بەپێی ئاماری هەواڵگریی هێزەکانی سوپای عێراق و پۆلیسی نەهێشتنی تاوان، ژمارەیان لە دیالە تاوەکو کەرکووک لە 1500 چەکدار زیاترە.
کەریم عەلی، جێگری پارێزگاری دیالە بە ڕووداوی ڕاگەیاند گوندنشینەکان خۆیان پاسەوانی لە ماڵ و ئاژەڵەکانیان دەکەن. سەرباری ئەوەش چەکدارانی داعش بە کۆمەڵ بەسەریاندا دەدەن، لێیان دەکوژن و سەرانەش لە دەروونیەکان لە شاری هەولێر دروست دەکرێ. ئەمە لە کاتێکدایە کە سنووری خانەقینیش شەش گوند چۆڵیانکردووە، قوفڵ لە دەرگاکانیان دراوە. ئەو گوندانەن کە بەردەوام داعش زەفەری پێدەبردن، بۆیە بە ناچاری گوندەکانیان جێهێشت.
جێگری پارێزگاری دیالە ئاماژە بەوەش دەکات هیچ هێزێکی ئەمنی لەو ناوچانەدا نین. ئەم گرفتەیش چارەسەر ناکرێت، چونکە ناوچەکە فراوانە. جاران پێش 16ی ئۆکتۆبەر هێزەکانی پێشمەرگە و ئاسایش بەسەر ئەو ناوچانەدا زۆر زاڵبوون. پاش ئەو ڕێکەوتە ئەو هێزانە لەو سنوورە کشانەوە.

کەرکووک... لە ڕووداوێکی هاتوچۆدا بارهەڵگرێک پێنج گەنج دەشێلێت

لە گەڕەکی (فەیلەق)ی کەرکووک، لە ڕووداوێکی هاتوچۆدا بارهەڵگریک کۆنترۆڵی لەدەست داوە و پێنج گەنجی شێلاوە.
بەپێ زانیارییەکانی (باسنیوز)، نیوەشەوی ڕابردوو لە کەرکووک، بارهەڵگرێک بەهۆی خێرایی زۆرەوە کۆنترۆڵی لەدەست دا، بەم هۆیەشەوە پێنج گەنجی شێلا کە لە دەروازەی گەڕەکەکە بوون، بەهۆی سەختیی بریندەکانیان، سەرجەمیان ڕەوانەی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ئازادی کران. دوای گەیاندنی بریندارەکان بۆ نەخۆشخانە، دوو لە گەنجەکان گیانیان لەدەست داوە.



داقووق.. باوکێک کۆڕەکەی خۆی کوشت

شەوی پێنجشەممە 2019/11/28 لە گوندێکی سنووری شارۆچکەی داقوق، باوکێک کۆڕەکەی خۆی کوشت و پاشتر هەڵات. پەیامنێری(باسنیوز) لە شارۆچکەی داقووق ڕایگەیاند، شەوی پێنجشەممە 2019/11/28 لە گوندی تۆپزاوای کاکەییەکان پیاوێک بە ناوی نەجات ئەحمەد بە فیشەک کۆڕێکی خۆی بە ناوی حەسەن نەجات کوشتووە دواتر ڕایکردووە.
بەپێی زانیارییەکان، کۆژراوەکە کارمەندی پۆلیسی خۆجێیی شارۆچکەی داقووقە و تەمەنی40 ساڵە، بەپێی گوتەی شایەتحاڵەکانیش ئەو باوک و کۆڕە کێشەیان هەبووە.



مسلم دزلەمەری

لەوەرزی خوێندندا دەبێ چۆن چاودێری منداڵەکانمان بکەین؟

چاودێری کردنی منداڵان هەمیشە ئەرکی سەرەکی سەرشانی دایک وباوکانە جا لەهەر رویەکەوە بێت پێویستە لەسەر هەر دایک وباوکێک بەدرێژای ژیان بەرنامەی تایبەت بە چاودێری کردنی منداڵەکانیان هەبێت . بەتایبەتی ئەو منداڵانەی کەتەمەنیان لە خواروی 18 ساڵیدان . لێرەدا من تیشک دەخەمە سەر ئەو دایک وباوکانەی کە منداڵەکانیان قوتابین ,کەتا چەن پێویستە لەسەر دایک وباوکانیان چاودێریەکی وردیان بکەن بەشێوەیەکی بەرنامە دارێژراوی رۆژانە وبەشێوەیەکی پەروەردەی دوور لەهەموو بنەماکانی دژە پەروەردەی ئەویش بەم شێوەیەی خوارەوە.

سەرەتا باس لەوئەرکە هەمیشەیانەی دایک دەکەین کەرۆژانە پێویستە ماندوبونی خۆی زیاتر بکات لەوەی کەهەیەتی ,ئەویش زووئامادەکردنی منداڵەکانی بۆ قوتابانە ئەویش بەرێکخستنی جلوبەرگی تایبەتی قوتابخانەو هەروەها دانی خواردنێکی بەسود بۆ منداڵەکانی ,چونکە هەر منالێک بەبێ خواردن بێتە قوتابخانە توانای بەرگری جەستەی زۆر لاواز دەبێت وە لەروی گوێ گرتن وتێگەیشتنەوە تواناکانی کەم دەبێت و زیاتر پەنا دەباتە بەر خواردنی چیپسو شیرینەمەنی جۆراو جۆر کەئەویش دەبێتە هۆی تیکدانی باری تەندروستی منداڵان

پێویستە لەسەر هەموو دایکێک رۆژانە کاتی گەرانەوەی منداڵەکانیان لەقوتابخانە پێشوازیەکی گەرمییان بکەن بۆ ئەوەی هەست بەبەرپرسیاریەتی خۆیان بکەن وبزانن کەئەوان کارێکی گرنگ ئەنجام دەدەن و دایک وباوکیان بەکارەکەیان دڵ خۆشن کەئەویش خوێندنە . وە پێویستە لەسەر دایکان کە پێش ئامادەکردنی خواردن داوای شوشتنی دەست وچاو لەمنداڵەکانی بکات و رێنمای تەندروستیان بکات وە گۆرینی جل وبەرگی قوتابخانەش گرنگە لەکاتی پشودان

,وەراستەو خۆ دوای پشودانی منداڵەکان پێویستە لەسەر دایک داوا لەمنالەکانی بکات کە ئەرکەکانی قوتابخانەبخانە بەتایبەتی ئەرکی ماڵەوە هەرچەندە ئەگەر دایک خوێندەواریش نەبێت بەڵام لێپرسینەوەی بۆ منداڵەکانی زۆر گرنگە ,چونکە باوک بەردەوام لەدەرەوەی ماڵەوە کاتی بەرۆژ زۆر کەمترە لەدایک بۆ چاودێری کردنی رۆژانەی منداڵەکانی بەتایبەتی ئەوانەی کەکارەکانیان دوورن لەماڵەوە.

ئەرک وپێویستی باوک بۆ چاودێری کردنی منداڵەکانی لەبواری پەروەردە پێویستە لەسەر هەر باوکێک بەڵایەنی کەمەوە حەفتەی جارێک سەردانی قوتابخانە بکات وبەوردی چاودێری گشت لایەنەکانی منداڵەکانی بکات وە بەبەردەوامی پێویستە پەیوەندی لەگەڵ بەرێوەبەرو مامۆستایان هەبێت بۆئەوەی لەبچوکترین گرفتی منداڵەکەی ئاگادارببێت جا لەهەر بارەیەکەوە بێت، وە بۆئەوەی کە هەر دەم منداڵەکانی هەست بەوەوە بکات کە باوکیان چاودێری دەکات و دەبێت ئەرکەکانیان بەباشی ئەنجام بدەن وەکو قوتابیەک.

دابین کردنی پێداویستیەکانی قوتابخانە ئەرکێکی هەرەگرنگە بۆ باوکانی ، بەڵام ئەویش بەپێی تواناوە نەک لە خۆیەدەر بێت وە ئەگەر توانای مادی هەرباوکێکیش باش نەبێت دەبێت منداڵەکانی خۆی وا پەروەردە بکات کەهەست بە بون ونەبون ومانداووبونی باوکیان بکەن ,وە هەر وەها فێرکردنی منداڵەکان بۆ پاراستن وچاودێری کردنی کەلوپەلی قوتابخانە کارێکی زۆر گرنگە بەتایبەتی بۆ ئەو خێزانانەی کە کەم دەرامەتن ,چونکە پاراستنی کەلو پەل دەبێتە هۆی کەمتر خەرجیاتی خێزانەکە.

چاودێری کردنی باوک لە هاوکاری کردنی منداڵانیان بۆ خوێندن بەتایبەتی قوتابیانی پۆلی یەکەم ودووەم وسێ یەم ,ئەگەر ئێمە تەماشا بکەین شەو رۆژ 24 کاتژمێرە لەم 24 کاتژمێرە 10کاتژمێر بۆ خەوتن دابنێین لەو 14 کاتژمێرەی ماوە قوتابی 4کاتژمێر لەقوتابخانە دەبێت گرینگان رۆژانە 2 وانەی کوردی دەبێت بۆ هەروانەیەک 40 خولەکە واتە 80 خولەک بۆ وانەیەکی کوردی ئەگەر 20 قوتابیمان هەبێت هەر قوتابییەک 4 خولەکی بەر دەکەوێت ئەگەر باوک یان دایک لەو 10 کاتژمێرەی ماڵەوە 1 کاتژمێر کاتی خۆیان بدەنە منالەکانیان بەهاوکاری کردن لەگەڵ مامۆستایان ئاستی منداڵەکانیان چۆن دەبێت ؟ بێ گومان دەڵێین زۆر باش دەبێت ,هەروەک چۆن پەندێکی کوردی خۆمان دەڵێت (چەپڵە بەدەستێک لێنادرێ) جالێرەدادایکان وباوکان دەستەکانتان بخەنە نێو دەستی مامۆستایان وبەهاوکاری یەکتری منداڵەکانتان پێش بخەن ونەوەیەکی پرلە زانست وزانیاری بۆ ولاتەکەتان بەرهەم بێنن.

گرنگی پەروەردەی هونەر لە پرۆسەی پەروەردە



بەکر کەریم حەسەن



قوتابیان لەکاتی وانەی هونەر

فەیلەسوفی یۆنانی بەناوبانگ ئەرستۆ دەڵێ: (هونەر جۆرێکە لە جۆرەکانی چارەسەرکردن).

ئامانجی سەرەکی لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن بەرهەم هێنانی نەوەیەکە بۆ کۆمەڵگە و وڵات، نەوەیەکی قازانج بەخش و سوود بەخش، نەوەیەکی کاراو وشیار لە هەموو رووبەکەوە بە تایبەتی رەفتار و کردار و گوفتاری باش و مرۆڤ دۆستانەی هەبێت، وە بتوانێ لەگەڵ رووداو و رەهەندەکانی رۆژگار خۆی بگونجێنێ و ببێتە تاکێکی سوودبەخش و ئارام بەخش بۆ کۆمەڵگە، بێگومان ئەوەش لە خۆڕا و بە ئاسانی نایەتەدی لە ئەنجامی خوێندنی بابەتە زانستی و وێژەیی و بەهاکان و کارامەییەکانی ژیان و بابەتە هونەرییەکانە ، کە چالاکییە قوتابخانەییەکان زۆر گرنگن بۆ بەدەست هێنان و قازانج کردن، بابەتە هونەرییەکانی وەکو وێنە و نیگار و مۆسیقا و بابەتە جۆراوجۆرەکانی هونەر بە گشتی کە گرنگی زۆریان هەیە لە ژیانی قوتابی، بەڵام بەداخەوە وەکو پێویست سوودیان لێ وەرناگیرێت. کە خۆی لە خۆیدا پەروەردەی هونەری گرنگی و بایەخی زۆری هەیە بۆ قوتابی، چونکە تاکە بابەت کە بتوانێ گیانی داهێنان و ئافراندن وخەیاڵ و ئەندیشە لە لای قوتابی بڕوێنێ و بیچێنێ بابەتی هونەرە، بۆیە هەر کاتێک ویستت منداڵەکەت یان قوتابییەکەت قوتابییەکی زیرەک و وریا بێت، پێویستە فێری ئەندێشە و خەیاڵ و چیرۆکی خەیاڵی بکەیت، وە فێری وێنە و نیگارکێشانی بکەیت، بۆیە بابەتی هونەر بەشێکە لە بەشەکانی پلانی پەروەردە و فێرکردن، چ لە رووی ئەوەی دەتوانێ سوود لە کاتە بەتاڵ و زۆرەکان وەربگرێ ئەو کاتانە بەکار بهێنێ بۆ کاتی بە سوود. ئەویش بە خوێندنەوە و پراکتیزەکردنی جۆرێک لە جۆرەکانی هونەر، یانیش بابەتی هونەر لە هەمان کاتدا جۆرێکە لە جۆرەکانی هاندانی قوتابی لە سەر دەربڕین بەتایبەتی ئەوەی لە ناخی قوتابی پەنگی خواردوە و ناتوانێ بە زمان دەربببڕێ، ئەوا لە ڕێگای وێنە و نیگار و مۆسیقا و جۆرەکانی تری هونەر دەتوانێ بە ئاسانی دەربان ببڕێت، لە هەمان کاتیشدا دەبێتە بەهرە و داهێنانێک لای قوتابی و بەرجەستەکردنی ئەو ببرۆکەیەی لە هزر و بیری قوتابی دایە بیخاتە سەر کاغەز چ لە ڕێگای وێنە و نیگار، یانیش شیعر و نووسین و چیرۆک و پەخشانە شیعر لە کۆتاییدا دەبێتە بەهرە و داهێنان و بەرهەم، هەروەها بابەتی هونەر متمانە و دڵنیایی و جورئەت و بوێری لای قوتابی زیاد دەکات، وای لێ دەکات بەردەوام هەوڵ بدات و کۆڵ نەدات و هاوکاری و تەبایی لەگەڵ هاوڕێیەکانی و دڵسۆزی و خۆشەویستی بۆ خاک و نیشتمان و کەسەکانی هەبێت لە ڕێگای بەرهەمەکانی بیخاتە روو ، هەروەکو دەگێڕنەوە دەڵێن نوسەری ئەمریکی"کیرت فونیغوت" نامەیەک بۆ کۆمەڵێ لە قوتابییەکانی قوتابخانەیەک دەنووسێ کە داوایان لێ کردبوو سەردانیان بکات، ئەویش نەیتوانی سەردانیان بکات، بەڵام لەنامەیەکدا بۆ قوتابییەکانی نووسی و بۆیانی ڕەوان کرد و داوای لێکردن پراکتیزەی هونەر بکەن بە هەموو جۆرەکانی "وێنە و نیگار و شیعر و چیرۆک ومۆسیقا و گۆرانی و نواندن و ئەندێشە و خەیاڵ" نەک بۆ ناو و ناوبانگ و دەوڵەمەندی، بەڵکو بۆ ئەوەی خۆتان بناسن و چی لە ناختان هەیە و پەنگی خواردووە و دەربببڕن و بزانن ئێوە لە ناخەوە چەند گەورەن.

ماوەتەوە بڵێم هیچ سیستەمێکی فێرکردن لە هەموو جیهان نییە کەوا بابەتە هونەرییەکان فەرامۆش بکات و نەخوێنێ بەتایبەتی وێنە و نیگار ومۆسیقا ، کە ڕۆڵی هەرە گرنگیان هەیە لە گەشەپێدان و پەرەپێدانی چێژ وەرگرتنی کۆمەڵگە، چونکە هەر لە منداڵیەوە دەست دەکەن بە چاندن و ڕووماندنی بابەتە هونەرییەکان لە ناخی قوتابی، چونکە ڕاهێنان و مەشق کردن لە بابەتە هونەرییەکان پاڵپشت و هاندەرێکی باشە بۆ گۆڕینی ڕەفتار و گوفتار و کردار و خۆڕەوشتی مرۆڤەکان و هێنانە بەرهەمی نەوەیەکی کارا و وریا ، کە بتوانێ بە ئاسانی لەگەڵ بارودۆخ و ڕووداوەکان بژی کە خۆی لە خۆیدا پەرەپێدان و گەشەپێدانی باشترین ئافراندن و داهێنان لای قوتابیان بەگشتی لە بابەتە هونەرییەکان دەست پێ دەکات.

*** بەڕێوەبەری گشتی چالاکی وەرزش و هونەر.**


پێویستە لە منداڵییەوە منداڵان فێری خۆشەویستی بکەین



قارەمان مستەفا

منالی ساوا سەرەتا لەناو خێزان چاوی دەبێتەوە ، یەکەمین هەڵس و کەوتی منالّ لەناو خێزان دەست پێ دەکات. لە ماڵەوە یەکەمین کاریگەری منالّ دەست پێدەکات ,ومنالّ کەم کەم گەورە دەبێت لەناو ئەو کۆمەڵگەیە.

تەرازوی تەندروستی جەستەی روحی منالّ بەستراوە بەو پەیوەندییەی کە خێزان هەیەتی لەگەڵ منالّ و تا چەند بۆ منالەکە تێ دەکۆشێت و پێداویستیەکانی دەستەبەر دەکات، بەڵام لێرەدا باسەکە کۆتایی پێ نایێت بەڵکو گرنگی پێدان و ڕوو لەیەکترکردنی دایک و باوکیش لە هۆکارە کاریگەرەکانی زیادبوونی تەندروستی روحی منالە و دەبێتە نموونەیەک بۆ ڕەفتاری کۆمەڵایەتی دوارۆژی منالّ، هەندێک جار دایک وباوک ئەوەندە سەرقالی دابین کردنی پێداویستی منالەکانیانن کە ڕەفتاری خۆیان ڕۆژبەڕۆژ سنوردارتر دەبێت و گرفتەکان ئەوەندە زیاد دەبن کە ژن ومێرد لەسەر باسی منالەکانیان دەکەونە مشتومر و هاتوهاوار. لەوانەیە ئەو باسە بەشێک لە ژیانی خێزانیان بێت، بەڵام دەبێ قبول بکەی کە بە تێ پەڕینی کات دەبێتە هۆی کەم بوونەوەی ئەفێنداری و خۆشەویستی ژن ومێردایەتی و لەیەک دوور بوونەوەیان لە یەکتر. راستە منالان پیویستیان بە پاراستنی هەموو لایەنەی دایک وباوک هەیە ,بەڵام نابێ ئەوەش لەبیر بکەین کە دایک وباوکیان و باوەریان بەیەکەوە هەبێت بە پشتیوانی دایک وباوکی دەتوانی ڕۆژانی پر لە دڵسۆزی و دڵخۆشیان هەبێت. تا ئەو جیگایەی کە هەڵسەنگاندن چەسپاندویەتی منالان ,نە یارمەتی منالان نادات بەڵکو دەبێتە هۆی گرفتی ڕوحی بۆ ئەوان. لەو کاتەی کە منالان پارێزراون لە ئەفێنداری دوولایەنەی دایک وباوکی دڵخۆش دەتوانن منالان سەرکەوتوویان هەبێت و مشتومری خێزانی بەسەر منالان ,نە یارمەتی منالان نادات بەڵکو دەبێتە هۆی گرفتی ڕوحی بۆ ئەوان. لەو کاتەی کەمنالان پارێزراون لە ئەفێنداری دوولایەنەی دایک وباوکی سەرکەوتنی خوێندنی منالان پەیوەندی بە لایەنی خێزانی باش و ئارام دەبێت. کەسایەتی کەسێک لە دەورانی منالی ئەو سەرچاوە دەگرێت و کەسایەتی هەر کەسێک لە دەورانی منالی دەکەوێتە ژێر چاودێری و فێر بوونی خێزانی گەورە بووبێت و فێر بێت لەبەر ئەوە ژیانی خێزانی کاریگەریەکی زۆری هەیە لە بریاردانی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی، ئەخلاقی و فێربوونی. لەو کاتەی کە خێزان باش بێت و دوور بێت لە تووندو تیژی و وسوسە، گەورە بوون وگەشانەوەی هەر کەسێک بە ئاسودەیی و تاک لە دەورانی ژیانی خۆی دڵخۆشترە. بە هەمان شێوە گرفتی خێزانی وفیشاری ڕەوانی تاک توشی گرفتی زۆر دەکات لە ژیانی کۆمەڵایەتی، تاکێکی کە توشی گرفتی خێزانیە لە دوا ڕۆژ توشی گرفتەکانی ئیش, فێرکاری و پەیوەندی دەبێت. ڕووبەڕوو بوونەوەی مەرجەکانی نەبوونیش هەتا ئەندازەیەک پەیوەندی هەیە بە شوێنی پەروەردە بووبێت و فێر بێت لەبەر کەسێک. کەسێک کە هەردەم لە لایەن خێزانییەوە تەشویق دەکری و پەروەردەیەکی باش دەکرێت, باوەر بەخۆ بوونی زیاتر دەبێت و دەبێتە کەسێکی بە توانا لەبەر ئەوە ,بەو پێشەکیە دێتەبەر چاو بۆ هەبوونی توانای زیاتر ژن وپیاو پیویستیان بە بەردەستی جۆراو جۆری سەردەمیانە هەیە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی گیرو گرفتە زەمەتەکانی پەروەردەکردنی منالان. ڕێگاکانی کە باس کراوە هەندێک یارمەتی خێزانەکان دەدات تاکو ئەو گرفتانە کەم بکاتەوە کە پەیوەندی هەیە بە منالەکانیان. لەو کاتەی کە منالەکانیان بچووکن، یارمەتی وەرگرتن لە خزمێکی باش یارمەتیەکی زۆری ژن ومێرد دەدات بە لایەنی کەم لە مانگی دووجار بتوانن بە تەنیا کات بەسەر ببەن و گەشتێکی دەرەوەی ماڵەوە بکەن. لە کەمترین کاتی کە ژن ومێرد بە تەنیا دەتوانن سود وەرگرن. نان خواردنی دوو کەسی لەو کاتانەی کە منالەکانیان لە قوتابخانەن یانیش سەردانێکی کورت لە ڕۆژدا توانای زۆر دەداتە ژن ومێرد تاکو بتوانن ئەفێنداری خۆیان بە باشی ڕابگرن. قسەکردنی دوولایەنە لە دوای نووستنی منالەکانیان بۆ گواستنەوەی ڕوداوی ڕۆژانەیان ونیشاندانی خۆشەویستی بۆ یەکتر، ڕێگایەکی تر کە یارمەتی ژن ومێرد دەدات کە بگەنە ئاسودەیی. لەو کاتەی کە ژن ومێرد بەیانی زووتر لە منالەکانیان لەخەو هەڵدەستن کاتێکی باشە بۆ قسەکردنی هەردوکیان و سەرەتای ڕۆژێکی دڵخۆشکەریان بۆ دروست دەبێت. پێشنیار دەکرێت بۆ هەموو ژن ومێردێک بەشداری کردن لە ئاهەنگی یادەوەریەکانی خێزانی یا هاوڕێیانە بە شێوەی خێزانی. پەیوەندی نێوان ژن ومێرد دەبێ لە پێشتریێ لە پەیوەندی هەر یەک لە ئەوان لەگەڵ پەیوەندی منالەکانیان. لە خێزانێکی پاک ,منالەکانیان ناکەونە نێوان باوک ودایکیان ,بەڵکو لە ژێر دەستی باوک ودایکیانن. زۆربەی ژنان و پیاوان لە دوای تێ پەڕینی چەند ساڵێک لە دەست پێ کردنی ژیانی خێزانیان، لە درێژایی ڕۆژدا کاتێکی کەم پەیوەندیان لەگەڵ یەکتر دەبێ وەکو بیانەوێت ئیش وکارێک بکەن کە تایبەت بێت بە ئیش وکاری خێزانی یان دەربارەی منالەکانیان بێت، لەو کاتەی کە ژن و مێرد باشترە لە تەواوی ڕۆژ ئەحوالی یەکتر بپرسن. منالانی خێزان لە هەموو شتێک زیاترپیویستیان بە ئاسایشی خێزانیە و بێ گومان بی لە پەیوەندی نێوان دایک وباوکی. بەکارهێنانی ڕێگای تایبەت بۆ نیشاندانی خۆشەویستی بۆ بەرامبەری دەتوانێ بێتە یەکترگرتنێکی زیاتر لە نێوانیان بۆ چارەسەر کردنی گرفتی منالەکانیان.



سەردانی بەرێز مەسرور بارزانی بۆ تورکیا هەوڵێکە بۆ چارەسەری کێشەکان

خەبات: تریفە ئازاد

بۆ زیاتر گرینگی دان بە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا، ڕۆژی پێنجشەممە 28ی 11ی 2019 بەرێز مەسرور بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە سەردانێکی فەرمی گەیشتە ئەنقەرە و لە لایەن ڕەجەب تەیب ئۆردۆغان سەرۆک کۆماری تورکیا مەولود چاوشۆغلۆ وەزیری دەرەوەی تورکیا بە جیا پێشوازی لێکرا و دیدارو کۆبونەوەیان سەبارە بە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا ئەنجامدا. وەزیری دەرەوەی تورکیاش ڕایگەیاند ئەو سەردانەی بەرێز مەسرور بارزانی گرینگی خۆی هەیە،شارەزایان و چاودێرانیش ئەم سەردانەی مەسرور بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە گرینگ دەنرخێنن بۆ زیاتر هەماهەنگی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا.



کرمانج عوسمان:
مەسرور بارزانی هەمیشە جەختی لەوە کردۆتەوە کە هەرێمی کوردستان نابێتە بەشێک لە ملمالێکان لە هەستیارییەکانی تورکیا تێدەگات

سەردانەکە ئاماژەیەکە بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرمانج عوسمان، پسپۆر لە پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان و مامۆستای زانکۆ لە پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان لە بارەی سەردانەکەی بەرێز مەسرور بارزانی و لە ڕوانگەی نێودەوڵەتی لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی:

وەک یەکەم سەردانی سەرۆکی حکومەت بۆ دەرەوەی وواڵات و بۆ تورکیا گرنگی تایبەتی هەیە لە ڕوانگەی تیۆری ئاسایشی سەردەم، واتە ئاسایشی کلاسیکی بەتەنها نا، بەڵکو ئاسایشی سەردەم کە پەیوەندی هەیە بە ئاسایشی خۆراک و ووزە و سنور و هاتوچۆ و هەموو بوارەکانی تری ئاسایشی مرۆیی، بۆیە تورکیا جوگرافیایەکی گرنگتری هەیە لە وواڵاتانی تری دراوسێ چونکە دەڕوانێتە سەر ئەورووپا، لە پەیوەندیە نێودەوڵەتییەکان تورکیا دەتوانێت کێشەی گەورە بۆ هەرێم دروست بکات و لەهەمان کات دەتوانیت دەرگای گەورە بۆ هەرێم بکاتەوە، ڕاستە تورکیا دژی پرۆسەی ڕیفراندۆم بوو بەڵام سنورەکانی دانەخست و ئابلوقەی نەخستە سەر کوردستان هاوشێوە ئێران. دواتر هەرێمی کوردستان و بەرێز مەسرور بارزانی هەمیشە جەختی لەوە کردۆتەوە کە هەرێمی کوردستان نابێتە بەشێک لە ملمالێکان بۆ نمونە پشتی لایەنێک بگرێت دژی ئەوەی تر واتە لە هەستیارەکانی تورکیا تێدەگات لە بواری ئاسایشی پۆلیس و سەربازی و لە هەمان کاتدا پاڵپشتی لە داوا ڕەواکانی مافی کوردان دەکات لە تورکیا واتە هەرێمی کوردستان و سیاسەتی دەرەوەی هەرێم بریتیە لە نێوەندگیری کردن و ئاشتەوایی لە نێوان تورکیا و لایەنە بەرهەڵستکارەکان نەوەک پشتگیری کردنی لایەنێک دژی ئەوەی تر، واتە هەرێمی کوردستان بەشێکە لە چارەسەر نەوەک کێشە، هەمان سیاسەتی بەرامبەر عێراق و ئێران و سوریا و وواڵاتانی تر هەیە. واتە دبلۆماسیەتی کوردستان بریتیە لە پاراستنی هاوسەنگی هێز کە بریتیە لە پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستان وەک دەرئەنجام. چەندین خاڵی هاوبەش و ناکۆکی هەیە لە نێوان تورکیا و کوردستان بەڵام خاڵە هاوبەشەکان زیاترن بۆیە سەرۆکی حکومەت هەوڵ دەدات لە خاڵە هاوبەشەکانەوە پەیوەندیەکان گەرم و گورتر بکات تاوەکو بەسەر خاڵەکانی تربش زاڵ بێت. سەردانەکە ئاماژەیەکە بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کەوا هەرێمی کوردستان وەک کارەکتەرەکی سەربەخۆ دەتوانی مامەڵە بکات و پەیوەندی نێودەوڵەتی خۆی پەرەپێبدات و وەک دیفاکتۆ مامەڵە بکات، واتە ئەوە بێتڕێزیەی کە بەرامبەر هاوواڵاتیانی گەشتیاری کورد کرا لە تورکیا لەسەر ئاڵای کوردستان، ئەوا مەسرور بارزانی بە دبلۆماسیەت ئاڵاکەی بە فەرمی شەکاندەوە لە ناو دامەزراوە فەرمیەکانی تورکیا واتە ئاماژەی کە پەیوەندی نێودەوڵەتی بە ڕق و کینە و بایکۆت و عاتیفە ناکرێت بەڵکو بە حیکمەت و سیاسەت و لیهاتویی دەکرێت، سەرۆکی حکومەتیش بە حەکیمانە ئەو پەیوەندیانە پەرە پیدەدات و پێشبینی دەکرێت لە داهاتوو سەردانەکان زیاتر بن و بەرهەمی زیاتری هەبێت.

سەردانەکە ڕەنگدانەوەی ئەرێنی لەسەر کەرتی بازرگانی دەبێت

هۆشمەند ڕەفیق مامۆستای زانکۆ و شارەزا لە بواری ئابووری لە بارەی گرینگی سەردانەکەی ڕێزدار مەسرور بارزانی بۆ تورکیا وپەیوەندییە ئابوورییەکانی نێوان هەرێم و تورکیا لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی:

سەردانەی فەرمییەکەی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان، بۆ وڵاتی تورکیا و پێشوازیکردنی لەلایەن گەورە بەرپرسانی تورکیا بەتایبەت سەرۆک کۆمارو وەزیری دەرەوەی تورکیا، لەو کاتەدا بایەخی خۆی هەیە، کە عێراق و ناوچەکە بە قۆناغێکی دژوار تێپەڕ دەبێت کە شارەکانی ئێران و عێراق ووروژاون و خۆپیشاندانیان تێدایەو تورکیاش لەسەر ئاستی ناوەخۆو دەرەوە ڕووبەڕووی ڕەخنەی زۆر بۆتەوەو هەڵوێستی خەڵکی کوردستانیش بە هەموو پارچەکانەوە لە ڕووی هەستی نەتەوەییەوە دژ بە تورکیایە و بەشێکی خەڵکی کوردستان بە هۆی سۆزی نەتەوایەتییەوە بایکۆتی دژ بە کاڵای تورکی ڕاگەیاندوە، بەڵام لەبەرامبەردا لەسەر ئاستێکی بەرزدا تورکیا پێشوازی لە سەرۆک وەزیری کوردستان دەکات و لەوێش لە ڕووی پرۆتۆکۆلییەوە وەک سەرکردەی دەوڵەتان پێشوازییەکە کراوە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە تورکیای دراوسێ هیچ ئەو ئومێدەی لەسەر بەغدا هەڵیچنیبوو نەیاوە بە کردنەوەی دەروازەی دیکەی سنووری بۆ بازرگانیکردن لەگەڵ عێراقدا، بۆیە جارێکی دیکە دەیەوێت پەیوەندییە بازرگانی و ئابووریەکانی لەگەڵ کوردستان بەهێز بکاتەوەوسۆزی کوردان بەلای خۆیدا ڕابکێشێت لە هەموو پارچەکاندا کە ڕەنگدانەوەی ئەرێنی دەبێت لەسەر ئاستی سیاسەتی نێوەخۆیی و دەرەکی و کاریگەری دەبێت لەسەر ئاستی پەیوەندییە ئابوورییەکانی کە لەو ماوەیەدا بەرەو لاوازی ڕۆیشتبوو، بەتایبەت ئاستی هەناردەکردنی بۆ کوردستان و ناوچەکانی دیکەی عێراق، لەبەرئەوەی تورکیا لە ئێستادا جگە لە هەرێمی کوردستان هیچ دەروازەی دیکەی نییە لە ناوچەکەدا بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەکانی و ساغکردنەوەی بەرهەمی کاڵای کۆمپانیاکانی، ئەوەش وا دەکات کەمتر ڕووبەڕووی ڕەخنەی کۆمپانیا تورکییەکان بێتەوە تا هەم بەرهەمەکانیان بۆ کوردستان هەناردە بکەن و هەمیش بەردەوامی بە کارەکانیان بدەن لە هەرێمی کوردستان کە نزیکەی 50% کۆمپانیا بیانییەکانی کوردستان، کۆمپانیای تورکین.ئەوا لەو ڕوانگەوە سەردانەکەی سەرۆک وەزیرانی کوردستان، لەو ئاستە بالایەو بەو شێوەیە پرۆتۆکۆلییەوە، ڕەنگدانەوەی ئەرێنی لەسەر کەرتی بازرگانی دەبێت، بەو هیوایەی ئەوەی کە پەیوەندییەکان تەنها لەسەر ئاستی بازرگانی کۆنەبکەنەوە، بەڵکو ببێتەهۆی بووژانەوەی کەرتە ئابوورییەکان بەگشتی بەتایبەت لە کردنەوەی کارگەو کارخانە بۆ ئەوەی ئاستی بەرهەمی ناوخۆیی بەرزبێتەوەو ڕێژەی هاوردەکردن کەمتربێتەوە تا ئابووریەکی بەهێز دروست بێت.



هۆشمەند ڕەفیق:
سەردانەکەی سەرۆک وەزیرانی کوردستان، لەو ئاستە بالایەو بەو شێوەیە پرۆتۆکۆڵە فەرمییە، ڕەنگدانەوەی ئەرێنی لەسەر ئاستی سیاسی و کەرتی بازرگانی دەبێت

تورکیا بۆ هەرێمی کوردستان بایەخی خۆی هەیە
عبدلستار باغەمرەیی، شارەزای هەڵسوکەوتی سیاسی و سەربازیی لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا و نکوڵی لەوە ناکرێ، تەنانەت ئەمریکا و زۆربەی وڵاتانی دیکەی جیهان ناتوانن دەستبەردار بن لە وڵاتە بن و پەیوەندییەکانی لەگەڵدا بپچڕێنن، واتە لەسەر ئاستی دیپلۆماسی بالای وڵاتاندا ڕۆڵ و پێگە و پەیوەندییەکان لەگەڵ تورکیا لە ناوچەکەدا وەبەرچاوگیراوە. لە هەمان کاتدا تورکیا لەسەر ئاستی ئابووریدا بۆ هەرێمی کوردستان و تەنانەت وڵاتانی جیهانیش گرنگی خۆی هەیە، سالانە ئاڵوگۆڕی بوارەکانی وزە و بازرگانی لە نێوان هەرێمی کوردستان و ئەو وڵاتەدا گەشەی زیاتر دەکات، ئەگەرچی تورکیا



عبدلستار باغەمرەیی:
تورکیا لەسەر ئاستی ئابووریدا بۆ هەرێمی کوردستان و تەنانەت وڵاتانی جیهانیش گرنگی خۆی هەیە

نوسەر لە کارو باری تورکیا لە بارەی گرینگی سەردانەکەی بەرێز مەسرور بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: دیارە سەردانەکەی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان بۆ ئەنکەرە چاوەڕوانکراو بوو، بەهۆی ئەوەی سەرۆک وەزیران لە ئەرکە نوێیەکەیدا هەوڵ دەدات لە میانی ئەو سەردانانە و دیدار و کۆبوونەوەکانی لەگەڵ بەرپرسانی وڵاتان بەتایبەت وڵاتانی هەرێمی، جارێکی دیکە دووپات لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا بکاتەوە. ئاشکرایە هەرێمی کوردستان وەک قەوارەیەکی سیاسی لە ناوچەکەدا بوونی خۆی سەڵماندووە، پێشووتریش لەسەر ئاستەکانی سیاسی، ئابووری و بازرگانی تەنانەت فەرهەنگیشدا چەندان پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکەدا بەستووە، پەیوەندییەکانیش یەکلایەنە نین، واتە بە تەنیا هەرێمی کوردستان پێویستی بە وڵاتان، نەخاسمە وڵاتانی دراوسێ نییە، بەڵکوو پەیوەندی و بەرژەوەندییەکان دوو لایەنەن و لەسەر بنەمای سوودی هەردوولادا دامەزراون و ئەوانیش سوود لە توانا سیاسی و ئابووری و بازرگانییەکانی هەرێمی کوردستان دەبینن، بۆیە سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان لەسەر ئەم بنەمایە سەردانەکەی بۆ تورکیا ئەنجام داوە. ئەگەر لە ڕوانگەی سیاسییەوە تەماشا بکەین، سەردانەکە ئاسایی بووە و ڕووداوێکی ناچاوەڕوانکراو نییە، چونکە بە سیفەتی سەرۆک وەزیرانی هەرێمێک بۆ ئەو وڵاتە چووە و هەر بە سیفەتی سەرۆک وەزیرانیش لە لایەن بەرپرسانی بالای ئەو وڵاتەوە پێشوازی لێکراوە. سەردانەکەی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان لەم قۆناغەدا کە لە عێراق و ناوچەکەدا ڕووداوی جۆراوجۆری مەیدانی و دیپلۆماسی تێیدا بوونیان هەیە، پێویستی بەوە هەیە، لە پەیوەندییەکانی خۆیدا لەگەڵ لایەنی عێراق و وڵاتانی هەرێمی و تەنانەت وڵاتانی کاریگەری ناوچەکە و جیهان بەردەوام بێ و زیاتر پەردەیان پێ بدا، باشتر وایە هەمان ئەو سەردانانە بۆ وڵاتانی دیکەی دراوسێ و جیهانیش گرنگیان پێ بدرێ و دەروازەی نوێی پەیوەندییەکان لە نێوان هەرێمی کوردستان و ئەوانیدا بدۆزرێتەوە.

لە چەند ناوبڕێکی سیاسیدا لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا ساردی هەبووە، بەڵام بەشێکی دیکەی ئەم سەردانەی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوە بووە ساردییەکان لە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولادا کاڵ ببنەوە و نەمێنێن. لە ڕاستیدا هەرێمی کوردستان لەم قۆناغەدا کە لە عێراق و ناوچەکەدا ڕووداوی جۆراوجۆری مەیدانی و دیپلۆماسی تێیدا بوونیان هەیە، پێویستی بەوە هەیە، لە پەیوەندییەکانی خۆیدا لەگەڵ لایەنی عێراق و وڵاتانی هەرێمی و تەنانەت وڵاتانی کاریگەری ناوچەکە و جیهان بەردەوام بێ و زیاتر پەردەیان پێ بدا، باشتر وایە هەمان ئەو سەردانانە بۆ وڵاتانی دیکەی دراوسێ و جیهانیش گرنگیان پێ بدرێ و دەروازەی نوێی پەیوەندییەکان لە نێوان هەرێمی کوردستان و ئەوانیدا بدۆزرێتەوە.

کاروان محەمەد سینو

لەپەراوێزی سەردانی مەسرور بارزانی بۆ تورکیا
کیانی سیاسی و دیپلۆماسی کوردستان زیندوو کرایەوە

شاراوەنییە کە پاش ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەری 2017، کیانی سیاسی هەرێمی کوردستان وەکو هەرێمێکی عێراقی فیدراڵ، دووچاری گەمارۆی سیاسی و ئابووری و دیپلۆماسی بووەوە لەلایەن وڵاتانی دراوسێ و هەندێک وڵاتی دیکە و کوردستان لە ڕووی دیپلۆماسییەوە دووچاری گۆشەگیری کرابوو.
لەبیرمانە کە ئەوکات نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان بوو، بە هەماهەنگی وڵاتی فەرنسا و خودی بەرێز ئیمانوێل ماکرۆن، لە 1ی کانوونی دووم 2017، نێچیرڤان بارزانی تۆقی گەمارۆی سیاسی و دیپلۆماسی شکاند و لە وڵاتی فەرنساوە هەرێمی کوردستان دەرگای دیپلۆماسییەتی کردەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەرێمی کوردستان وەکو کیانێکی سیاسی لە عێراقی فیدراڵدا لەلایەن وڵاتانی دراوسێیەوە لە ئاستێکی دیارکراودا هامشۆی لەگەڵدا دەکرا.
ئینجا دوابەدوای پێکهاتنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کابینەیە نوێیەم لە 10ی تەموزی 2019 بە سەرۆکایەتی مەسرور بارزانی، ئەرکەکانی مەسرور بارزانی قورس و هەمەلایەن بوون، لەبەر ئەوەی بارودۆخی سیاسی (ناوخۆ و دەرەکی) و دیپلۆماسی و ئابووری و بژێوی ژیانی خەڵک ناهەموار و نالەبار بوو. بەڵام هەر لە دەستپێکی دەستبەکاربوونی، مەسرور بارزانی لە 7 تەوەری زۆرگرنگدا کارنامەی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی دارشت لە سەر ئاستی (1-چاکسازی، 2-خزمەتگوزارییەکان، 3- پەیوەندیی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ، 4-ئازادی و دیموکراسی و پێکەوە ژیان، 5-پەیوەندییەکانی هەرێم لە سەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی، 6-ئابووری و دارایی، 7-بواری کارگێڕی).
پاش 140ڕۆژ لە دەستبەکاربوونی مەسرور بارزانی وەکو سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستان، ئەمڕۆ دەبین کە مەسرور بارزانی لە هەر حەوت تەوەری کارنامەی حکوومەتی کوردستاندا هەنگاوی بەرچاوی ناوە و لە هەر تەوەرێکدا قۆناغی ئامادەکاری و دەستپێکردنی بڕیوە و ئێستاکە لە قۆناغی جێبەجێ کردندایە.
یەکێک لەو حەوت تەوەرە گرنگانەی کارنامەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کابینەیە نوێیەم، بڕیتییە لە پەرەپێدانی (پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لە سەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا) لە ڕووی جەختکردن لەسەر پەیوەندییەکی باش لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ، بە جۆرێک کە ڕەچاوی بەرژەوەندیی هاوبەشەی دووڵانە بکرێ و ڕێز لە بوون و کیانی دووڵایەن بگیرێ و پەرە بە ئاستی پەیوەندییەکان بدرێ لە گشت بوارەکاندا.
هەروەها حکوومەتی مەسرور بارزانی لە کارنامەی خۆیدا ئەوەی خستۆتەڕوو، کەپشتگیری لە چارەسەریی ئاشتیانەی گشت کێشەکانی ناوچەکە دەکات و پێگەی هەرێمی کوردستان بە ئاراستەیەک بەکار دەهێنێت، کە بەشێک بێت لە ڕەوتی چارەسەری گرفت و ئاڵوزییەکان. بەم شێوەیە ئەمڕۆ دەبینین کە سەردانی مەسرور بارزانی بۆ تورکیا، هەنگاوی یەکەمە لە جێبەجێ کردنی تەوەرێکی دیکەی کارنامەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کابینەی نوێیەم، هەروەک مەسرور بارزانی بەڵێنی دابوو.
بەداخەوە... جێگای گومانە کە هەندێک میدیا و لایەن و کەسی کاڵفام و نابەلەد، بۆ چەواشەکردنی ڕایگشتی خەڵکی کوردستان، سەردانی مەسرور بارزانی بۆ تورکیا دوور لەڕاستی و بەپێی مەزندەی نەخۆشی خۆیان وێنا دەکەن. لەکاتێکدا سەردانی مەسرور بارزانی لەو پەڕی خەمخۆری و بەرپرسێتی بووە بەرامبەر دۆزی گەلی کورد بەگشتی و ئامانجەکانی هەرێمی کوردستان. بێگومان بەپێی لێدوانەکانی مەسرور بارزانی لە ئەنقەرە، کەباس لە پەیوەندی و کێشە و مژار و ڕۆژەڤی کوردستان و تورکیا کراوە لە ڕووی: مێژوویی و ستراتیژی و گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە و ئاشتی و سەقامگیریی لە بەرژەوەندیی خەڵکی ناوچەکە و پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی دیپلۆماسی و بازرگانی و گفتوگۆی نێوان کوردستان و عێراق و بەرەنگار بوونەوەی هەرجۆرە تیرۆرێک و هاوکاری لە دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەکان و هەماهەنگی تورکیا لەگەڵ نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ گەڕاندنەوەی ئاوارەزوومەندانەی ئاوارەکان بەپێی خواستی خۆیان دوورلە زۆرەملێ و ...هتد. هەڵبەت ئەمانە هەموو ئەمانە ڕەفتاری بەرپرسانەن لە چوارچێوەی کیانی سیاسی کوردستان کە دانپێنراوە لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی و ئەقلیمی و خودی عێراقی فیدراڵ. بۆیە جێگای گومانە کە هەندێک میدیا و لایەن و کەسی کاڵفام و نابەلەد ، ڕایگشتی خەڵکی کوردستان چەواشەدەکەن؟!!.
هەموومان دەزانین بەپێی یاسا و دەستوور و عورفی نێودەوڵەتی، هەرێمی کوردستان وەک هەرێمێکی دانپێنراوی نێو دەستووری عێراق، هەروەک چۆن مافی هەیە، لەبەرامبەریشدا ئەرک و بەرپرسێتی دەبێت لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ و وڵاتانی دراوسێی خۆی. هەرێمی کوردستان کە سنوورێکی دوور و درێژی هەیە لەگەڵ وڵاتی تورکیا (هەروەها ئیران و تاڕادەیەک سوریا)، هەڵبەت وەکو کیانێکی سیاسی و بەپێی یاسا و عورفی نێودەوڵەتی پێویستە ئەرک و بەرپرسیارەتی خۆی لە ڕووی دیپلۆماسی و پەیوەندییەکانی دراوسێییەتی بەجێبگەیێنێت، ئەگینا وەکو کیانێکی سیاسی زیندوو بوونی نابێت.
بۆیە چوونی مەسروور بارزانی بۆ تورکیا و هەوڵی پەرەپێدانی پەیوەندییەکان و تاوتوێکردنی مژار و ڕۆژەڤی ئەمڕۆی دەڤەرەکە و هەوڵی چارەسەر کردنی ئاشتیانەی کێشە و گرفتەکانی نێوان تورکیا و کورد، هەڵوێستێکی حەکیمانەیە بۆ گەڕاندەوەی ڕوحی زیندوبوونەوە بەبەر کیانی هەرێمی کوردستان کەپاش ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر دووچاری ئابلوقە و بەستەڵەک ببوو، هەروەها هەوڵێکی دیکەی ئاشتیانەی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان گەلی کورد و تورکیا.

بەمەبەستی لادانی سەرپێچییەکانی سەر کارەبا

لەمڕۆوە هاوڵاتیان دەتوانن سەردانی بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانگەکانی کارەبا لە سنووری پارێزگای هەولێر بکەن

بەڕێوەبەری گشتی کارەبای هەولێر: دوای ئەم وادەیە دەست بەهەڵمەتێکی فراوان دەکەین و ئەوانەی سەرپێچییان کردووە ڕووبەڕووی سزا و دادگا دەبنەوە



بەڕێوەبەری گشتی کارەبای هەولێر



بەدواداچوون: هاوار مورتکەیی

دوای ئەوەی ئەندازیار کەمال محەمەد سالح وەزیری کارەبا لەگەڵ پارێزگاری هەولێر کۆبۆوە و بڕیاردرا ماوەی مانگێک مۆڵەت بدرێتە ئەو کەسانەی گرفتی بەستنی پێوەر یا خود گرفتیان لە پێوەرەکان هەیە سەردانی بەڕێوەبەرایەتی و فەرمانگەکانی کارەبا لە سنووری هەولێر بکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان، لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا د. فرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێر بەئامادەبوونی ئەندازیار حوسێن حەمەد قادر بەڕێوەبەری گشتی دابەشکردنی کارەبای هەولێر و بەڕێوەبەری پڕۆلیسی هەولێر، هۆشداریی دایە ئەو کەسانەی زیادەڕۆییان کردووەتە سەر کارەبای نیشتمانی و مۆڵەتی یەک مانگی پێ دان.

فرسەت سۆفی گوتی: ئەوانەی زیادەڕۆییان کردووەتە سەر کارەبای نیشتمانی، یەک مانگیان لەبەردەستە بۆ ئەوەی بە ئیرادەی خۆیان ئەو زیادەڕۆییە لابەرن، بە پێچەوانەوە لە ڕۆژی (1ی کانوونی دووەمی 2020) کارەباکەیان دەبڕدرێت و ڕووبەڕووی دادگاییکردن و سزای دارایی توند دەکرێنەوە.

هەروەها پارێزگاری هەولێریش گوتیشی: هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان و خودی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بە توندی پشتیوانی ئەو هەوڵەمان دەکات و وەزیری ناوخۆ و زێرەڤانی و پڕۆلیس و دامەزراوەکانی دیکەی حکوومەت، بە هاوبەشیی کارەدەکەن بۆ سەرخستنی ئەو هەڵمەتە.

کۆبوونەوەیەکی نائاسایی بەمەبەستی گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست

ئەندازیار حوسێن حەمەد قادر بەتێروتەسەلی باسی لە گرنگیی ئەو بڕیارە کرد و گوتی: یەکێک لەهۆکارەکانی کەمیی کارەبا و پچڕ پچڕی دابەشکردنی کارەبا، ئەو سەرپێچیانەیە کە لەسەر تۆڕەکانی کارەبادا هەیە، دیارە یەکێک لە کارە ڕێوشوێنی پێویست بەم بڕیار و هۆشدارییە، دوێنێ بەڕێوەبەری گشتی کارەبای هەولێر سەرپەرشتی کۆبوونەوەیەکی فراوانی کرد کە بەڕێوەبەرانی دابەشکردن و فرۆشیاری وزە و بەشی یاساکانی سنووری پاریزگای هەولێر ئاماەبوون، کە تیایدا دوای گفتوگۆ و خستنەڕووی ئاستەنگ و کێشەکانی لەکاتی جێبەجێکردنی ئەو هەڵمەتە دێنە پێشەوە، چەند ڕێنمایی و بڕیارێکیان دەرکرد.

گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست

ئەندازیار حوسێن حەمەد قادر بەتێروتەسەلی باسی لە گرنگیی ئەو بڕیارە کرد و گوتی: یەکێک لەهۆکارەکانی کەمیی کارەبا و پچڕ پچڕی دابەشکردنی کارەبا، ئەو سەرپێچیانەیە کە لەسەر تۆڕەکانی کارەبادا هەیە، دیارە یەکێک لە کارە پێشینەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش باشترکردنی دۆخی کارەبایە، هەربۆیەشە لەم سۆنگەوە ئەو بڕیار و هۆشداریە درا کە لەماوەی مانگێکدا دەرفەت بە سەرپێچیکاران دراوە بۆ ئەوەی لەماوەی ئەو مانگەدا سەردانی فرۆشیاری وزە و فەرمانگەکانی کارەبا لە سنووەرەکانی خۆیان بکەن، بەمەبەستی لادانی سەرپێچییەکە و هەروەها گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست لەپەراوێزی ئەو بڕیارەوە، چونکە هەر هاوڵاتییەک دوای ئەو بڕیارە داوای کارەبا بکات، پیی نادرێت و خۆی بەرپرسیار دەبێت.

دەرفەتێکی باش ڕەخساوە

بەڕێوەبەری گشتی کارەبای هەولێر زیات دەڵێت: ئەگەر سەرپێچیکارانی کارەبا لەماوەی ئەو مانگەدا سەردانمان بکەن، ئەوا ڕووبەڕووی سزا نابنەوە، ئەویش سەرپێچییەکان بریتین لە: (بەبێ پێوەر کارەبای ڕاکێشابێت، لەژێر پێوەر کارەبای ڕاکێشابێت، دەستکاری پێوەری کردبێت، جامی پێوەری شکابێت، پێوەری کارەبای لێکرابێتەوە)، لەسەر ئەوانە پێویستە پاکانەی قەرزەکانیان بکەنەوە بەڵام سزا نادرێت، هەروەها ئەو خانوو و پیکهاتانەی کە بەبێ مۆڵەت دروست کراون و سەرپێچیان کردووە، لەماوەی ئەم مانگەدا سەردانی فەرمانگاکانی کارەبا بکەن، بەفەرمی هاوبەشیان بۆ دەکرێتەوە و پێوەریان بۆ دەبەستریت، لە ڕێگەی پرکردنەوەی بەڵێننامە و دەستەبەری دارایی (کفیل)، ئێمەش بۆ ئەوەی کۆبوونەوەیەمان ئەنجامدا تا تەواو ئامادەبین بۆ ئەوەی لە ئەمڕۆوە لە ئامادەباشیدا بین بۆ ڕایی کردنی مامەلەی سەرپێچیکارانی کارەبا کە سەردانمان دەکەن.

هەڵمەتێکی گەورە دەست پێدەکەین

دواتر ئەندازیار حوسێن حەمەد قادر بەڕێوەبەری گشتی کارەبای هەولێر سەبارەت بە دوای تەواوبوونی ئەو وادەیەی بۆ سەرپێچیکاران دانداوە گوتی: ئەم بڕیارەی وەزارەتی کارەبا و پارێزگای هەولێر دەرفەتێکی باشە بۆ ئەو هاوڵاتیانەی سەرپێچیان کردووە، بەبێ سزادانیان، سەردانی شوێنی پێویست بکەن بۆ ئەوەی سەرپێچییەکانیان هەڵگیرێت، وە چەندی زووتر سەرپێچیکاران سەردانی بکەن بۆ ئەوان باشترە بۆ ئەوەی لەماوەی ئەو مانگەدا ڕێوشوێنەکەیان بۆ تەواو بکرێت، هەروەها گوتی: ئێمە لەدوای تەواوبوونی ئەو وادەیە، لە 2ی کانوونی دووەم کە ئێستا میکانیزم و ڕێوشوێنی تایبەت دەگرینە بەر بۆ ئەوەی هەڵمەتێکی فراوان بۆ بڕینی سەرپێچی و سزادانای سەرپێچیکاران ئەنجام بدەین، بۆ ئەم هەڵمەتەش هەماهەنگی لەنێوان وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی کارەبا و زێرەڤانی و پۆلیس لە ئارادایە بۆ ئەوەی هەڵمەتەکە بەسەرکەوتوویی بەڕێوەبچێت.



لە هەولێر دەست بەسەر 90 تەن هێلکەی ماوەبەسەرچوودا گیرا

قایمقامی قەزای ناوەندی هەولێر:

لیژنەی پشکنین وچاودێری بازاڕ بەهاوکاری ئاسایشی هەولێر بەردەوام چاودێری بازاڕو شوێنە گشتییەکان دەکەن

ڕاپۆرت: فاتیح بەرزنجی

بەگوتەی هاوواڵاتیان لیژنەکانی پشکنین و بەدواداچوونی بازاڕ بەهاوکاری هێزەی ئابووری ئاسایشی هەولێر لە بازاڕەکان و شوێنە گشتیەکان و چەندین جار دەستیان گرتووە بەسەر دەرمانی کوالیتی نزم و خراپ و خۆراکی ماوە بەسەرچوو، بەڵام تائێستا کەسانی بێ ویژدان و ناڕۆشنبیر هەرماون بۆ ساغکردنەوەی ئەو خۆراکە خراپ و ماوەبەسەر چوانە.

نەبەز عەبدولحەمید قایمقامی قەزای ناوەندی هەولێر بۆ خەبات ڕوونیکردەوە: ڕۆژانە لیژنەی پشکنین و چاودێری بازاڕ ووردتر چاودێری بازاڕەکان دوکاندارانی ناو بازاڕ بکەن تا واز لەو کارە قێزەوونە بهێنن و ئیجرائاتەکانیش تووندتر بکەن ولەچوارچێوەی کارو چالاکیەکانی خۆیاندا بەوردی چاودێری هەموو شوێنەکان بکات و داوا لە پەرلەمانی کوردستان دەکەین کە هەوڵی ئەوە بدات پێداچوونەوەبۆ بڕگەوبابەتەکانی سزاکان بکات تا چیتر بازرگانان و کەسانی ناڕۆشنبیر هەوڵی هێنانی خۆراکی ماوە بەسەر چوونەدەن ئەوەتا دوێنێ لەلایەن ئاسایشی هەولێرەو هلە بازگەی دەربەندی گۆمەسپان دەست بەسەر 90 تەن هێلکەی ماوە بەسەرچوودا گرت و ئەوانەی کە ئەو کارەشیان ئەنجام داوە ئیجرائاتیان لەگەڵدا دەکرێت و دەدرێنە دەست دادگاو لێپرسینەوەشیان لەگەڵدا دەکرێت، دیارە ئەو هێلکەیەی کە دەستی بەسەردا گیراوە بەمەبەستی دڵنیا بوون لە تەندروستی و شیا وبوون بۆ خواردن ڕەوانەی ڤێتەرنەری هەولێر کرا تا پشکنینی تەواوی بۆ بکرێت لەو ژمارەیەش نزیکەی 81 تەن پشکنینی بۆ کراو پێویستە لەناو ببردرێت و شیاو نەبوو بۆ خواردن دواتر لەلایەکی دیکە لەلایەن لیژنەی بالای بەدواداچوونی دەرمان بەسەرۆکایەتی قایمقامیەتی هەولێر و دامەزراوەی کۆنترۆڵ جۆری دەرمان وبەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێرو بەشی پۆلیسی شارەوانی لەهەڵمەتێکدا لە شەقامی پزیشکانی شاری هەولێر پشکنینی تەواوی بۆ بکرێت و بەدواداچوونی چڕ بۆ 7 کۆگای دەرمان و دەرمانخانە کرا بەهۆی پابەند نەبوونیان بە ڕێنماییەکانی دامەزراوەی کۆنترۆڵی جۆری دەرمان توانرا چوار کۆگای دەرمان دابخرێت لەبەر پابەند نەبوونیان بووە بە ڕێنماییەکان پاشان نەبەز عەبدولحەمید قایمقامی قەزای ناوەندی هەولێر باسی لەوە کردوگوتی: دوای ئەوەی کەلەلایەن بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی تاوانی ڕێکخراوی سەر بە ئاژانسی پاراستن بەهاوکاری بەشی پۆلیسی شارەوانی توانرا دەست بەسەر سێ کۆگای گەورەی خۆراک و خواردن لە کۆگاکانی سەر ڕێگای هەولێر-گوێڕە لەوێدا خۆراکیان بە کۆگا دەکردو هەموو ئەو خۆراکانە ماوەکانیان بەسەر چووبوولەلایەکی دیکەیش لە چوار چێوەی کارو چالاکیەکانی لیژنەی پشکنین و بەدواداچوونی بازاڕی سەر بەقایمقامیەتی هەولێر بەدواداچوون بۆ کارگەیەکی دروستکردنی ماست و قەیماغ کراو بەهۆی پابەند نەبوون بە ڕێنماییەکان ئەو کارگەیە داخراو کار دانەوەی یاسایی بەرامبەر خاوەنەکەی دەگیرێتە بەر هەرلە چوارچێوەی کارو چالاکیەکانی ئەو لیژنەیە بەهاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی بەدواداچوونی کۆمپانیاکانی کلینیکی ڤێتەر نەریەکان و بەشی پۆلیسی شارەوانی توانرا دەست بەسەر بڕێکی زۆری دەرمانی ئاژەڵیدا گیرا کە ماوەکەیان بەسەر چووبوو جگەلەوەش قەدەغەکراو بوو ساختەش لەکارەکانیان هەبوو دیارە کۆمپانیایەکی تایبەت بەم بوارە هەیەو لەلایەکی دیکە هەرلەلایەن قایمقامیەتی هەولێر 9 شوێنی فرۆشتنی بەرووبوومی ئاژەڵی بەهاوکاری بەشی چاودێری و تەندروستی و سەلامەتی خۆراک لە ڕێگای بەشی پۆلیسی شارەوانی ئەو شوێنە دوای بەسەرکردنەوەی داخرا لەبەر هۆکاری سەرپێچی کردن بوو پابەندی ڕێنماییەکانیش نەبوو.

بەسەرکردنەوەی مارکێتەکان

هەر سەبارەت بە کاری لیژنەکانی پشکنین نەبەز عەبدولحەمید قایمقامی قەزای ناوەندی هەولێر ڕوونیکردەوە: لیژنەی پشکنین و بەدواداچوونی بازاڕ توانیەیەتی زۆربەی مارکێتە گەورەکان و مینی مارکێت و سوپەر مارکێتەکان بەسەر دەکاتەوە لەبەر بەرژەوەندی گشتی هاووڵاتیان و لەماوەیەشدا توانرا پشکنین بۆ 7شوێنی جیاجیا بکەن لەچەند گەڕەکێکی شاری هەولێرو بریتی بوون لە ڕێستۆرانت و سوپەر مارکێت و کۆگای بەرووبوومی ئاژەڵی و لەو بەسەرکردنەوەیەدا چەندین سەرپێچی تۆمار کران جگەلەوەش لیژنەی پشکنین و بەدواداچوونی بازاڕ 12 شوێنیان بەسەر کردەوەو بریتی بوو لە خواردنگەو مارکێت و مینی مارکێت و هوتێل و چێشتخانەو لەبەر پابەند نەبوونیان بە ڕێنماییەکان 3 شوێن داخران و ڕۆژی / 20 11یش هەرلەلایەن لیژنەی پشکنین و چاودێری بازاڕەوە 17شوێن بەسەر کرایەوە و بریتی بوو لە چێشتخانەو کافتریاومارکێت وئارایشتگا و شوێنی دروستکردنی ماست و بەهۆی پابەند نەبوونیان بە مەرج و ڕێنماییەکان چەند شوێنێک لێپرسینەوەیان لەگەڵدا کراوشوێنی دروستکردنی ماست و چێشتخانەیەک و کافتریایەک داخران و کاردانەوەی یاسایی بەرامبەر بە سەرپێچیکار دەگیرێتەبەرو ڕۆژی دواتریش لەلایەن لیژنەکە بەهاوکاری هێزەی ئابووری ئاسایشی هەولێر بە هەماهەنگی قایمقامیەتی قەزای ناوەندی هەو لێر دەست گیرا بەسەر 25 تۆن لە بەهاراتی جۆراوجۆرو هەموو ئەو بەهاراتانە لە زبڵخانەی کانی قرژالە لەناو بردران.

ون بوون
پسوولەی شارەوانی ٤ هەولێر بەبڕی ٣٢٤٠٠٠ ژمارەی پسوولە ٠٢٦١٩٣٣ بەروار ٢٠١٩/٨/٢١ بەناوی زاهیر اسعد عبدالرحمن ون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
* * *
ون بوون
دەفتەرگرانی ئۆتۆمبێلی لەبەڕێوەبەرایەتی گۆمرگی هەولێر دەرچووە ژمارەی ئۆتۆمبێل ١٤١٩١٧ هەولێر/ تایبەت بەناوی ناصح طه عزیز ون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
* * *
ون بوون
مەنەفێست بەناوی شرکە نیگای گەرمیان جۆری ئۆتۆمبێل مقطورە تریلە براد مع جهاز تبرید ڕەنگ شین + سپی ژمارەی شاصی: VM٤CD٣٨٠٢H٨A٠٢٧٠٧٩ ون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
* * *
ون بوون
مەنەفێست ئۆتۆمبێل بەناوی کۆمپانیا ڤارا ژمارەی مەنەفێست ١٢١٥٩٥ جۆری ئۆتۆمبێل ساحبە زراعیە نیوهولند ڕەنگ شین + ڕەش ژمارەی ئۆتۆمبێل ٧٧٤٧ کاتی دهوك مۆدێل ٢٠٠٦ ژمارەی شاصی: ACM٢٦٣٩٢٨ ون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.
* * *
دادگای باری کەسێتی کەلار
العدد : ١١١١ / ش /٢٠١٩
التاریخ: ٢٧ / ١١ / ٢٠١٩
تبلیغ
الی المدعی علیه / عمر أحمدی
اقامت المدعیه (هلاله عزیز رسول) الدعوی المرقمة ١١١١/ش/٢٠١٩ لدی هذه المحكمة وتطلب فیها (التفریق قبل الدخول) ولدی أرسال ورقة التبلیغ الیك فقد تبین بأنك مرتحل الی جهة مجهولة وحسب أشعار مختار المنطقة لذا فقد تقرر تبلیغك بمضمون الدعوی عن طریق النشر فی صحیفتین محلیتین یومیتین لغرض الحضور فی موعد المرافعة الموافق (٢٠١٩/١٢/١٥) الساعة (٩) صباحا وفی حال عدم حضورك او ارسال وكیل عنك ستجری المرافعة بحقك غیابیا.
القاضی / پروین علی أحمد
* * *
محكمة المواد الشخصية في الشمال
اعلان
الى المدعوه : كوجر خديدا يوسف
للطلب المقدم من قبل المستدعيه (هديه خديدا حسين) المتضمن نصبها قيمة عليك ولمجهولية محل اقامتك في الوقت الحالي تقررت المحكمة تبليغك اعلانا في صحيفتين محليتين للحضور امام المحكمة ولك الاعتراض على ذلك خلال ثلاثين يوم وعند عدم حضورك سوف تتخذ المحكمة الاجراءات ضدك وفق الاصول
القاضي / سعود حمود الذعار
* * *
محكمة المواد الشخصية في الشمال
اعلان
الى المدعو :١- خديدا حسين بشار ٢- امير خديدا حسين ٣- اميره خديدا حسين
للطلب المقدم من قبل المستدعيه (هديه خديدا حسين) المتضمن نصبها قيمة عليكم ولمجهولية محل اقامتكم في الوقت الحالي تقررت المحكمة تبليغكم اعلانا في صحيفتين محليتين للحضور امام المحكمة ولكم الاعتراض على ذلك خلال ثلاثين يوم وعند عدم حضوركم سوف تتخذ المحكمة الاجراءات ضدك وفق الاصول
القاضي / سعود حمود الذعار
* * *
مديرية تنفيذ زاخو
العدد /٦٩١ و٦٩٠/تنفيذ/٢٠١٩
التاريخ / ٢٠١٩/١١/٢٨
اعلان
قررت هذه المديرية اعلان المدينتين كل من ياسمين وزابيل بنات حيران جلبي ولكونهما مجهولتي محل الاقامة بموجب كتاب مركز شرطة دلال المرقم (٥٩٣٨) في ٢٠١٩/١١/٢٧ و(٥٩٣٧) في ٢٠١٩/١١/٢٧ وحسب اشعار مختار محلة كيسته في ٢٠١٩/١١/٢٦ وعليه قررت نشر اعلانهما في جريدتين محليتين يوميتين في اقليم كوردستان وتبليغهما بقرار الحجز التنفيذي على المبالغ المالية لهما وقدرها (١٨٨١٩٠٠٠) ثمانية عشر مليون وثمانمائة وتسعة عشر الف دينار والمودعه لدى محكمة بداءة زاخو والمتعلقة بدين الاضبارتين التنفيذيتين المرقمتين (٦٩١/تنفيذ/٢٠١٩) و(٦٩٠/تنفيذ/٢٠١٩)
منفذل عدل زاخو / خضر محمد حسن
* * *
محكمة المواد الشخصية في الشمال
اعلان
الى المفقود : عباس حمد ابراهيم
قدم السيد / غزالي سعدو كينجي طلبا الى هذه المحكمة حول فقدانك بتاريخ ٢٠١٤/٨/٣ ولمجهولية محل اقامتك تقرر تبليغك بواسطة صحيفتين محليتين ولك حق الاعتراض خلال مدة ثلاثون يوما من تاريخ النشر وفي حالة عدم حضورك سيتم اتخاذ الاجراءات القانونية وفق الاصول
القاضي / وليد فيصل البيجواني
* * *
محكمة المواد الشخصية في الشمال
اعلان
الى المفقود : حسين عباس حمد
قدم السيد / غزالي سعدو كينجي طلبا الى هذه المحكمة حول فقدانك بتاريخ ٢٠١٤/٨/٣ ولمجهولية محل اقامتك تقرر تبليغك بواسطة صحيفتين محليتين ولك حق الاعتراض خلال مدة ثلاثون يوما من تاريخ النشر وفي حالة عدم حضورك سيتم اتخاذ الاجراءات القانونية وفق الاصول
القاضي / وليد فيصل البيجواني
* * *
بەڕێوەبەرایەتی گەشتی گەشت و گوزاری هەولێر

بەشی مۆلەت
کۆد: ٦٠١
ژمارە: ٢٢٤٠
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١١/٢٨
ئاگادارکردنەوە
هاوڵاتی (خلیل قادر عولا) خاوەن مۆڵەتی کارکردن گەشت و گوزار ژمارە (٦٥٠) تایبەت بە بنگەی مۆتێل (نجوم بغداد) لەسەر داواکاری خاوەن بالەخانەی مۆتێل ئاگادارتان دەکەینەوە لەماوەی (١٥) ڕۆژ ئامادەبن لەبەڕێوەبەرایەتیەکەمان بەمەبەستی تنازل کردن لە مۆڵەتی کارکردنی گەشت و گوزار بۆ هاوڵاتی (زەردەشت عزیز محمود) بەپێچەوانەوە ڕێگای یاسایی دەگرینە بەر بە هەڵوەشانەوەی مۆڵەت.
حیدر حسن حسین
ج/ بەڕێوەبەری گشتی
* * *
بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی یاسایی و کارگێری و دارایی
بەشی یاسا
ژمارە: ٣٤
ڕێکەوتی ٢٠١٩/١١/٢٦
ئاگاداری
ئاگاداری سەرجەم هاووڵاتیان دەکەینەوە کە وەبەرهێنەر کۆمپانیای (تانج) کە پرۆژەی (مەم و زین) بە مۆڵەتی ژمارە (٢٩٠)ی وەبەرهێنان جێبەجێ دەکات ناوی پرۆژە لە (مەم و زین) دەگۆڕێت بۆ (LIFE TOWERS) هەر کەس و لایەنێك لاری هەیە لەسەر ناوگۆڕینەکە با سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گشتیان بکات لەماوەی (٣٠) ڕۆژ لە دەرچوونی ئەم ئاگادارکردنەوەیە.
سامان عارب صادق / بەڕێوەبەری گشتی
* * *
بەڕێوەبەرایەتی گشتی پ. هەولێر
گرێبەستە گشتیەکان
ژمارە: ٣٧٨٠١
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١١/٢٨
بانگهێشتی گشتی
ئاگاداری سەرجەم کۆمپانیاو نوسینگە و بەڵێندەران دەکەینەوە کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر هەڵدەستێت بە فرۆشتنی بە تەندەری ژمارە (٢) ساڵی (٢٠١٩) بەمەبەستی دابینکردن و گواستنەوەی نەوتی سپی بۆ گشت قوتابخانەکانی سنوری پەروەردەی قەزایەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی گشتی هەولێر بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٩ – ٢٠٢٠) بەرەزامەندی وەزارەتی دارایی و ئابووری بەڕێوەبەرایەتی گشتی خەرجیەکان ژمارە (١٣٣٥٤/٢/٢) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١١/٤) بۆ ئەم مەبەستە هەر کۆمپانیا یان نوسینگە یان بەڵێندەرێك توانای دابینکردنی هەیە دەتوانن سەردانی بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری دیوانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر بکات، بەمەبەستی کڕینی تەندەر بۆ شەداریکردن لە کەم کردنەوەی نهێنی لە ڕۆژی (یەك شەممە) ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٢/١ تاوەکو (٢٠١٩/١٢/١٣) وە نرخی هەر تەندەرێك ٣٠٠٠٠٠ سێ سەد هەزار دیناری عیراقیە وە ئەم برە پارەیەش گەڕاندنەوەی نییە بۆ خاوەنەکەی دواکات بۆ گەڕاندنەوەی تەندەرەکان ڕۆژی (یەك شەممە) ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٢/١٥ کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ دەبێت لەلایەن سکرتێری لێژنەی کردنەوە تەندەرەکان لە بەڕێوەبەرایەتی کارگێری لە دیوانی بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکەمان وە لە هەمان ڕۆژ کاتژمێر (١١) یانزەی پێش نیوەڕۆ و لێژنەی کردنەوەی تەندەرەکان هەڵدەستن بە کردنەوەی تەندەرەکان لەکاتی پشووی فەرمی دوا دەخرێ بۆ ڕۆژی دواتر.
مەرجەکان:
١- نەوتی سپی داواکراو دەبێت باشترین جۆری نەوت بێت بەپێی ستاندرادی عێراقی ساڵی (٢٠١٢)
٢- دەبێت لەپشکنینەکانی (SP.Gr,Flash Poin (Total Sulfu,Colour,Doctour Test دەربچێت.
٣- کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کۆمپانیایەی یان بەڵێندەرەی کە کەمکردنەوەکەی بۆ دەردەچێت.
٤- بارمتەی سەرەتایی بەبڕی (٣٪) ی گۆژمەی پێشکەش کراو بەچەکێکی پەسندکراو (مصدق) یان گرێنتینامەی (خطاب ضمان) یان بۆ ماوەی (٩٠) نەوەد ڕۆژ وەکو بارمتەی سەرەتایی کە پێویستە لە کاتی گەڕاندنەوەی تەندەر هاوپێچ بکرێت وە بەپێچەوانەوە پشتگوێ دەخرێت.
٥- ماوەی تەندەرەکە (نفاذ العطاءات) (٥٠) پەنجا ڕۆژ لە ڕۆژی کردنەوەی گرێبەستەوە.
٦- پێویستە کۆمپانیای بەشداربوو ئەستۆ پاکی نوێ باجی دەرامەت بۆ ساڵی (٢٠١٩) پێشکەش بکات لەکاتی گەڕاندنەوەی تەندەر وە ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی گشتپەروەردەی هەولێر بکرێت بەپێچەوانەوە تەندەر پشتگوێ دەخرێت.
٧- دەسەڵاتی گرێبەستکردن مافی ئەوەی هەیە سەرجەم تەندەرەکان ڕەتبکاتەوە بەپێی مادەی ١٤ برگەی (١-٢-٣-٤) ڕێنمای ژمارەی ٢ ساڵی (٢٠١٦) گرێبەستە حکومیەکان.
٨- دەسەڵاتی گرێبەستکردن بۆی هەیە تاك لایەنە گرێبەست هەڵبوەشێنێتەوە هەر کاتێ لەبەرژەوەندی گشتی بوو.
بەشدار عبدالخالق خضر/ بەڕێوەبەری گشتی
* * *
ئاگاداری
بۆ گشت لایەن و کەسایەتیە پەیوەندیدارەکان
من پارێزەر (ئامانج حسن محمد) کە بەپێی کۆنووسی بڕیاری دامەزرێنەری (کۆمپانیای ئامانج حسن محمد) کە لە ڕۆژی (٢٠١٩/١١/١١) بڕیار دراوە بە دانانم وەك پاکتاوکاری کۆمپانیا، بۆیە ئاگادارتان دەکەین کە کۆمپانیاکەمان پاکتاو دەکرێ و هەرکەس و لایەنێك پەیوەندی هەیە بە کۆمپانیا یان قەرزی لەلای کۆمپانیا هەیە، ئەوا لە ماوەی (١٠) دە ڕۆژدا پەیوەندی بە پاکتاوکاری کۆمپانیاوە بکات بەمەبەستی یەکلاییکردنەوە .
پاکتاوکار
پارێزەر / ئامانج حسن محمد
٠٧٧٠١٤١٨٨١٤
* * *
دادگای بارێ کەسایەتی ل دهوك
ژمارە/ ١٤٥٣/ش/٢٠١٩
ڕێکەفت/ ٢٠١٩/١١/٢٥
ئاگەهدارکرن ب بڕیارا پاشملە
ب/ ئاگەهداری
بۆ داوالێکری (مژگان پردلی نژاد) ڤێ دادگەهێ ل ڕێکەفتی ٢٠١٩/١١/٢٥ ێ دکێشا ل سەری دیارکری دا ئەوا هاتیە ڤەکرن ژ لایێ داواکار (أرمین عبدالرزاق حسین) بڕیاردا ب (اثبات زواج) دناڤبەرا تە وهەڤژینێ تە یێ داواکار و(اثبات نسب) یا کچا تە (هیلینا) وتە مافی نەڕازیبوونێ یێ هەی دماوێ دەه ڕوژان ژ ڕوژا ئاگەهدارکرنا تە ل ڕوژنامێ وبەروڤاژی وێ دێ فەرمانا ل سەری دیارکری ل سەر تە هێتە بجهئینان
دادوەر / مروان عادل اسماعیل
* * *
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە / ٢٠١٩/٣١٦٧
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١١/٢٨
ڕاگەهاندن
بڕیار هاتە دان ب فروتنا ترومبێلا ژمارە (٨٧٨٦٢/ دهۆك تایبەت) جۆرێ (تویوتا لاندکروز ستیشن) مۆدێل (٢٠١٢) ڕەنگ (سپی) ئەوا تۆمارکری بناڤێ قەردار (محمد اکتورك/ MEHMET AKTURK) وهاتیە دەستەسەرکرن لدیڤ داخازا قەرەدەر (شڤان صالح موسی) بکوژمێ (١٠٢٠٠٠٠٠) دەه ملیون ودوو سەد هەزار دینار هەر کەسێ بڤێت بکڕیت سەرەدانا ڕێڤەبەریا مە بکەت ل دەمژمێر (١٢) دوازدەی نیڤرو ل ڕوژا (١٠) دەهێ پشتی ڕاگەهاندنێ وتەئمیناتێن یاسایی دگەل خودا بینیت بڕێژا (١٠ ٪) ژ کوژمێ خەملاندی کو دبیتە (٤٢٠٠٠٠٠) چل ودوو ملیون دینار دگەل ڕەگەزناما عیراقی بو زانین ڕە سمێ تومارکرنێ وەدلالیەت لسەر بکری یە
ژڤان عزیز محمد / ڕێڤەبەر(جێ بەجێ کاری داد)
* * *
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە / ١٩٤٥/ ٢٠١٩
ڕێکەوت/٢٠١٩/١١/٢٨
پێراگەیاندنی فرۆشتنی بنبر
بۆ / قەرزار : جولین خامیس یوسف
لەبەر نەزانین ونەدیاری شوێنی نشتەجێ بوونت بۆیە بەپێی مادە (٢٧)ی یاسای جێ بەجێ کردن بڕیاردرا لە ڕێی ڕۆژنامەیەکی ناوخۆوە پێت ڕابگەیەنین کە (مۆڵکی) ژمارە (٨٢/٤) کەرتی (٦٠/شاخکی)ی ئێوە بە بنبری فرۆشرا بە بڕی (١٠٩٢٠٠٠٠٠) سەد ونەد ملیون ودوو سەد هەزار دینار لە جیاتی بڕی پارەی خاوەن قەرز (یعقوب بطرس باوا) بە پێ ی مادەی (٩٧) سێ یەم لە یاسایی جێ بەجێ کردن بڕیاردرا فرۆشتنەکەتان پێرابگەیەنین تاوکو لە ماوەی (١٠/دەە) ڕۆژ لە دوای ڕۆژی پێراگەیاندن قەرزەکە بدەنەوە کە بڕی (١٥٣٠٠٠٠٠٠) سەد وپێنجی وسێ ملیون دینار بە پێچەوانەوە (مولکەکە) بە پێ ی یاسا بە ناوی کڕیار تۆمار دەکرێت
ژڤان عزیز محمد / ڕێڤەبەر (جێ بەجێ کاری داد)
* * *
دادگەها بەرایی ل سێمێلێ
ژمارە/ ٢٨٦/ب/٢٠١٩
ڕێکەفت/٢٠١٩/١١/٢٨
ئاکەهداری
لدیڤ فەرمانا دەرچووی ل ڤێ دادگەهێ ب ژمارە ٢٨٦/ب/٢٠١٩ ل ٢٠١٩/١١/١٤ یا پێك هاتی ب نەهێشتنی کوبەشی (ازالە شیوع) زەڤیا ژمارە(٣٨٦٢/١ کەرتێ ١١ سمیل) ئەوا سالوخەتین وێ ل خوارێ دیارکری بو سەر زێدەکرنا ئاشکەرا بو ماوێ (٣٠/سیە) ڕوژا هەر ژ ڕوژا پشتی بەلاڤکرنێ ڤێ ئاگەهداریێ وهەر کەسێ بڤێت بەشداریێ بکەت بلا سەرەدانا ڤێ دادگەهێ بکەت ل دەمژمێر (١٢/دوازدێ) نیڤرو ژ تمام کرنا (٣٠/سیە) ڕوژا پشتی ڕوژا بەلاڤکرنا ڤێ ئاگەهداریێ دگەل ئینانا دابینکرنێن یاسایی ب کوژمێ ١٠٪ ژ نرخێ گشتی یێ زەڤیێ ب کوژمێ (١٢٠٠٠٠٠٠٠) سەد وبیست ملیون دینار ئەگەر شریك نەبن دوماهی هاتنا ماوێ دیارکری ل سەر زێدەکرن دهێتە ڕەوانەکرن ب ئێکجاری ل دویف ڕێنمایا بو زانین کرڤێن کاتی وەدلالی دکەڤنە سەر بکری سەرێك زێدەکرنێ ئەگەر بکەڤیتە ڕوژەکا بهێن ڤەدانا فەرمی ڕوژا دویڤ دا دبیتە ڕوژا ژڤانی سالوخەتێن زەڤیێ : ڕووبەرێ ئەردی (٢٩٨,٦٦ م٢) جوری زەڤیێ خانی ب شێوەی (جنوب شرق) بو زانین هەڤپشك (شرین خلیل صادق) نوکە د خانی ڤەیە ووێ دڤێت دخانی ڤە بیت
دادوەر/ ابراهیم خشمان گرگری
* * *
زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر
کۆلێژی ئەندازیاری/ سەرچاوە
مرۆییەکان
ژمارە: ٢٩٨٠/٥٤/٧
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١١/٢٨
بۆ/ بەڕێز (احمد فرهاد ابراهیم) بەناونیشانی (ئەندازیار) لەبەشی شارستانی لە کۆلێژەکەمان
ئاگادارکردنەوە (اخطار)
دوابەدوای نوسراومان ژمارە (٢٩٦٧/٥٤/٧) لە ٢٠١٩/١١/٢٧ تایبەت بە نەهاتنت لەڕێکەوتی ٢٠١٩/١٠/٢٧ وە دەست بەکارنەبوونەوەت لە کارەکەت تاوەکو ئێستا بۆیە داواکارین بەگەڕانەوەت بۆ سەر کارەکەت لە ماوەی (٧) ڕۆژ ئەگەر لەناوەوەی هەرێم بیت وە (٣٠) ڕۆژ ئەگەر لە دەرەوەی هەرێم بێت بەپێچەوانەوە دەست بەدار دادەنرێت لەکارەکەت بەپێی برگە (٢) لەیاسای ڕاژەی شارستانی ژمارە (٢٤) ساڵی (١٩٦٠) ڕاستکراو کۆتایی بەراژەکەت دەهێنرێت.
پ.ی.د. نژاد احمد حسێن / ڕاگر
* * *
دادگای باری کەسی هەولێر
ژمارە:٤٥٩/ش٢٠١٩/٤
ڕێکەوت:٢٠١٩/١١/١٨
جاردان
بۆ داوالێکراو (شێرزاد عبدالکریم شیت)
ئاماژە بە داوای ژمارە (٤٥٩/ش٢٠١٩/٤) کە تایبەتە بە داواکار (ایمان اراز اسماعیل) وە داوالێکراو (شێرزاد عبدالکریم شیت) کە جۆری داوا بریتیە لە (نفقة) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەڕەکی ڕاپەرین دادگا بڕیاری دا لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە ڕۆژی ٢٠١٩/١٢/١١ کە خۆت ئامادەبیت یان بریکارێك یاسایی لەجیاتی خۆت ئامادەبێت بەپێچەوانەوە دادبینی دەرهەقت بە پاشملە ئەنجام دەدرێت.
دادوەر/ صباح حسن رشید
* * *
دادگای باری کەسی هەولێر/٣
ژمارە:٥٥٧٦/ش٢٠١٩/٤
ڕێکەوت:٢٠١٩/١١/٢٧
جاردان
بۆ داوالێکراو (اومید مقصود محمد) شوێنی دانیشتنت نادیارە
ئەم دادگا لە داوای ژمارە (٥٥٧٦/ش٢٠١٩/٤) لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١١/١٧ کە لە دادگای باری کەسی هەولێر دەرچووە دادگا بڕیاریدا بە (تفریق للهجر) لەسەرت تۆماکراوە وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گەڕەکی مامزاوە ناحیەی شەمامك بۆیە بڕیاردرا بەپێی ڕاگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە کە لە هەرێمی کوردستان دەردەچێت تۆ مافی نارەزایی و پێداچونەوەت هەیە لەماوەی یاسایی (١٠) لەڕۆژی پێراگەیاندنت بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت بەپێی یاسا.

دادوەر/ صباح حسن رشید
* * *
دادگای بەرایی عەنکاوە
ژمارە: ١٢٤ / ب / ٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١١/٢٦
جاردان
بۆ داوالێکراو/ عامر عزت عزیز
شوێنی نیشتەجێبوون نادیار.
داواکار (مها جبلة عبدالحمید) داوای ژمارە (١٢٤ / ب / ٢٠١٩) لەسەرت تۆمارکردبوو کە تێیدا داوای (تملیك کردنی خانوی ژمارە (٥٢١/٢٧٠ کەرتی ٥ عنکاوە) ئەم دادگایە لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١١/١٤ بڕیاری کۆتایی بەپاشملە دەرکردووە بە (بەناوکردنی تملیك کردنی خانوی ژمارە ٥٢١/٢٧٠ کەرتی ٥ عنکاوە) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری (کارێز لە عەنکاوە) بۆیە دادگا بڕیاریدا پێراگەیاندنت بە بڕیارەکە بۆ دەربچێت لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە، بۆت هەیە خۆت یان بریکاردارت لە ماوەی یاساییدا نارازیبیبونی خۆت یان تێهەڵچوونەوە یان پێداچوونەوە پێشکەش بکەیت بەپێی یاسا.
دادوەر/ تەرزە سالار عثمان
* * *
فەرمانگەی دادنووسی دووەمی هەولێر
بەشی هۆشداری و لابردنی بریکار
ژمارە: ٨٩٧
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١١/٢٧
ئاگاداری
هۆشدار (خلیل صالح مصطفی)
بریکاری (جوهر مولود عزیز)
هۆشدارکراو/ (تاهر ئابی)
بەڕێزتان هۆشداریتان ئاراستەکراوە لە فەرمانگەکەمان لەلایەن (خلیل صالح مصطفی) بریکاری (جەوهەر مولود عزیز) بەهۆشداری ژمارە گشتی (٥٢٢٢٥) ژمارەی تۆمار (٢١٢) لە (٢٠١٩/١١/٢٦) لەبەر نەزانین و نادیاری شوێنتان بەپێی ئیشعاری موختاری گەڕەکی ماردین لە ٢٠١٩/١١/٢٧ بۆیە لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی فەرمی ئاگادارت دەکەینەوە هۆشداری بەڕێزتان دەکەمەوە کەوا کرێچی بریکاردارم (جوهەر مولود عزیز) لەسەر مولکی (٥٧/٦٤٦) ٤٥ وارش کرێی مانگەکانی (٨-٩-١٠-١١) تان نەداوە بەبریکاردارم کە برەکەی (٤٥٠٠٠٠٠) بۆ هەر مانگێك سەرجەمی برە پارەی داوا کراو دەکاتە (١٨٠٠٠٠٠٠) بۆیە ئاگادارتان دەکەینەوە ئەگەر لەماوەی حەفت ڕۆژ ئەو برە پارەیە ڕادەتی بری کاردارەکەم نەکەن ئەوا ڕیکاری یاساییتان بەرامبەر دەگرینەوە بەر بۆ هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی نێوانمان چولکردنی بالەخانەکە. (هۆشداریکراو هیچ پاساوی نامێنێ)
بۆتان کامیران میران
دادنووسی یەکەم
* * *
فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری
بەروار: ٢٠١٩/١١/٦
بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (حقی اسماعیل حیدر) لە بەرواری ٢٠١٩/١١/٥ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانراوە لە (پ.باشوور) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو نارازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.
دادنووس / شوان فوزی زکی
ئامێرەکان:
١- خەباتەی تێکەڵکردنی مواد و چیمەنتۆ بێ ژمارە دروستکراوی خۆماڵی مۆدێل ٢٠١٧ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٤٥ دوو قالب مەنهۆل مدور + قالب بلۆك یەك قالب فربغ یەك قالب کریستۆك.
* * *
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە/١٦١/ك/٢٠١٨
ڕێکەوت:٢٠١٩/١١/١٠
ئاگادارکردنەوەی سزا
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: جوتیار جاسم رمضان
ئەم دادگایە بڕیاری حوکمی دەرکردووە بە ژمارە ١٦١/ك/٢٠١٨ لەڕێکەوتی ٢٠١٩/٤/٢١ لەسەرت بەندکردن بۆ ماوەی ١ یەك ساڵ بەشێوەی پاشملە غیابی لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بۆیە دادگا بڕیاریدا لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخوی پێت ڕابگەینرێت بەپێی مادده ٤٥٦ لەیاسای سزادان مافی تانوو لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بەڕێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لەماوەی یاساییدا ٣ مانگ لەڕۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبروەدەگرێت.
دادوەری یەکەم/ تەرزە سالار عثمان
* * *
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە/١٣٧/ك/٢٠١٨
ڕێکەوت:٢٠١٩/١١/١٠
ئاگادارکردنەوەی سزا
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: مصطفی باسم عیاش
ئەم دادگایە بڕیاری حوکمی دەرکردووە بە ژمارە ١٣٧/ك/٢٠١٨ لەڕێکەوتی ٢٠١٩/٦/٢٣ لەسەرت بەندکردن بۆ ماوەی ٣ سێ مانگ بەشێوەی پاشملە غیابی لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بۆیە دادگا بڕیاریدا لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخوی پێت ڕابگەینرێت بەپێی مادده ٤٥٦ لەیاسای سزادان مافی تانوو لێدانت هەیە لە بڕیارەکە بەڕێگای نارازیبوون و پێداچوونەوە لەماوەی یاساییدا ٣ مانگ لەڕۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبروەدەگرێت.
دادوەری یەکەم/ تەرزە سالار عثمان
* * *
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:٤٤٢/ك/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١١/٢٠
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (محمد منیر عبدالله)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادده (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی ماددەی ٤٥٦ لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (٩) بەیانی لەڕێکەوتی ٢٠٢٠/١/١٥ بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبیت بەرامبەر دادگا.
دادوەر / تەرزە سالار عثمان
* * *
دادگای کەتنی هەولێر/٢
ژمارە/٦٤٣/ك٢٠١٩/٢
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/١١/٢٥
بۆ تۆمەتبارانی هەڵاتوو/ عبدالرحیم حسین عزیز و عبدالقادر حسین عزیز و امین محمد حسین)
ئاگادارکردنەوە
ئاماژە بەداوای ٦٤٣/ك٢٠١٩/٢ تۆمەتبارانی هەڵاتوو (عبدالرحیم حسین عزیز و عبدالقادر حسین عزیز و امین محمد حسین) شوێنی نیشتەجێتلن نادیارە بۆیە بە پشت بەستن بە مادده (١٤٣) لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزا دادگا بڕیاری دا لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی ئاگادارتان بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونتان لەبەردەم ئەم دادگایە لە کات ژمێر (٩)ی بەیانی لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١/٢٦ بەمەبەستی دادگایی کردنتان بەپێی مادده (٤٣٢) لە یاسای (سزاکان) بە پێچەوانەوە دادگایی کردنت بەشێوەی پاشملە (غیابی) بەڕێوە دەچێت بەگوێرەی ڕێساکان.
دادوەر/ حسن علی مراد امین
* * *
دادگای کەتنی سەلاحەدین
ژمارە: ٢٨/ك/٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١١/٢٤
بۆ/ تۆمەتباری هەڵاتوو/ اسماعیل یونس جبرائیل
ئاگادارکردنەوە
دادخواز (عبدالستار عبدالقادر وسمان عباس) داوای ژمارە (٢٨/ك/٢٠١٩) یان لەسەرت تۆمارکردووە لەم دادگایە وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری کەسنەزان بۆیە دادگا بڕیاری دا بەپێی ڕاگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بۆ ئامادەبونت لە بەردەم ئەم دادگایە لەڕۆژی ٢٠٢٠/٢/٥ کاتژمێر ٩ی بەیانی بۆ دادگایی کردنت بەپێی ماددەی ٤٥٦ لە یاسای سزادان بەپێچەوانەوە دادگایی کردنت بەپاشملە ئەنجام دەدرێت.
دادوەر/ عثمان جمال القاضی
* * *

ئاگەهداری

ئاگەهداریا گشت لایەکی دکەین کۆ کومپانیا (سۆلین) بۆ (بازرگانی گشتی / سنوردار) بڕیارا پاکتاوکرنا کومپانیێ دایە لەوما هەر لایەنەك وکەسەکی مافەك ل سەر کومپانیێ هەبیت بلا ددەمێ یاسایی دا ئاگەهداریا پاکتاوکەری بکەن ل (باژێرێ دهوکێ) بۆ ئێکلاکرنا کێشەیان

پاکتاوکەر / سید خان حجی عمر

ناڤ ونیشان / دهوك - بروشکی

ژمارا موبایلێ / ٠٧٥٠٤٥٠٧٨٠٦


ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای(میللەت Millat) بۆ (پەروەردەو فێرکردنی باڵا/سنوردار) بڕیاری گۆڕینی (ناو)ی کۆمپانیای داوە لەکۆمپانیای (میللەت Millat) بۆ کۆمپانیا (میللەت) بۆیە هەرکەسێك نارەزایی یان مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لەماوەی یاسایی سەردانی بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لەشاری (هەولێر-جووت سایدی بەختیاری-تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆیەکلایکردنەوەی کێشەکان.

د.پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئەمڕۆ لە مێژوودا



ساڵی 1942:
هێرۆهیتۆی ئیمپراتۆری یابان واژۆی لەسەر بڕیاری ڕاگەیاندنی شەڕ لە دژی ئەمەریکا و چوونی وڵاتەکەی بۆ نێو وڵاتانی میحوەر کرد لە جەنگی دووەمی جیهان .




ساڵی 1943:
کۆنگرەی تاران لە نێوان سەرۆکی ئەمەریکا و سەرۆکی سۆڤیەت و سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا کۆتایی هات .



ساڵی 1976:
ئەنگۆلا بووە ئەندام لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان .



ساڵی 1988:
بینازیر بۆتۆی کچی زوڵفقار عەلی بۆتۆ بۆ پۆستی سەرۆکوەزیرانی پاکستان هەڵبژێردرا .



ساڵی 2015:
بەرەی نوسرە 16سەربازی لوبنانی ئازاد کرد کە پێشتر دەستگیری کردبوون .



ساڵی 2018:
ئەندرێس مانوێل وەک یەکەم سەرۆکی چەپخواز بە مێژووی مەکسیک سوێندی یاسایی خوارد .



بارودۆخی ئابووری ڕووسیا



بەشی یەکەم

..خۆشەوی مەلا برایم

ە دوای تەنگژەی دارایی – دراوی و هاتنەکایەی بارودۆخێکی نوێی ئابووری هەمەکی macroeconomics ـر لە ترسی بەرزبوونەوەی ئاستی هەڵیسان و بەهاداشکانی ڕۆبڵ، هەروەها لەبەر مەترسی پەرەسەندنی تەنگژەی انکی لە ناوەڕاستی دیسامبەری سالی 2014دا دەسەلاتداران و بەرپرسانی دارایی ڕووسیا دەستیان بە ەرزکردنەوەی دەرسەدی سوودی بانکیان کرد، مەبەست لەو کارەش بۆ هاندانی زیاتری سەرمایەگوزاری لەلایەن خەڵکەوە بوو، کە پارەکانیان لە بانکەکاندا نەکشێنەوە و پێشگیری لەبەربەستکردنی ئەو دیاردە نەرێنییە بگرن، ە شەوی 15 لەسەر 16ی دیسامبەری 2014دا بانکی ناوەندی ڕووسیا نرخی سوودی بانکی یەکسەرە بە ڕێژەی لە % 6,5 بەرز کردەوە و گەیشتە ئاستی لە %17، بەڵام لە پاش چەندان هەوڵی ناکامدا بانکی ناوەندی ناچار بوو، کە لە بڕیارێکدا لە 2015-8-3دا بۆ ئاستی لە %11پاشەکشە لەو بڕیارەدا بکات.

هۆکاری سەرەکیی هاندەری تەنگژەی ئابووری لە ڕووسیا بۆ دابەزینی نرخی نەوت لە ئاستی جیهاندا دەگەڕێتەوە، هەر ئەو هۆکارە بووەتە هۆی کەمبوونەوە و لاوازبوونی سەرمایەگوزاری لە ناوەخۆی ڕووسیادا لەلایەکەوە، هەروەها لە لایەکی دیکەوە بووەتە هۆی چوونە دەرەوە یاخۆ هەڵاتنی سەرمایە لە ئاستێکی زۆر بەرزدا، بانکەکانی ڕووسیاش لە ڕووی دابینکردنی پارەوە زۆر بە قەرزی حکوومی و دەرەکی بەستراونەتەوە، دەبێ هاتنەکایەوەی بارگرژی لە بەرئەنجامی ئابلۆقەی ڕۆژئاوایشمان لە بەرچاو بێت و وەکو هۆکارێکی دیکەی سەرەکیی بناسرێت، بەڵام دەسەلاتدارانی ڕووسیایی تا ئێستە هەوڵ دەدەن، کە کاریگەری ئابلۆقە بە ناگرینگ لە قەڵەم بدەن، دیارە ئەوەش لەبەر سەردەمی سیاسییە. پێویستە بڵێین، کە ئاستی دابەزین و بەهاداشکانی ڕۆبڵ بەبەراورد لەگەڵ دراوەکانی دیکەی وڵاتانی هاوشێوە، کە پارەیان بە هەنارەدەکردنی نەوتەوە بەستراوەتەوە زۆر زیاترە. (هەر دۆلارێک 30 ڕۆبڵ بوو، بەڵام لە ڕۆژی 1-9-2015دا بە ڕێژەی 66ڕۆبڵ بووە) ئاستی چوونە دەرەوەی سەرمایەش لە ڕووسیا بەبەراورد لەگەڵ ئەو وڵاتانە زۆر لە سەرەوەتربوو، لە ساڵی 2014دا بە ڕێژەی (150 ملیارد دۆلار تۆمار کراوە) بەپێی ئاماری وەزارەتی دارایی ڕووسیا لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی 2015 بە ڕێژەی 52,5ملیارد $ چووەتە دەرەوە. بەرئەنجامە نەرێنییەکانی وەکو تەنگژەی بانکی، بەرزبوونەوەی هەڵیسان، کەمبوونەوەی دەرامەتەکانی ڕاستەقینەی بەکاربەران لە ناوەخۆی وڵاتدا و لەبەردەست نەبوونی سەرچاوەکانی دارایی بۆ مەبەستی قەرزوەرگرتن وا لەحکوومەت دەکات، کە لە داهاتووشدا سیاسەتێکی چالاکی دراوی و قەرزی نەبێت، هەروەها پێشبینی چوونە سەرەوەی نرخی نەوتیش بۆ ئاستێکی جێگیر لەم زووانەدا ناکرێت، بەپێی ئەو خەملاندنانە دەتوانین، کە چاوەڕێی تێکچوونی زیاتری macroeconomics نەک گەشەی ئابووری. وەکو دیارە لە کورتخایەندا چاوەڕێی گۆڕانکاری گەورەی ئابووری ناکرێت، هەرچەندە قەبارەی بازرگانی بەرەو کەمبوونەوە چووە، کە هۆکاری سەرەکیش بۆ بەرزبوونەوەی نرخەکان دەگەڕێتەوە. بە شێوەیەکی گشتیی قەبارەی هەناردەی ڕووسیایی وەکو گازیش کەم دەبێتەوە و هەناردەی ڕووسیا بۆ وڵاتانی جارانی یەکێتیی سۆڤیەت و یەکێتیی وڵاتانی بێ گومرک (ڕێکخراوی وڵاتانی ئەوروئاسیا)، کە وڵاتانی کازاخستان، ڕووسیا، بیلاڕووسیا، ئەرمەنستان و قرغیزستان تێیدا ئەندامن کەمبوونەوەی بەخۆوە بینیوە. بەپێی مەزندەکان بە دریژایی ساڵی 2015ئاستی نرخی نەوت لە ڕادەیەکی نزمدا دەبێت، بۆیە هێزی کڕینی ناوەخۆیش هەر لەو ئاستەدا دەبێت.

سەرچاوەی کاریگەری بەسەر نرخی ڕۆبڵدا

یەکەم گورزی تەنگژەی ئابووری لە ناوەڕاستی مانگی دیسامبەری 2014 بە بەهاداشکانی ڕۆبڵ دەستپێکرد لەهەمانکاتدا نرخی نەوتیش لە جیهان کەمبووە و دراوی ڕووسیایی بە بەراورد لەگەڵ دراوەکانی دیکەی وڵاتانی جیهان، کە نرخییان پابەندی گۆڕانکارییەکانی وزەیە زۆر زیاتر لەو وڵاتانە کەمبوونەوەی بەخۆوە بینی، هەروەها ڕووداوەکانی شەڕی ئۆکراینا کاریگەری سەرەکیان هەبووە، لەگەڵ ئەو هۆکارانە ئابلۆقەی ئابووریش بەسەر هاوردەی بەشێک لە کاڵا تەکنۆلۆژییەکان و سیستەمی سەرمایەی کەرتی تایبەتی لە ساڵی 2014دا دەگەڕێتەوە، کە ئەو ڕێژەیە بایی (151) ملیارد دۆلار بوو، ئاستی خواستن لە ڕادەیەکی زۆر بەرزدا بووە، لە کاتێکدا لە ساڵی 2013ئەو ڕێژەیە بە ئەندازەی (60) ملیارد دۆلار بوو، بە بیستنی ئەو هەموو ڕووداو و شڵەژانە خەڵک ڕوویان لە گۆڕینەوەی پارە و کڕینی دراوی پتەو دەکرد، بۆیە ئەو دابەزینە چاوەڕوانکراو بوو، حکوومەتیش بە شێوەی پێویست پشتگیری لە نرخی ڕۆبڵ نەدەکرد، ئیدی چیدیی نەیدەویست، کە یەدەکی دراوی ڕووسیا بۆ پشتگیری ڕۆبڵ بەکار بهێنێت. ئەو بارودۆخە بە تێکڕایی هەندێ زیاتر ڕەوشەکەی ئاڵۆز کرد و شێوە سەرگێژیەک چێ بوو.بۆ ئەوەی، کە نرخی ڕۆبڵ لە ئاستێکی پێویستدا جێگیر بکرێت پێویستە، کە حکوومەت چیدی بارودۆخی تۆقین و ترس لەناو بازاڕدا نەهێڵێت و کۆمپانیا هەناردەکارانیش ناچار بکرێن، کە دراوی پتەویان لەناو بازاڕەکانی ڕووسیادا بەبەردەوامی بفرۆشن بۆ ئەوەی ئەو دراوە بیانیانە لەبەردەست بن. بەکەمکردنەوەی هاوردەی دەرەکیی بالانسی پارەدانەوەی وڵات بەهێز دەکەوێت، بەڵام چەندان مەترسی دیکەیش لەسەر ئەو سیاسەتە بەدی دەکرێن یەکێک لەوانە زیادبوونی پارەی نیشتمانییە، چونکە بانکی ناوەندی ناچارە، کە پارەیەکی زیاتر لە چاپ بدات، کە ئەو دۆخە دووبارە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی هەڵیسان و گوشار بەسەر بازاڕی دراوی پتەودا. هەروەها پێویستە، کە بارودۆخی بانکی لە ڕووسیادا لەبارەی زیادکردنی دەرسەدی بانکی ڕێک بخرێتەوە، چونکە ئێستە ئەو دەرسەدەیە زیاد کراوە، کە بەرئەنجامێکی ئەوتۆی نەبووە. ئێستە تێکڕای گەشەی هەڵیسان بەشێوەیەکی خێرا لە بەرزبوونەوەدایە، لە کۆتایی 2014 مانگی دیسامبری 11,4%بەبەراورد لەگەڵ ساڵی 2013 کە 6,5%بوو.

کێشە و مەترسییەکانی سێکتەری بانکی ڕووسیا

کێشەی سیستەمی بانکی ڕووسیایی و کورتهێنانی سەرچاوەکانی دراوی بانکی هەر لە پێش ئابلۆقەی ئابووری و دابەزینی نرخی نەوتیش هەر هەبوو. بۆیە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ وابەستەی بانکەکان بە بانکی ڕووسیا و بارگرانی قەرزی بەرەو زیادبوون چووە، بڕی قەرزی ڕێژەی لە %10ی کێیی بەرهەمی ناوەخۆی ڕووسیا پێکدەهێنێت، لە کاتێکدا ئەو ڕێژەیە لە ساڵی 2009 بە ئەندازەی لە %8 بووە ئەو بڕە قەرزە زۆرە و کەمبوونەوەی ڕادەی بەشداری لە چالاکییەکانی بانکیدا متمانەی نێودەوڵەتی بە سیستەمی دارایی ڕووسیایی هێناوەتە خوارەوە و بارودۆخی دراوی و قەرزی بانکەکانیش بەرەو خراپی بردووە. بۆیە دەتواندرێت، کە نیوەی سەرچاوەکانی قەرزی لە زونی ریسک حیسابیان بۆ بکرێت. لە سەرەتای ساڵی 2013دا ئاستی پارەخەواندنی تایبەتی لەلایەن هاووڵاتییانەوە کەمبووتەوە و هۆکاری سەرەکیش کشانەوەی مۆڵەتی بانکییە لە هەندێ بانک بوو، کە مەترسی هەنارەدەکارانیش ناچار بکرێن، کە دراوی پتەویان لەناو بازاڕەکانی ڕووسیادا بەبەردەوامی بفرۆشن بۆ ئەوەی ئەو دراوە بیانیانە لەبەردەست بن. بەکەمکردنەوەی هاوردەی دەرەکیی بالانسی پارەدانەوەی وڵات بەهێز دەکەوێت، بەڵام چەندان مەترسی دیکەیش لەسەر ئەو سیاسەتە بەدی دەکرێن یەکێک لەوانە زیادبوونی پارەی نیشتمانییە، چونکە بانکی ناوەندی ناچارە، کە پارەیەکی زیاتر لە چاپ بدات، کە ئەو دۆخە دووبارە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی هەڵیسان و گوشار بەسەر بازاڕی دراوی پتەودا. هەروەها پێویستە، کە بارودۆخی بانکی لە ڕووسیادا لەبارەی زیادکردنی دەرسەدی بانکی ڕێک بخرێتەوە، چونکە ئێستە ئەو دەرسەدەیە زیاد کراوە، کە بەرئەنجامێکی ئەوتۆی نەبووە. ئێستە تێکڕای گەشەی هەڵیسان بەشێوەیەکی خێرا لە بەرزبوونەوەدایە، لە کۆتایی 2014 مانگی دیسامبری 11,4%بەبەراورد لەگەڵ ساڵی 2013 کە 6,5%بوو.

کێشە و مەترسییەکانی سێکتەری بانکی ڕووسیا

کێشەی سیستەمی بانکی ڕووسیایی و کورتهێنانی سەرچاوەکانی دراوی بانکی هەر لە پێش ئابلۆقەی ئابووری و دابەزینی نرخی نەوتیش هەر هەبوو. بۆیە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ وابەستەی بانکەکان بە بانکی ڕووسیا و بارگرانی قەرزی بەرەو زیادبوون چووە، بڕی قەرزی ڕێژەی لە %10ی کێیی بەرهەمی ناوەخۆی ڕووسیا پێکدەهێنێت، لە کاتێکدا ئەو ڕێژەیە لە ساڵی 2009 بە ئەندازەی لە %8 بووە ئەو بڕە قەرزە زۆرە و کەمبوونەوەی ڕادەی بەشداری لە چالاکییەکانی بانکیدا متمانەی نێودەوڵەتی بە سیستەمی دارایی ڕووسیایی هێناوەتە خوارەوە و بارودۆخی دراوی و قەرزی بانکەکانیش بەرەو خراپی بردووە. بۆیە دەتواندرێت، کە نیوەی سەرچاوەکانی قەرزی لە زونی ریسک حیسابیان بۆ بکرێت. لە سەرەتای ساڵی 2013دا ئاستی پارەخەواندنی تایبەتی لەلایەن هاووڵاتییانەوە کەمبووتەوە و هۆکاری سەرەکیش کشانەوەی مۆڵەتی بانکییە لە هەندێ بانک بوو، کە مەترسی هەنارەدەکارانیش ناچار چێکرد. لە ساڵی 2014دا هۆکاری دابەزینی نرخی ڕۆبڵیشی هاتەسەر، بۆیە ئێستە بەشداری خەڵک لە ڕاپەڕاندنی چالاکییەکانی بانکیدا ڕاگیراوە. لە ساڵی 2014دا خەڵک بە ئەندازەی لە %5دەرامەتی خۆیان لە بانکەکاندا دەپاراست، بەڵام لەپاش هاتنەکایەوەی ئەو بارودۆخە نوێیە خەڵک بە سەدان ملیارد ڕۆبڵیان لە بانکەکاندا کشاندەوە یاخۆ بۆ بانکەکانی بیانیان گواستوەتەوە. لە سەرەتای ساڵی 2015دا نێزیکەی 250بانک ڕووبەڕووی کێشەی کورتهێنانی سەرمایە بوونەتەوە بۆیە بڕی 500 ملیارد ڕۆبڵ بۆ پڕکردنەوەی ئەو کورتهێنانە ناوەخۆیانەدا پێویستە. دوو هۆکاری هەرە گرینگ واتە نەتوانینی پارەدانەوەی بڕی قەرزی وەرگیراو و دابەزینی ڕێژەی قازانجی بانکەکان وای لەو ناوەندە دارایییانە کردووە، کە بەناچاری بڕی پارەی یەدەکی بۆ ئەو مەبەستە بەکار بهێنن. لە دۆخێکدا ئەگەر توانای گەڕانەوەی سەرمایەیان نەبێت ئەوا بانکی ناوەندی مۆڵەتی کارکردنیان لێدەستێنێتەوە، بە شێوەیەکی گشتیی لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا ناوەندە دارایییەکانی ڕووسیا ڕووبەڕووی نەتوانینی پارەدانەوە بوونەتەوە بەناچاری دەبێ بانکی ناوەندی بڕێکی نێزیکەی 500هەتا 700 ملیارد دۆلار خەرج بکات. ساڵانی 2011- 2013 بۆ بانکەکان بە ساڵانی جێگیر و گەشە ئەژمێر دەکرا، پارەیەکی زۆریان بەقەرز دەدایە کەسایەتییەکان و کۆمپانیان، کە ئێستە توانای گەڕانەوەیان نییە، سەرەڕای ئەوەی، کە ئەو لایەنانە زۆر جێگەی متمانەش نەبوون. بۆ ئاسایکردنەوە و سووککردنەوەی ئەو بارودۆخە بانکەکان پێویستیان بە لێکدان و یەکگرتنی سەرمایەکانیان هەیە بۆ ئەوەی، کە تواناکانیان بە ئاراستەیەکی دروست بەکار بهێنن. لە شارە بچووکەکاندا ئەو کارەیە سەرکەوتووانەتر و ئاسانتر. لە کۆی ژمارەی 650بانک دا تەنیا ڕێژەی لە %5سەرمایەیان لە دەستدایە، بەڵام بڕی هەرە گەورە واتە لە %95لە دەستی 200 بانکدایە، کە ئەوەش ناکارایی بانکەکانی دیکە دەگەیەنێت. بە شێوەیەکی گشتیی لە ساڵی 2005دا 1258بانک لە ڕووسیادا هەبوو، لە ساڵی 2014بۆ 814 بانک کەمبوونەتەوە و چاوەڕێ دەکرێت، کە لەم ساڵەیشدا یەک لەسەر سێیان ڕووبەڕووی لەناوچوون ببنەوە.

باری دارایی ناوچە و هەرێمەکانی ڕووسیا لە کۆتایی ساڵی 2014و ساڵی 2015دا

لەبەر کەمبوونەوەی داهاتی هەرێمەکان، هەروەها لەبەردەستنەبوونی ناوەندەکانی دابینکردنی قەرز، هەرێمەکان ناچار دەبن، کە خەرجییەکانیان سنووردار بکەن و ئاستی تێچوونی بودجەشیان کەمبکەنەوە.
لە نۆڤەمبەری ساڵی 2014 دا دەست بە کەمبوونەوەی داهاتی هەرێمەکان و بودجەی دەسەلاتدارەکانی خۆجێیی ئەو ناوچانە کراوە. دەرامەتی پارێزگە و کۆمارەکانی پێکهێنەری ڕووسیای فیدراڵ لە مانگەکانی ئۆکتۆبەر و نۆڤەمبەری ساڵی 2014لە 6,8%بۆ لە 2,7% بەراورد لەگەڵ هەمان دوو مانگی لە ساڵی 2013دا کەمبووتەوە دەرامەت بریتی بووە لە .2,2%لێردا دەتوانین کە باسی چەندان هۆکاری سەرەکیی دابەزینی داهاتی هەرێمەکانی ڕووسیا بکەین:
1-کەمبوونەوەی داهاتی باج بەسەر قازانجەکاندا، کە لە مانگی ئاپریلی 2014دا دەستپێکردووە و لە مانگی نۆڤەمبەردا بە ڕادەی لە 73%بووە.

www.xebat.net
یەک شەممە 2019/12/1 ژمارە (5882)

کشانەوەی ئەمەریکا لە پەیماننامەی INF گورزێکی توند لە ئاسایشی وڵاتانی ئەورووپا



کشانەوەی واشنتۆن لەو پەیماننامەیە ئەورووپای خستە بەردەمی مووشەکەکانی رووسیا و چەتری ئەمەریکا و ناتۆشی لە ئاسمانی وڵاتانیان لابرد و ئەمە دەبێتە هاندەرێک بۆ سەرهەڵدانەوەی ملمالانێیەکی دیکەی پەردان بە چەکی ئەتۆمی لەنێوان واشنتۆن و مۆسکۆ

ئا: هەندرێن شێرزاد

پارسااڵ ، دۆناڵد تەرمپی سەرۆکی ئەمەریکا رایگەیاند کە لە ماوەی شەش مانگی داهاتوودا وڵاتەکەی لە پەیماننامەی دانانی سنوور بۆ مووشەکە مامناوەندەکان کە بە INF ناسراوە دەکشێتەوە ، ئەو پەیماننامەیەی کە ئەمەریکا لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی رابردوو لەگەڵ سۆڤیەت مۆری کردبوو. بەمەش رۆژی 2ی ئابی رابردوو واشنتۆن بە فەرمی ئەم هەنگاوەی نا .

ئەورووپا ترسی لێ نیشتووە

ئەم هەنگاوانەی سەرۆکی ئەمەریکا کاردانەوەی جۆراوجۆر بەدوای خۆیاندا دێنن ، بە تایبەتی لە کیشوەری ئەورووپا ، تەنانەت وای لێهاتووە ئێستا ئەڵمانیا و زۆر وڵاتی دیکەی ئەورووپا بە ئاشکرا سەرۆکی ئەمەریکا بە دوژمن وەسف دەکەن و پێیان وایە ئەو هەوڵ دەدات هەرەشە لە ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا بکات ، لەوەش زیاتر ئەوان پێیان وایە ئەوەندەی ئەمەریکا هەرەشە لەوان دەکات ئەوەندە هەرەشە لە خۆیان ناکات.

بە شێوەیەکی گشتی ، وڵاتانی ئەورووپا وای بۆ دەچن کە کشانەوەی واشنتۆن لەو پەیماننامەیە ئەورووپای خستە بەردەمی مووشەکەکانی رووسیا و چەتری ئەمەریکا و ناتۆشی لە ئاسمانی وڵاتانیان لابرد و ئەمە دەبێتە هاندەرێک بۆ سەرهەڵدانەوەی ملمالانێیەکی دیکەی پەردان بە چەکی ئەتۆمی لەنێوان واشنتۆن و مۆسکۆ و لە کۆتاییشدا ئەورووپا دەبێتە قوربانی یەکەمی ئەو پێشبڕکێیە.

دەربارەی پەیماننامەی INF

ئەم پەیماننامەیە لە ساڵی 1987لە واشنتۆن لەلایەن ڕۆناڵد ڕیگنی سەرۆکی ئەوکاتەی ئەمەریکا و میخائیل گۆرباچۆڤی سەرۆکی ئەوکاتەی سۆڤیەت مۆر کرا . هەردوو وڵات پەیمانیان دا کە بەرهەمهێنان و تاقیکردنەوە و بڵاوکردنەوەی هەموو جۆرە هاندەرێک بۆ سەرهەڵدانەوەی ملمالانێیەکی دیکەی پەردان بە چەکی ئەتۆمی لەنێوان واشنتۆن و مۆسکۆ و لە کۆتاییشدا ئەورووپا دەبێتە قوربانی یەکەمی ئەو پێشبڕکێیە.

ماوەی ڕێشتنیان لەنێوان 500تا 1000کیلۆمەترە . لە مانگی پێنجی 1991 هەردوولا بڕگەکانی پەیماننامەکەیان بە تەواوی جێبەجێ کرد.

لەو ماوەیەدا سۆڤیەت 1792 موشەکی بالیستی و بااڵداری تێک شکاند ، ئەمەریکاش 859موشەکی هاوشێوەی لەناوبرد .

ئەگەرچی لە سەرەتادا ماوەی جێبەجێکردنی ئەم پەیماننامەیە دیار نەکراوە ،بەاڵم لەگەڵ ئەوەشدا باس لەوە کراوە کە هەر لایەکی واژۆکار دوای خستنەڕووی بەڵگەی تەواو سەبارەت بە پێویستی موشەکی لە جۆری MK41 لە لایەن ئەمەریکا لە خاکی ڕۆمانیا و پۆڵەندا پێچەوانەی هەموو ئەو ڕێککەوتنامانەیە کە سەبارەت بە لەناوبردنی مووشەکی دووڕهاوێژ و کورتهاوێژە .

کاردانەوەکان

کشانەوەی ئەمەریکا لە پەیماننامەی INFژمارەیەک کاردانەوەی لێ کەوتەوە :

ناتۆ:

ڕێکخراوی پەیمانی باکووری ئەتڵەسی بەرپرسیارێتی دارمانی ئەو پەیماننامەیەی خستە ئەستۆی ڕووسیا کە لە سەردەمی شەڕی ساردا لەنێوان ئەمەریکا و سۆڤیەت مۆر کراوە و جەختیشی لەوە کردەوە کە پێویستە ڕێ لە ڕووسیا بگیرێ لەوەی موشەکی تازە ئاراستەی خاکی ئەورووپا بکات .

ئەنجیلا مێرکل:

ئاراستەیەن کە دوور نیە کۆتاییهاتنی ئەم پەیماننامەیە کاریگەری نێگەتیڤی بۆ سەر پەیماننامەی ستارت 3 ش هەبێ ، بە جۆرێک هەردوو وڵات ئەو پەیماننامەیەش وەلا بنێن و کاری پێ نەکەن . شایەنی باسە ئەو پەیماننامەیە ئەمەریکا و ڕووسیا ناچار دەکات کە لە پێناوی کەمکردنەوەی چەکی ئەتۆمی ستراتیژی بەم شێوەیە هەنگاو بنێن .

لە ماوەی 7 ساڵدا هەردوولا ژمارەی کلاوە ئەتۆمیەکانیان بۆ 1550 کلاوە کەم بکەنەوە.

هەر لەو ماوەیەدا ژمارەی سەکۆی موشەکەکانیان دابەزێنن بۆ 800سەکۆ .

کەمکردنەوەی ژمارەی موشەکە بالیستیە کیشوەرپەرکان .

هەر وڵاتێک ژمارەی ئەو هاوسەنگی لە ئەورووپا و دووبارە سەرهەڵدانەوەی پێشبڕکێی خۆپرچەککردن ،نەوەک تەنیا لە نێوان ئەمەریکا و ڕووسیا ، بەڵکو لە نێوان وڵاتانی دیکەی وەک چینیش .

وڵاتانی ئەورووپا زەرەرمەندی یەکەمی ئەو بارودۆخەن ، بەو پێیەی دوور نیە ئەوان بەبنە ئامانجی موشەکەکانی ڕووسیا.

جگە لە ئەورووپا ، ئەمە دەبێتە هەڕەشەیەکی گەورە بۆ سەر ئاسایشی نێودەوڵەتی ، بەو پێیەی بەدوور نازانرێ لە داهاتوودا ئەمەریکا لە ژمارەیەک ڕێککەوتنی دیکەی نێودەوڵەتی وەک ڕێککەوتنی کەشوهەوا بکشێتەوە .

دوور نیە ئەمە ببێتە مایەی دووركەوتنەوە لە جێبەجێکردنی بڕگەکانی پەیماننامەی ستارت - 3 و کشانەوەی ئەمەریکا لە پەیماننامەی ستارتی تازەش .

تازەبوونەوەی پێشبڕکێی خۆپرچەککردن بە تایبەتی لەنێوان مۆسکۆ و واشنتۆن بێگومان زیانێکی گەورە بە وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەاڵت دەگەیەنێ ، بەو پێیەی بە دوور نازانرێ هەردوولا دەست بە ئەنجامدانی چالاکی سەربازی جۆراوجۆر و بڵاوکردنەوەی موشەکە ئەتۆمیەکانیان بکەنەوە .

کشانەوە لەم پەیماننامەیە مانای زیادبوونی ئاستی گوشاری ئەمەریکا بۆ سەر وڵاتانی ئەورووپا بە گشتی و ئەڵمانیا بە تایبەتی دەگەیەنێ ، ئەمەش لە پێناوی زیادکردنی خەرجیە سەربازیەکانیان ، ئەمەش بێگومان لەسەر حیسابی باری ئابووری ئەو وڵاتانە دەبێ .

زیادبوونی ناکۆکیەکان لە نێوان هەردوو بەری ئەتلەسی و هەڕەشەکردن لە ئاسایشی ئەورووپا لەلایەن مۆسکۆ، ئەم وڵاتانە ناچار دەکات هەنگاوی زیاتر بگرنە بەر لە پێناوی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی خۆیان ، بۆیە بەدوور نازانرێ وڵاتانی ئەورووپا سوپایەکی یەکگرتوو دابمەزرێنن .



سەبارەت بەو بابەتە، ڕاوێژکاری ئەڵمانیا وتی: ڕووسیا بڕگەکانی پەیماننامەکەی پێشێل کرد ، بەاڵم لەگەڵ ئەوەشدا نابێ دەرگاکانی گفتوگۆ و دانوستان دابخرێن.

پەیماننامەی ستارت - 3 هەموو لێکدانەوەکان بەو چوونەدەر لە پەیماننامەکە ، مافی هەیە ئەمە بکات .

ڤلادیمیر یرماکۆڤی بەڕێوەبەری کاروباری باڵونەبوونەوە و چاودێری چەک لە وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا سەبارەت بە چوونەدەرەوەی ئەمەریکا لە پەیماننامەکە دەڵێ : باڵوکردنەوەی سەکۆی موشەکی بالیستی یان باڵدار یان مامناوەند بوەستێنن .

هەروەها پەیمانیان دا سەرجەم ئەو سیستمە موشەکیانە تێک بشکێنن کە ماوەی ڕێشتنیان لەنێوان 1000 تا 5500 کیلۆمەترە ، هەروەها ئەو موشەکانەش کە موشەکە بالیستیانە بۆ 700 یەکە دابەزێنێ کە لە ڕێگەی کەشتیە ژێردەریاییەکانەوە دەتەقێنرێن .

ئەنجامەکان

کارنەکردن و وەلانانی پەیماننامەی INF دەبێتە مایەی لەدەستدانی هاوسەنگی لە نێوان هێزەکانی ئەمەریکا و ڕووسیا ، بەاڵم ئەمە بە تەنیا ناگەیەنێتە ئەوەی کە ئەمەریکا و ڕووسیا بەرەو جەنگ بچن ، بەاڵم ئەمە دەبێتە هۆی زیادبوونی ئاستی ترس و دڵەڕاوکێ لە نێوان هەردوو بەرەکە و هەڕەشەکردن لە ئاسایشی ئەورووپا لەلایەن مۆسکۆ، ئەم وڵاتانە ناچار دەکات هەنگاوی زیاتر بگرنە بەر لە پێناوی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی خۆیان ، بۆیە بەدوور نازانرێ وڵاتانی ئەورووپا سوپایەکی یەکگرتوو دابمەزرێنن .

مانشێت



سکای نیوز:
لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا کەسێک بە چەقۆ هێرشی کردە سەر ژمارەیەک خەڵک و دوو کەسی کوشت و چەند کەسێکی دیکەی بریندار کرد .



سی ئێن ئێن:
حکوومەتی فەرەنسا بە مەبەستی دەربڕینی ناڕەزایی بەرامبەر بە چەند ڕاگەیاندنێکی سەرۆکی تورکیا بانگهێشتی باڵیۆزی تورکیای کرد .



ئەی ئێف پی:
پەرلەمانی کۆماری دۆنتسکی ئۆکرانی کە زۆربەی دانیشتوانەکەی ڕووسن ، داوای کرد سنووری کۆمارەکەیان فراوانتر بکرێ .



ئیلاف:
تورکیا دوو خوشکی ڕەوانەی بەلژیکا کردەوە کە پێشتر لە ڕیزەکانی ڕێکخراوی داعش بوون .



ڕۆژنامەی ئەڵشەرقولئەوسەت:
بۆریس جۆنسۆنی سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا داوای لە تەرمپ کرد کە ئەمەریکا دەست لە هەڵبژاردنەکانی وڵاتەکەی وەرنەدات .



کەنالی ئار تی :
هیند مووشەکێکی بالیستی تاقی کردەوە کە توانای هەڵگرتنی کلاوەی ئەتۆمی هەیە .

سۆشیال میدیا دەبێتە هۆی بەلارێدا بردنی مۆرکی هونەر

توانای (نەی) بۆ «خەبات»: هەنسک و ئارەزووە پڕ هەستەکانی زارۆکی شەهیدان، یەکەم هەستی خوڵقاندنی ئاوازەکانمە



دیدار: بەرهەم شێخ عزەدین





توانا ئەبوبەکر قادر لە دایکبووی 1987 سلێمانی، لەسالی 1992 دەستیکردووە بە فێر بوونی میوزیک، سەرە تا لەپەیمانگای ئۆرکسترای سلێمانی لەسەردەستی مامۆستا (سەرکار عزەت) دواتر لەسالی 1993 لەگەڵ کۆمەڵێک هاوتەمەنی خۆی تیپی مۆسیقای نوێکاریان دامەزراندوە، بەهۆی باری نالەباری ماددی تیپەکەیان هەڵوەشاوەتەوە، دواتر لە سالی 1996 دەستی بە کارکردووە لەگەڵ تیپی مۆسیقای شنرۆ تا ئێستا بەردەوامە، وە لە هەمانکاتدا ئەندامی گرووپی گەڕیان بووە سەر بە کەنالی کوردسات بۆماوەی 2 ساڵ. لە ئێستاشدا خاوە نی فێرگەی تایبەت بەخۆیەتی بۆ فێربوونی (نەی) خاوەنی چەندان فێرخوازە کە بۆ ماوە ی 3 ساڵە داینراوە، لەسەرجەم شارەکانی کوردستان فێرخواز دەچنە لای بۆ فێربوونی (نەی) ئەو میوزیکسیانە لەم دیمانەیەدا بەمجۆرە بۆمان دوا:

میژووی ئەم ئامێرە زۆر کۆنە

سەرەتا دەربارەی ئامێری (نەی) چۆن و کەی هاتۆتە ناو بواری هونەر؟

میوزیکسیان توانای نەی گوتی:

دیارە میژووی ئەم ئامێرە زۆر کۆنە، لە سەرەتای بە ئاگابوونی مرۆڤەوە دروستبووە، بۆنموونە: کاتێک قامیشیان بڕیوە هەر قامیشەی دەنگێکی دروستکردووە تاوای لێهاتووە بە یەکیانەوە نووساندووەو ئامێیری (پان فلوتی) لێدروستکراوە، وردە وردە کوونیان بۆ زیاد کردووە تا ئەم ساتەی (نەیان) لێدروستکردووە، ئامێرە فووداوە فۆلکلۆرییەکان چەند جۆرێکن، (نەی و شمشاڵ و کفاڵ و بلوێر).

ئامێرێکی سەرەکی نێو خێزانی فووداوەکانە

دەربارەی پرسیاری ئەوەی (نەی) لەکوێی میوزیک لە ڕووی ئەکادیمی جێگای بۆتەوە؟

توانای نەی گوتی:

(نەی) کۆنترین ئامێرە، هەر لە سەرەتای دروستبوونی مرۆڤەوە پەیان پێبردووە .زۆرێک کۆکن لەسەر ئەوەی دەگەڕێتەوە بۆ دۆڵی میزۆپۆتامیا، نەی هەمان نۆتەی وەک ئامێرەکانی دیکەی هەیە، خۆشبەختانە وەک بولبولی نێو میوزیک سەیر دەکرێت ، واتا ئامێرێکی سەرەکی نێو خێزانی فووداوەکانە.

ئامێری یەزدانی

دواتر دەربارەی پرسیاری تا چەند (نەی) ڕووحی کلتور بە گۆرانی دەبەخشێت ؟

توانا گوتی:

(نەی) هەڵقوڵاوی نێو هەستە کاتێک دەیژنیت گەلێک وشەی دڵ و سینەمانی پێدەخەینە ئاخافتن بەو واتایەی کەپێیدەوترێت (ئامێری یەزدانی) خۆشبەختانە ئامێرێکی پڕ هەستە لە نێو فۆرمی میوزیکی شەرقیدا

یەکەم ئامێرە مرۆڤ بە کاریهێناوە

لە وەڵامی پرسیاری ئایا ڕاستە دەگوترێت تاکە ئالەت کە بۆتە هۆی مانەوەی ڕەسەنایەتی لەگۆرانی کوردی (نەی)یە ؟

توانای نەی گوتی:

بەڵێ ڕاستە چونکە کۆنترین ئامێرە بەڵکو ئەشکرێت بڵێین : یەکەم ئامێرە مرۆڤ بە کاریهێناوە

زۆر کات مەرج نییە

ئینجا لە وەڵامی پرسیاری مەرجە لە هەموو گۆرانیەک (نەی) لێبدرێت؟

ئەو میوزیکسیانە دەڵێت:

دەبێت بە هەموو لایەکمان هەوڵبدەین هونەر لەو شەڕە فکری و سیاسییە بپارێزین

نەخێر زۆر کات مەرج نییە، لە هەموو ئاوازێکدا (نەی) لێبدرێت، فۆرم و ئەدای میوزیکەکە دەور دەبینێت لە بەشداریکردنی

گەلێک کەسانی نوێ هاتوونەتە نێو ئەو فۆرمە کوردییەوە

دەربارەی ئەوەی چ گلەیەکت لە هونەری گۆرانی کوردی هەیە ؟

توانای نەی گوتی:

زۆر کات سۆشیال میدیا دەبێتە هۆی بەلارێدا بردنی مۆرکی هونەری ، کەواتە ئەبێت بە هەموو لایەکمان هەوڵبدەین هونەر لەو شەڕە فکری و سیاسییە بپارێزین،خۆشبەختانە گەلێک کەسانی نوێ هاتوونەتە نێو ئەو فۆرمە کوردییەوە.

دەشێت خزمان نەشارینەوە

دەربارەی پرسیاری بۆچوونت چییە لە سەر ئەوەی ئافرەتان لە کلیپ بەکار دەهێندرێن بۆسەرنجڕاکێشانی گوێگر یان بینەر؟

میوزیکسیان توانای (نەی) بۆچوونی وابوو:

ئەمڕۆ بە هۆی لەبار بردنی وێنەی کلتوری و بە بازرگانیکردن و بە کالاکردنی مرۆڤ بووتە بەلارێدا بردنی هونەر ، دەشێت خزمان نەشارینەوە بۆ خۆ گونجاندنی بینینی جیلێک بۆ خەفەکردنی هەستی بینینیان.

کاتێک (نەی) دەژەنم

(خەبات) لە توانای (نەی) پرسی شەهیدان و پێشمەرگە لە کوێی کارە هونەرییەکانی تۆدان؟

ئەوگوتی:

ئەم خاکەی ئێمە بەخوێنی شەهیدان و ڕۆڵەی بە ئەمەک و پێشمەرگە هەمیشە لە جوانیدایە، واتا کاتێک (نەی) دەژەنم هەموو کات هەنسک و ئارەزووە پڕ هەستەکانی زارۆکی شەهیدان یەکەم هەستی خولقاندنی ئاوازەکانمە.

بەشداری چەندان کارمکردووە

لە وەڵامی خاوەنی چەند بەرهەمیت؟

توانا گوتی:

من زیاتر وەک ژەنیار بەشداری چەندان کارمکردووە لەگەڵ گشت گۆرانیبێژەکان و تیپە میوزیکەکان، بەڵام وەک کاری سەربەخۆی خۆم لە ئێستادا لە دارشتنی کارێکم بۆ ئەنفال.

گرووپی تایبەت بە(نەی)

دەربارەی پرۆژەی ئایندەی توانای (نەی) گوتی:

ئەوەی کە من هەوڵی بۆ دەدەم دروستکردنی گرووپێکی تایبەت بە(نەی)یە، زۆریش هەوڵمداوە بۆی لە ڕێی فێرگەکەمەوە کەسانی ژەنیاری (نەی) دروست بکەم.

پیسبوونی کەشوهەوا پەیوەندی بە مردنی ناوادەوە هەیە

لە ڕۆژنامەی گاردیەندا هاتووە،،تۆێژینەوەکان پیشانی داوە کە پەیوەندی زۆر لە نێو گەردیلەکانی فێلیزی نێو کەشوهەوای پیس و مەترسی مردنی ناوادەوە هەیە. ئەنجامی ئەوتوێژینەوەیە بە پشت بەستن بە وەرگرتنی زانیاری لە سەردۆسییەی 11هەزار و 382کەسی بەشدار بوو کە دانیشتیوویی ناوچە گوندنیشینەکان وڵاتی فەرەنسا بە دەست هات.

لەو بارەیەوە ، " بندیکت جاکۆمین "، سەرپەرشتیاری ئەو تیمە توێژەرە لە دامەزراوەی تەندروستی لە بارسلۆنا لە ئیسپانیا ، گووتی : ئێمە پێمان وایە بە هۆی بوونی ئەو مادەو گەردیلە زیانبەخشانە لە نێو کەشوهەوای پیس پێوستە ڕێوشوێنی پێوستە بگەڕێتە بەر. توێژەران دوای توێژینەوەکان بۆیان دەرکەوتووە کە ئەو بەشداربووانەی کە لە ژێر کاریگەری کەشوهەوای پیس دابوون لە مەترسی مردنی ناوادە دان بوون بە ووتی توێژەران و بوونی فێلیزاتی نێو گەردیلەکانی کەشو هەوا ڕۆلێکی گرنگیان هەیە لە پیسبوونی کەش و زۆربوونی ڕێژەی مردنی ناوادە بە تایبەت لە وڵاتانە کە ڕێژەی پیسبوونی کەشوهەوا لە نێویاندا زۆرە .

لەنجە عەلی ژیانی هاوسەرگیری پێکهێنا



خەبات /هەمزە سەرحان

خانمە هونەرمەند لەنجە عەلی، لە نوێترین وێنەیدا کە بڵاوی کردەوە ئاشکرایکرد کە ژیانی هاوسەرگیری پێکهێناوە.لەنجە عەلی، بۆ دوەمین جار ژیانی هاوسەرگیری پێکهێنایەوە، لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئینستاگرام نوێترین وێنەی خۆی لەگەڵ هاوسەرەکەی بڵاوکردەوە لە ڕۆژی هاوسەرگیریان، دەڵێت "بەشێکی تازە و نازدارم لە ژیانم دەستی پێکرد".هونەرمەند ناوی تەواوی لەنجە جەبارە، بەڵام بە لەنجە عەلی ناوی دەرکردوە، واتە بەناوی باپیریەوە، ناوبراو دایکی هەڵەبجەییە و باوکیشی گەرمیانییە، لە لەندەن هەموو قۆناغەکانی خوێندنی تەواو کردوە، ماستەری هەیە لە یاسادا، پێش کاری گۆرانی وتن پارێزەربوە ، خاوەنی چەندین بەرهەمی هونەریە

چەند زانیارییەکی گرنگ لەبارەی شەحنکردنی مۆبایلەوە



گومان لەوەدا نییە کە باتری مۆبایل بەشێکی گرنگی ئەو ئامێرەیە و دەبێ بەپشت بەستن بەچەند ڕێنماییەکی تەکنیکی متمانە پێکراو مامەڵەی لەگەڵ بکەیت دوور لەو بۆچوونانەی چەندین ساڵە باس دەکرێت.

لەوبارەیەوە وێب سایتی (www.techrepublic.com) لیستی بەناوبانگترین و دیارترین ئەو زانیاریی و بۆچونە ەڵانەی لەبارەی شەحنکردنەوەی باتری مۆبایلی خستەروو:

١. بۆچوونێک کەدەڵێت شەحنی مۆبایلی تر زیان بەباتریەکەت دەگەیەنێت، ئەمەش ئەوانەش دەگرێتەوە کەئەسڵی نێ یان کاتێکی زیاتری دەوێ بۆ شەحنکردنەوە.

٢. بۆچونێکی ەڵە کەدەڵێت لەکاتی شەحنکردنەوەی باتری مۆبایلدا بەکاری مەینە، یان تەلەفۆن و ڤیدیۆیی پێ مەکە چونکە بۆ باتریەکەی خراپە ئەمەش ەڵەیە

٣. بۆچوونێک دەڵێ: تا باتریەکە تەواو دانەبەزێت شەحنی مەکەرەوە ئەمەش زیان بەتەمەنی باتریەکە دەگەیەنێت.

٤. بۆچونێک ەیە دەڵێ لێکردنەوەی باتری لەکێبڵ و بەستنەوەی یان بەکارێنان و بەستنەوەی دووبارە زیان بەباتری دەگەیەنێت، ئەمەش دەرکەوتوە ەیچ بەڵگەیەکی راستەقینە نیە بۆ ئەوە.

٥. بۆچوونێک دەڵێ کوژاندنەوەی مۆبایل زیان دەگەیەنێت بەباتریەکە: جێ ێشتنی مۆبایل بۆ ماوەیەکی زۆر بەکوژاوەیی باتریەکە تێک دەدات، خراپ نیە و کاریگەریشی نیە لەسەر باتریەکە، بەڵکو لەگەڵ داگیرسانەوەیا وادەکات بەوپەڕی توانایەوە کاربکات.

٦. بۆچونێکی ەڵە دەڵێ باتریی بکەرە سەلاجەوە تەمەنی زیاد دەکات: چونکە باتریی لیسیۆم ئایۆن کەلەزۆربەی مۆبایلەکاندا بەکاردێت کاریگەری ەیە بەگەرمی و سەرمای زۆر و گەرمای ئاسایی ژوور بۆ باتریی زۆر گونجاوە.

٧. بەکارێنانی ئینتەرنێت ووزەی باتریی زۆر دادەبەزێنێت: بەپێچەوانەی ئەوەی دەوترێت یاریکردن و بەکارێنانی بۆ یاریکردن وادەکات زیان بەباتریی بگەیەنێت نەک کردنەوەی ئینتەرنێت چونکە گرافیک کارد و ڤیدیۆگەیەکان پێویستیان بەووزەی زیاترە.

٨. دەڵێن بەکارێنانی وای فای و بلوتوس نابێ کراوەبێت زۆر چونکە باتری لەناوەدەبات، راستە ووزەکە دادەبەزێنێت بەڵام لەناوی نابات بەتەواوی.

٩. بۆچونێک دەڵێ ئەپلیکەیشنی بەرێوەبردنی بەرنامەکان ووزەی باتریی دڕێژتر دەکاتەوە ئەمە ەڵەیە لەراستیدا ەیچ جیاوازییەکی نیە لەگەڵ ئەوەی خۆیدا و بەپێچەوانەوە ڕۆڵی خراپی ەیە لەسەرفکردنی ووزەی باتریدا.



لە یارییەکانی خولی نایابی کوردستاندا..
بڕایەتی وسۆران وهەولێر ڕکابەری لەسەر پلەکانی یەکەم دووەم دەکەن
پێشمەرگەی سلێمانیش لەخراپترین ئاستی خولەکەدایە

ئا: سەرهەنگ نەجمەدین
فۆتۆ: ئەردەلان هەولێری

خولی نایابی کوردستان پێی نایەگەڕی شەشەم و ئەم گەڕە چەندین گۆڕانکاری لەڕێزبەندی خولەکە کراوە لەهەموویان گرنگتر بڕایەتی و سۆران لەپلەی یەکەم و دووەمدا جێگیر بوونە، ئەم وەرزە بەپێی پێشبینیەکان یانە بەهێزەکانی سالانی ڕابردوو توانای ڕکابەری وبردنەوەی نازناوی خولی نایابی کوردستانیان نەماوە و تەنها نیازیان بەشداریکردن و بەڕێکردنی خولەکەیە، ئەم هەفتەیە گەڕی شەشەم بەچەندین یاری گرنگ و هەستیار ئەنجامدران، لەوانە لەشاری هەولێر، بڕایەتی و زێرەڤانی ڕووبەرووی یەکتربوونەوە، لەیارییەکەی نێوان هەردوولا کەس براوە نەبوو، هەردووتیپ بەبێ گۆڵ یەکسانبوون و هەریەکەو خاڵێکی یارییەکەیان بەرکەوت، برایەتی بەم ئەنجامە توانی بۆ هەفتەی دووەم لەسەریەکدی پێشەنگی یانەکان بۆخۆی دەستەبەربکات، لەبەرانبەردا زێرەڤانیش بەکۆکردنەوەی 6خاڵ لەپلەی شەشەمدا دەبیندرێت،هەروەها لەیارییەکی دیکەدا هەردوویانەی هەندرێن وهەولێر لەیاریگای هەندرێن بەیەکگەیشتن، هەندرێن ئەم وەزە لەئاستێکی باشدا نابیندرێت، لەیارییەکەی بەرانبەر هەولێر تووشی شکست هات، دوای ئەوەی بەئەنجامی 2-1گۆڵ دۆڕا، بەم ئەنجامە هەولێر کۆی خاڵەکانی بوو بە 11خاڵ و لەپلەی سێیەم دەبیندرێت، یانەی سۆرانیش لەپلەی دووەمدایە بەکۆکردنەوەی 11خاڵ.

لەیاری سێیەمدا ، پێشمەرگەی سلێمانی لەنێو یاریگای خۆی میوانداری لەنەورۆز کرد، پێشمەرگەی سلێمانی بەتاکەگۆڵێکی بێ وەلام بەنەورۆز دۆڕا، پێشمەرگەی سلێمانی لەکۆی 6 یاریدا تەنها 1 خاڵی هەیە و لەدواوەی ڕێزبەندی خولەکەدا جێگیربووە، ئەم ئەنجامە ئەم وەرزە پێشمەرگەی سلێمانی مەترسی دابەزینی هەیە بۆ ڕێزی یانەپلەیەکەکانی کوردستان.

ڕێزبەندی هەفتەی شەشەمی خولی نایابی کوردستان لەپلەی یەکەم تاپلەی چوارەم بەمشێوەیە دەبێت: -1 برایەتی 12 خاڵ 2- سۆران 11خاڵ 3- هەولێر 11خاڵ 4-سیروانی نوێ 11 خاڵ.

سیستەمی میدیایی وەرزشی



ژیلا تەیفور

سیستەم بریتییە لەچەند ڕەگەزێک وێرای پێکهاتنی چەند بەشێکی دیاریکراو و جیاواز،کەبەیەکەوە بەستراون، پەیوەندی هاوبەش لەنێوانیاندا هەیە بەمەبەستی ڕێکخستن و پاراستن لە پێناو ئامانجێکی ویستراو.

میدیای وەرزشی:سەرجەم ئەو بڵاوکراوە وەرزشیانە دەگرێتەوە کە بەشێوازی (بینراو، نوسراو، بیسراو، ئەلیکترۆنی) هەڵدەستن بەگەیاندنی پەیامەکانیان بۆوەرگروهەواداراني وەرزشی لەپێناو خزمەت کردن بە بواری وەرزش پڕکردنەوەی ئارەزوی وەرزش دۆستان.

سیستەمی میدیای وەرزشی:

سیستەمێکی میدیاییە، ئەرکی گەیاندنی هەواڵ، زانیاری، شیکردنەوە، گواستنەوەی یاری، ناساندنی یانەوکەسایەتی وەرزشییەکان،خستنە ڕووی گرفتەکان.

ڕێکخستن،پاراستن،متمانە سێکوچکەی کاروسەرکەوتن بەشێوازی سیستەم بەڕێوەدەچێت.ئامانج گەیاندنی زۆرترین هەواڵ وزانیاری وەرزشیە لەکەمترین کاتدا بەباشترین شێوە.

* جیاوازی کارکردن لەمیدیای وەرزشی و سیستەمی میدیای وەرزشی:

هەندێک جار سەرەڕای ئەکادیمی دەکرێت کارکردنی میدیای وەرزشی لە ڕێگەی حەزو خولیاوەبێت،دواتر لەڕێگەی پەرەپێدان،بەدواداچون،خول بینین،ئەزموون،خوێندنەوە میدیاکارێکی سەرکەوتووی لێ دەربچێت،بەڵام کارکردن لە سیستەمی میدیای وەرزشی پێویستی بە کۆمەڵێک بنەما وپێوەر هەیە بۆکارکردن سەرەڕای شارەزایی و لێهاتویی تا میدیای وەرزشی نەبێتە هۆی لە دەستدانی متمانەی وەرگر.بنچینە سەرەکیەکانی سیستەمی میدیایی وەرزشی(نووێکاری وداهێنانی بەردەوام،متمانە،ڕێکخستن،پاراستن،وردبینی)سەرەڕای ئەوەی پێویستە(ڕاستگۆیی،بابەتی،پیشەیی بوون)ڕەنگدانەوەی کرۆکی بابەتەکان بێت.میدیاکاری وەرزشی لە سیستەمدا وەرگران و هەوادارانی وەرزشی لەسیستەمی میدیایی وەرزشیدا بەرداوام لە پەیوندیدان فیدباکیان هەیە بەئاستی کاردانەوە دروست کردن.

* گرینگترین ئەرکە سەرەکییەکان لە سیستەمی میدیایی وەرزشی:

یەکەم:پەرەپێدانی زمانەوانی:سیستەمی میدیایی وەرزشی هەڵدەستێت بە لادانی ئەو دەستەواژەی کە نەگونجاون لەگەڵ ئەتەکیەتی ڕۆژنامەوانی،لەبەر ئەوەی زمان پێڕەوە لەبوونی یاساو ڕێسای تایبەت بەخۆی،بەمەش کاتێک لە چوارچێوەی میدیایی وەرزشی کاری پێدەکرێت پەیامی پێ دادەڕژێتەوە پێویستە ڕەچاوی یەکەکانی پێڕەوی زمان بکرێت کە بریتیە لە(پیت)کە بناغەی دروست بوونی وشەکانە،چونکە گۆرینی پیتێک هەواڵێک دەگۆڕێت،بەڵام لە سیستەمی میدیای وەرزشیدا دەتوانرێت پێداچونەوەو پشت ڕاستکردنەوەی وردتر بکرێت.

دووەم:بەدواداچوون:ئەرکی سەرەکی سیستەمی میدیایی وەرزشی ڕێکخستن و خزمەتکردنە لە کەمترین کاتدا بەباشترین شێوە.ئەمەش هۆکار بووە بۆکار ئاسانی میدیاکاران لەگەڕان بەدوای ئەرشیف و زانیاریەویستراوە وەرزشی و کەسیە جوگرافیەکان دەربارەی(یاریزانان،یاریگاکان،کەش وهەوای یاریگاکان،ژیانی تایبەتی یاریزانان،شێوازی بەڕێوەبردنی ژیانی تایبەتیان.....) بوونی سیستەم ڕێگایەکە بۆ پەرەپێدان وبەرەو پێش چونی توانای دارشتنەوەی هەواڵ و بەرەو پێش چون.سوودمەند بوونی وەرگر و هەوادەرانی وەرزشی و یاریزانان بە زانیاری و هەواڵ وداتای باوەڕپێکراو لەلایەن سیستەمی میدیایی وەرزشی.

سێیەم:پەیوەندی بەستن:سیستەمی میدیایی وەرزشی توانای تێکەڵ بوون وکۆمەڵایەتی بوونی لەپەیوندیە مرۆیەکاندا بەهێزە بەجۆرێک توانای دروست کردنی پەیوەندی دووڵایەنە کۆنتاک لەنێوان سیستەمە میدیا وەرزشییە دەرەکیەکان و ڕێکخراوە وەرزشییە نێوخۆییەکان، یانەکان،بازرگانەوەرزشیەکان،کردنەوەی پێشانگای وەرزشی بەمەبەستی،بێژەر وشیکەرەوە وەرزشیە دیارەکان،سمیناروپانێڵ بۆکەساتیەبەئەزمونەکانی بواری وەرزش دروست بوونی پەیوندنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ یاریزان،ڕاهێنەران،هەوادەران،گرینگترینیان کۆکردنەوەی تەواوی ڕۆژنامە نوسانی میدیایی وەرزشیە لەیەک سیستەمی باوەڕپێکراو.

چوارەم:گرینگدان بەگرفت و کێشە ناخۆییەکان:ئەرکی سەرەکی سیستەمی میدیایی وەرزشی خزمەت کردنی وەرگرە بەباشترین شێوە هەوڵیش ئەدات بۆ دابینکردنی خۆشگوزەران ی وەرگر و وەرزشوانان.گەیاندنی گرفتە نێوخۆییەکان بە دەسەڵات دارانی وەرزشی وەکو(یانە،یاریزان،یاریگا،هەواداران،میدیاکارانی وەرزشی،گواستنەوەی یاریيە جۆراوجۆرەکان.....).

سیستەمی میدیایی وەرزشی چەند ئەرکێکی دیکەی لە ئەستۆدایە هۆشیاری ڕۆشنیری وەرزشی،چۆنیەتی بەشداریکردن لەیاریيەکان،خستنەڕووی دیوی دووەمی یاریزانان)بڵاوەکاتەوە.ئەوەی زیاتر لای وەرگرزیاتر سەرنج ڕاکێشە ئەوەیە کاتێک میدیای وەرزشی بەسیستەم دەکرێت،تەواو خاڵی دەبێتەوە بیرو هزری سیاسی بیری وەرزش دۆستی زاڵ دەبێت بەسەر ڕومالکردنی ڕوداوەکان و گەیاندنی هەواڵ و زانیارییە وەرزشییەکان،بەمەش متمانەی وەرگر بۆ میدیای وەرزشی بەدەست دەهێنرێت.سیستەمی میدیایی وەرزشی بەردەوام پێویستی بە نوێکاری و داهێنان هەیە ئەمەش وا لە میدیاکار دەکات کە بەردەوام بە دوای زانیاری و نوێکاری لە شێواز و دارشتنەوەی هەواڵ، قیدۆ، گرتە، دیمانە،ناساندنی کەساییەتیە وەرزشیەکان، تەنانەت گواستنەوەی یارییە جیاوازەکان بەسودوەرگرتن لە ئامرازەکانی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا.

* بۆچی سیستەمی میدیایی وەرزشی لەکوردستان گرنگە؟

_یەکگرتنی میدیاکارە وەرزشییەکان بەمەستی دروست کردنی سیستەمێکی میدیایی بەهێزی وەرزشی بەهێز لە پێناو خزمەت کردن وگەیاندنی هەواڵ زانیاری و وردەکارییەکانی تابەت بە بواری وەرزش بە وەرزشوانان و وەرزش دۆستان.

_سیستەمی میدیایی وەرزشی هۆکارێکە بۆ یەکگرتنی تەواوی میدیاکارانی بواری وەرزشی و پسپۆرانی ئەم بواره،ئەمە ڕێگایەکی سەرەکی و ڕێخۆشکەرەبۆسەرکەوتن،گەرانەوەی هێزە بۆ میدیای وەرزشی.سیتەمی میدیایی وەرزشی بەم ڕێگەیە متمانە بەوەرگر و هەوادارانی وەرزش دەداتەوە.

_ڕاو بیروبۆچون و شیکردنەوەو بەدواداچونەکان لە سیستەمی میدیایی وەرزشیدا پاریزراوە سەرەڕای کارکردن بە شێوازی گروپ، هەر کەسێک خاوەن داتای تایبەتبەتە،لە کۆتاییدا بابەت و بڵاوکراوەکان لە ئەرشیفی کەسیدایە سەرەڕای ئەرشیفی گشتی.

٤- بەفیرۆ نەچوونی بیرو بۆچوون و بەئەرشیف کردنیان: بەهۆکاری بەرفراوانی سیستەمی میدیایی وەرزشی، فراوانی بواری وەرزشی زۆری هەواراداران و ئارەزومەندان.نوسین،شیکردنەوە،قیدۆ،گرتە ی وەرزشی لەلایەن میدیاکارانی وەرزشی هیچ کات بەفیرۆناچێت بەردەوام هەواداری تایبەت و لایەنگری هەیە،هەروەها ئەو ماندووبونەش بەفیرۆناچێت لەسیستەم ئەرشیف دەکرێت و دەپارێزێت.

بۆگرینگیدان میدیای وەرزش هەواداران یاریزانانی کوردستان پێویستە (سیستمی میدیایی وەرزشی) بەهێزمان هەبێت.لە پێناو پاراستن،خزمەت کردن بە متمانەیەکی بەهێز.



ئۆبلاک لەیارییەکەی ئەمشەویان بەرامبەر بەرشلۆنە دەترسێت

یان ئۆبلاکی گۆڵچی یانەی ئەتلەتیکۆ مەدریدی ئیسپانی سەبارەت بە یارییەکەی ئەمشەویان بەرامبەر یانەی بەرشلۆنە کە لە میانی یارییەکانی گەڕی 14ی خولی ئیسپانی لەسەر یاریگای میترۆپۆلیتانۆ بەڕێوەدەچێت، پێی وایە یارییەکی زەحمەت دەبێت.

ئۆبلاک لە دیمانەیەکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی مارکای ئیسپانی گوتی: ئەمشەو یارییەکی گرنگمان هەیە بەرامبەر ڕکابەرێکی گەورە، من دڵنیام ئەم یارییە بۆ ئێمە زەحمەت دەبێت، ئێمە بەباشی یاری دەکەین، بەڵام کارەکان وەک ئەوەی ئێمە دەمانەوێت وا بەڕێوەناچن. هەروەها گوتی: ئامەوێ بڵێم ئێمە خراپترین، بەڵام تەنها ئەنجامەکانمان باش نین، دڵنیام ئەگەر لەسەر ئەو ئاستەمان بەردەوام بین، ئەوا ئەنجامەکانیشمان لە داهاتوویەکی نزیکدا باشتر دەبێت، سەبارەت بەیارییەکەی ئەمشەویشمان ئاسایيە کە بەیارییەکی زەحمەتی بزانین، چونکە ئێمە بەرامبەر بەرشلۆنە یاری دەکەین.

فیلیپی لویس: دواجار یارییەکەمان لەگەڵ بەرشلۆنە تەنها 3 خاڵەکەیە



فیلیپی لویس یاریزانەی یانەی ئەتلەتیکۆ مەدریدی ئیسپانی ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ئەو نایەوێت ڕووبەڕووبوونەوەی ئەمشەویان بەرامبەر یانەی بەرشلۆنە لەقەبارەی خۆی زیاتر گەورە بکات.

ڕۆژنامەی مارکای ئیسپانی لیدوانەکانی فیلیپی لویس بڵاوکردۆتەوە سەبارەت بە یارییەکەیان بەرامبەر بەرشلۆنە و دەڵێت: ڕاستە یارییەکی خۆش و بەهێز دەبێت، بەڵام پێویستە ببرلەوە بکەینەوە کە دواجار تەنها سێ خاڵی یارییەکەیە، پێویست ناکات یارەکە لەقەبارەی خۆی زیاتر گەورە بکەین.

هەروەها زیاتر گوتی: لەسەر جەماوەرەکەمان پێوستە بەردەوام هانمان بدەن و پشتگیریمان بکەن، لەبەر ئەوەی ئەوان بۆ ئێمە گرنگن، یاریزانی ژمارە 12ی ئێمەن.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Sun, 1. Dec. 2019 No: (5882)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

کوردانی پۆڵەندا بەمیوزیک و هەڵپەڕکێی بەشداری فیستیڤاڵی کلتوری و پێکەوەژیانی کراکۆڤ دەکەن





خەبات: هاوار موڕتکەیی

نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەپۆڵۆنیا ،بەهەماهەنگی لەگەڵ سەنتەری کوردی و هونەرمەندانی کورد و ڕەوەندی کوردستانی لە پۆڵەندا، بە نمایشکردنی کەلتووری کوردی، بەشداریان لە فیستیڤاڵی فرەکەلتووری و پێکەوەبوونی شاری کراکۆڤ کرد فیستیڤاڵەکە لەلایەن ڕێکخراوی ڤیللا دێسیوسەوە بەڕێوەچوو، نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەپۆڵۆنیا و سەنتەری کوردی یەکێک بوون لە هاوبەشانی بەڕێوەبردنی فیستیڤاڵەکە، ئامانجی فیستیڤاڵەکە زیاتر ئاشناکردنی خەڵکەکە بوو بە کەلتووری جیاوازی میللەتانی ناو شاری کراکۆڤ و بۆ ئەم مەبەستەش زیاد لە 60 بەرنامەی جیاجیا لەلایەن میللەتە جیاوازەکانەوە، پێشکەشکرا.لەیەکەم ڕۆژی فیستیڤاڵەکەدا لەچەند شوێنێکی جیاجیا میللەتەکان کەلتووری خۆیان نیشاندا، کوردەکانی پۆڵۆنیا لە تەلاری سەنتەری کوردی لەکراکۆڤ کۆبوونەوەو چەند نمایشێکی کەلتووری کوردیان نمایشکرد، سەرەتا بەڕێز زیاد ڕەئووف نوێنەری حکومەتی هەریم لە پۆڵەندا و خاتوو کەتاژینا گوراڵچیک لە وتەیەکدا بەخێرهاتنی میوانەکانیان کرد و دواتر دوو هونەرمەندی بەتوانا ئاراد ئەمامغولو و سامان ئەلیاس باسیان لەمێژووی دێرینی ئامێری دەف و زورنا بۆ ئامادەبووان کرد و دواتر چەند پارچە میوزیکێکیان پێشکەش بەئامادەبوان کرد، بەهۆی خۆشی موزیکەکەوە ئامادەبووان کەوتنەجۆش و خرۆش و دواتر دەستکرا بەهەڵپەڕکێی کوردی و پۆڵۆنیەکانیش بەمنداڵ و گەورەوەبەشداریان لەهەڵپەڕکێی کوردیدا کرد و هەوڵی فیربوونی لێدانی دەفیان دا.لەکۆتا بەشی بەرنامەکەدا، ئامادەبوان ڕێزیشتنە ناوەندی شار و بەئاڵای کوردستان و هەڵپەڕکێ و میوزیکی کوردیەوە سەرنجی سەرجەم هاوڵاتیانی ئامادەبوویان بۆ لای خۆیان ڕاکێشا ، زۆرێک لەهاوڵاتیان لەو لاتەدا پرسیاریان لەناو و شوێنی ئاڵا و جۆری ئامێرە میوزیکیەکە دەکردو وێنەو ڤیدیۆیان تۆمار دەکرد، لەوێدا دەرفەتێکی باش ڕەخسا بۆ زیاتر ناساندنی کەلتووری کوردی بەئامادەبووان. بڕیارە ئەمڕۆ لە کۆتا ڕۆژی فیستیڤاڵەکەدا بەرنامەیەک تایبەت بەکوردستان سەبارەت بەسیستەمی ڕێنووس و دیالێکتی کورد و چیرۆک بۆ منداڵان ساز بکرێت، هەروەها کورتەفیلمی ''کراکۆڤی من، کوردستانی من'' پێشکەش دەکرێت و دواتر نوێنەری حکومەتی هەرێم لە پۆڵەندا بەشداری پانێلێک دەکات و زیاتر کەلتووری کوردی بەئامادەبوان ئاشنا دەکات.

سەرتاشێک بەئاگر پرچی هاوڵاتیان ڕێک دەخات

ئەحمەد حەلاق: هەرنەخشێک دژ کورد و کوردستان بێت بەهەر نرخێک بێت ناینەخشێنم

بەرهەم شێخ عزەدین

ئەحمەد ئاسۆ ناسراو بە (ئەحمەد حەلاق) ئەولاوە خوێن گەرمە شارەزاییەکی بێوێنەی هەیە لەهونەر سەرتاشین ،ئەم لاوە قسەی بۆخەبات کرد و گوت: پیشەی سەرە کیم سەرتا شییە سەرتا شی هەم بۆتە هۆکاربۆ بژێوی ژیانم هەمخولیاشمەماوە 6ساڵە کاری سەرتاشی دە کەم،ئەحمەد دەربارە ئەوهونەرە جوانە فێربووە گوت: لەڕێگای (یوتیوبەوە) فێری هونەر سەرتاشی بووم ئەوکەسانەی سەردانی من دەکەن هەموو جۆرە چین وتوێژێکن، بەڵام بۆ نەخش منداڵان زیاتر حەزدە کەن



نەخشیان بۆ دروست بکەم ، نەخشیش هەموو جورە نەخشێک دروست دەکەم تە نها شتێک دژی کورد و کوردستان بێت بەهیچ نرخێک دروست ناکەم، ئەحمەد زیاتر گوت: من یەکەم سەرتاش بووم کەنەخش و هونەری وێنە کێشان لەسەرتاشینم هێنایە کوردستان ، و. دوای من زۆر سەرتا شی دیکەش هەڵساون بەوکارە، و من زۆر دڵ خۆشیشم بەوە ،دەربارە کاردانەوە کارەکە لەناوخەڵک و میدیا ئەحمەد گوت:تا ئێستا زۆر بەی کەنالەکان بانگهێشتیان کردوم، لۆگۆ زۆربەی کەنالەکانم دروست کردووە ،خەڵکیش زۆرسەرسامن و خۆشەویستیان هەیە بۆکارەکەم. ئامانجی منیش بو ئەوکارە ئەوە یە کەخزمەت بەخەڵکی وڵاتەکەم بکەم ،بەجیهان بڵێین ئێمەش دەتوانین داهێنان بکەین. دەربارە داهێنانەکان لەداهاتوو ئەحمەد گوت: لە دا هاتو بۆ سەر ساڵی نوێ کورد واتا نەورۆز لەبەرنامەم دایە کارێک بکەم کوردی پێ سەرسام بکەم واتە دە بێتە سوپرازێک گەورە.

هونەرمەند عەدنان کەریم ئەلبومی "شەوبا" بڵاوکردەوە

هونەرمەندی بەناوبانگی کوردستان عەدنان کەریم نوێترین ئەلبومی خۆی لە هۆڵی سینەما سالم لە شاری سلێمانی بڵاوکردەوە، ئەلبومەکە سێ گۆرانی لەخۆدەگرێت و تێکستی گۆرانییەکان لە هەرسێ هۆنراوەی گریانی نیوەی شەو، ئەشق و ئازادی و گۆمی خوێن-ی هێمن موکریانی وەرگیراوە عەدنان کەریم لەمیانی پێشکەشکردنی وتاریکدا لە مەراسیمەکەدا، ئاماژەی بەوەکرد" کە دەیەوێت ئەلبومەکەی لەبری ناوەندەکانی فرۆشتنی سیدی، لە کتێبخانەکاندا بفرۆشرێت".عەدنان کەریم، لە ساڵی 1963 لە شاری کەرکوک لەدایک بووە، هەر لە منداڵیەوە لە سلێمانی دەژی، کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی بەشی شێوەکاری تەواوکردووەو ئێستا مامۆستای کۆلێژی هونەرە. هونەرمەند خاوەنی چەندین ڤیدیۆ کلیپ و ئەلبوومی گۆرانییە و دەنگێکی تایبەت و ڕەسەن و خاوەن لایەنگرێکی زۆرە.



شەڕی نێوان ئەحلام و ئەساله گەرمتر دەبێت!



تەواوی میدیای هونەری عەرەب ماوەی چەند ڕۆژێکە سەرقاڵی شەڕی نێوان ئەحلامی ئیماراتی و ئەسالەی سوریە ، شەڕەکەی ئەمجارەش بە لێدوانێکی ئەحلام دەستی پێکردەوە کە گوتبووی هەرگیز بیر لە پێک هاتنەوە ناکەم لەگەل ئەساله چونکە لە ژیانی هاوڕێیەتی خۆم دەرم کردووە. لەبەرامبەریشدا ئەساله گرتە ڤیدیۆیەکی خۆی لەگەل ئەحلام لە ئەنستگرام دابەزاندبوو ، کە تێدا بەگاڵتەجاریەوە دەڵێ: بفەرموون بزانن کەس لەم مەخلوقە تێدەگات...؟! بەم جۆرەش ئەگەری هەیە ڕۆژانی داهاتوو ئەم شەڕە، ببێتە جەنگێکی مەیدانی لە نێوان ئەحلام و ئەساله‌دا.



بەکارهێنەرانی FaceApp لەڕووی دەروونییەوە بناسە

ڕکابەرییەکی نوێ لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوبۆوە لەکاتێکدا هەموان دەیانەوێ بزانن دوای بەسالاچوون شێوەی ڕوخسارو دەم و چاویان چی لێ دێت، ئەم ئەپڵیکەیشنە، کە بە FaceAppناسراوە کەسانێکی زۆر گاڵتەجاری پێ دەکەن. پزیشکێکی دەروونی شیکاری بۆ ئەو کەسانە دەکات کە بەکاری دەهێنن. لەمبارەیەوە دکتۆر جەمال فرویز ڕاوێژکاری پزیشکی دەروونی دەڵێت: شیکاری دەروونی ئەو کەسانەی ئەپڵیکەیشنەکە بەکاردەهێن بۆشایی مێشک و ژیری و ڕۆشنبیریان هەیە. هەروەها دەرکەوتووە کەبەکارهێنەرانی ئەپڵیکەیشنەکە ئەوروپای خۆرەڵات و عەرەب و وڵاتانی باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیایە. جێی بیرهێنانەوەیە میکانیزمی کارکردنی ئەپڵیکەیشنەکە بەگرتنی وێنەیەکی سێڵفییە و دواتر لەڕێی ئەپەکەوە دەتوانی شێوەی ڕوخسارت بەپیری ببینی یاخود بەمێردمندالی.